# قورئان
# كتَيبي تاوان، دزي و دووبارةكردنةوةي
# ئةفسانةكانة

( هەڵویستی کۆمونیستی زانستی لە بارەی ئاینەکان)

سةلام عةبدولَلآ ئيبراهيم

18.2.2003

## هەڵویستی کۆمونیستی

## زانستی

## لە بارەی ئاینەکان

## (تەورات، ئەنجیلەکان و قورئان)

لە سەرتاپای مێژووی مرۆڤایەتی باس لە کۆمونیزم کراوە، هەر لە کۆمونیستی ئیسلام[1]، کۆمونیستی مەسیحییە سەرەتایەکان[2]، کۆمونیزمی کرێکاری پاش١٨٣٠[3]، کۆمونیستە شۆڕشگێرەکانی فەرەنسا وەك ڤایتلینگ، کۆمونیستی فۆریە، کابێ[4] تا دەگاتە کۆمونیستی سەرەتایی خێڵ و عەشرەتەکانی وڵاتانی مەکسیك، پیرۆ، هیند، ئەفریقا[5] و وڵاتانی ئاسیا. هەروا بە درێژایی مێژوو، بزووتنەوەیەك، چینێك نییە، ناوی یا "نیازی"سۆسیالیزمی هەڵنەگرتبێ، هەر لە سۆسیالیزمی قەشەکان، سۆسیالیزمی دەرەبەك، سۆسیالیزمی وردە بۆرژوا[6]، سۆسیالیزمی نازی، سۆسیالیزمی عەرەبی، تا دەگاتە سۆسیالیزمی کوردی...هتد. بەڵام ڕق و قینەی ئەم بزووتنەوانە و ماشینی پڕوپاگەندەکانیان ئاراستەی کۆمونیزمی زانستی دەکرێت، دژی کۆمونیستی مارکس و ئەنگلس! بۆ؟

---

1/ لەبارەی مێژووی یەکێتی کۆمونیستەکان، ئەنگلس.بەئەلمانی.

2/ دەربارەی مێژووی مەسیحییە سەرەتایەکان، ئەنگلز، جلد٢٢،لاپەڕەی ٤٤٧–٤٧٣، بەئەلمانی.

3/ هەمان سەرچاوە.

4/ بڕوانە بەیاننامەی پارتی کۆمونیس، مارکس و ئەنگلس، لاپەڕە٧٢–٧٣، بە کوردی.

5/ مارکسیزم و ئەفریقا، ئیغۆر ئەندریڤ، بە زمانی عەرەبی، لاپەڕە ٣٠–٣١ .

6/ بەیاننامەی پارتی کۆمونیستی، لاپەڕەی ٦٠–٦٨.

لەبەر ئەوەی ئەم دوو بلیمەتە، ئەو هەموو بیروبۆچوونە کۆمونیست و سۆسیالیستانەی مێژووی مرۆڤایەتی، لە خەیاڵ، نەتەوە، لە خوا و ئاینەکان رزگار کرد، هەموو فرتوفێڵی چینەکانی تریان تەفروتوناکرد، بنەمای واقیعی خوێنمژانەی هەموو شێوە دەسەلاَت، بەرهەمهێنان، شەڕوشۆڕ، ڕەوشت و بازرگانەکانیان ڕسوا کرد و ئەڵتەرناتیڤی خۆیان لە بەیاننامەی پارتی کۆمونیستیان ڕاگەیاند، بۆیە: (هەموو هێزەکانی پیرە ئۆروپا بۆ ڕاونان و جێپێ لەقکردنی، لە پەیمانێکی پیرۆزدا یەکیان گرتووە: هەر لە پاپا و قەیسەرەوە تا دەگاتە مەترنیخ و گیزۆ، لە رادیکاڵەکانی فەرەنساوە تاوەکو پۆلیسەکانی ئەلمانیا...)[7]. ئەم بارودۆخە ئێستایش بەهەمان ڕێوڕەسم تێدەپەڕێت!!

ئەوە هەزاران ساڵە، تێفکرینی ماددی وەك هەر دیاردەیەکی تری ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بوونی هەبووە، ململانی خۆی لە گەڵ بۆچوونەکانی تر کردووە و دەکات. بەداخەوە ئێمە تا ئێستا لەم بارەیەوە، زانست، نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی وامان نەبووە بە زمانی کوردی، بۆیە بەشێوەی جۆراوجۆر زۆر کورتمان هێناوە، دوور بووین لە بەکارهێنانی میتۆدی زانستیانە. ئێمە لەلایەکەوە ئەرکی تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە بۆ مێژووی ئیسلام و ئاین بەگشتی و کەلەپورەکەیمان بەجێ نەهێناوە و لەولاشەوە، هەڵوێستی کۆمۆنیستی لە بارەی ئاینەوە نەخستووەتە بەر دەستی جەماوەر. ئەم هەوڵە، هەنگاوێکی زۆر سەرەتاییە بۆ تێگەیشتن لە

[7]/ هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٣٢، بە کوردی.

هەڵوێست و بۆچوونی دامەزرێنەرانی بیری شیوعییەتی زانستی لەبارەی ئاینەکان بەگشتی و ئیسلام.

لودڤیگ فیورباخە(١٨٠٤-١٨٧٤) لە ١٨٢٨، لە دژی مەسیحییەت، کتێبی (یەکێتی جیهانی و بێ کۆتایی ئەقڵ)نووسی و پەیوەستە بە لێدوان لەبارەی مەرگ، دەرەوەی بوون و یەزدان. لەم کتێبە دەنووسێت: (ئێستا پێش هەموو شتێك ئەمە دەخوات، درزی نێوان دنیوەی و دەرەوی دنیا لەناو ببەین، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بە هەموو گیان و دڵیەوە، لەسەر خۆدی خۆی، لەسەر جیهانەکەی و ئێستایدا لێ ورد ببێتەوە)، لە کتێبی(بنەمای فیلسوفی دواڕۆژ) دەنووسێت: (ئەگەر دەسپێکی فەلسەفەی کۆن ئەم ڕستەیە: من ئەبستراکتێکم، بوونێکم، تەنها بیردەکەمەوە، جەستەم موڵکی بوونی خۆم نییە، ئەوا فەلسەفەی نوێ لە دژیدا بەم ڕستەیە دەست پێدەکات: من حەقیقەتێکم، بوونێکی خاوەن مەغزم، جەستەم موڵکی بوونمە، ئەرێ، جەستە بە تۆتالیتارێکەیەوە هی خودی منە، خودی بوونی منە.[8]). لە کتێبی(ناوەڕۆکی ئاین)دا، لە ئاین و بوونی یەزدان دەکۆڵێتەوە. تێدا هاتووە: (بابەتی مرۆڤ، شتێکی تر نییە، غەیری بابەتی خودی بوونی. چۆنێتی بیرکردنەوەی مرۆڤ،، چۆنێتی خۆشەویستی و خواکەیشی هەر وایە. بەهای مرۆڤ چەندە، خواکەیشی هەر ئەوەندە بەهای هەیە. هوشیاری یەزدان، بەقەد هوشیاری خودی مرۆڤە. لە خواکانییەوە دەتوانین مرۆڤ بناسین، بەهەمان شێوەیش، لە مرۆڤەوە خواکەی. هەردووکیان یەك شتن. ئەوەی مرۆڤ ناوی یەزدانی لێ دەنێت، هەست و ڕۆحی خۆیەتی. ڕۆح،

8/ ئەتائیزمی ئەنترۆپۆلۆگی لودڤیگ فۆیەرباخ، لە ئینتەرنێت وەرمگرتووە.

هەســـت و دڵـــی مـــرۆڤیش، یەزدانەکەیـــەتی....(لاپـــەڕی ٩٥-٩٨)[٩]. لـــە (ناوەڕۆکی مسیحییەت)دا دەڵێ: نەك تواندنەوەی ئاین، بـەڵکو دۆزینـەوەی بـوونی ڕاسـتەقینە. تاوانبـارکردنی بێبناغـەی مـن ئەوەیـە کـە بـە پێـی نووسینەکەم، ئاین بێ مانایە، هیچە و وەهمە...(لاپەڕەی ٦٦)[١٠].

مـــارکس و ئـــەنگلس لـــە ئیـــدۆلۆژی ئەلمانییـــدا[١١]، زۆر لـــە بۆچوونەکانی(فیورباخ)یش هەڵدەوەشێننەوە، بەمیش قایل نابن، پشت بـە لێکۆڵینـــەوە فەلســـەفی و مێژووییـــەکانی خۆیـــان دەبەســـتن لـــەبارەی گەشەسەندنی ماددی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. لە کتـێبی ناوبراو دەڵێن: بە پێچەوانەی فەلسەفەی ئەلمانی کە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەمین دادەبەزێت، لێرەدا(لە نووسینەکەی خۆیان) سەرکەوتن لە زەمینـەوە بـۆ ئاسمـان بـەدی دێـت. بـە وتنێکـی تـر، دەسـتپێکردن بـەوە ناکرێـت، مرۆڤەکان چی دەڵـێن، تـەوهومی دەکـەن و چۆنی بۆ دەچـن، بۆ ئـەوەی پاشان بە مرۆڤ بگەین کە پێکهاتووە لە گۆشت و خوێن، نـەخێر، بـەڵکو لـە مـرۆڤ و چـالاکییە واقعییەکەیـەوە دەسـتپێدەکرێت، بەهـەمان شـێوەیش، تەسەوری گەشەسەندنی پەرچدانەوە و دەنگدانەوە ئیدۆلۆژییەکان بـۆ ئـەم گەشەسەندنە ژیانییـە، بـە دەسـتپێکردن لـە گەشەسـەندنی ژیـانی واقیعـی دەســـتپێدەکات. تەنانـــەت ئـــەو خێوانـــەی نـــاو مێشـــکی مـــرۆڤ، بەرزکردنەوەیـــەکن، کـــە وەك پێداویســـت لـــە گەشەســـەندنی ژیانـــە مەتریالیســـتەکەیانەوە دەرچـــووە، دەکرێـــت بـــە ئەزموونگـــەرێتیش

---

[9]/ هەمان سەرچاوە

[10]/ هەمان سەرچاوە

[11]/ بابەتی(بەرامبەرکێی تیئۆری مەتریالست و ئیدیالیست،لاپەڕە٢١-٣٣).

لێپێچینەوەی لێ بکرێت، کە پشتی بە بنچینە مەتریالەکانەوە بەستووە. لەبەر ئەمەیە، ڕەوشت، ئاین و میتافیزیك و هەموو پاشماوەکانی تری ئیدۆلۆژیا و فۆرمەکانی هوشیاری بەرامبەری، یەکسەر ڕەواڵەتی گشت ڕەواڵەتەکانی سەربەخۆیی خۆیەکەی لەدەست دەدا. ئەوانە خاوەن مێژوو نیین و هیچ گەشەسەندنێکیان نییە، مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە، لەو کاتەی مرۆڤەکان گەشە بە بەرهەمهێنان و پەیوەندییە مەتریالەکانیان دەدەن، بەهەمان شێوە، بەخۆشیان هەڵدەستن بە گۆڕانی بیر و بەرهەمەکانی بیریان لە گەڵ ئەو واقیعەی کە تایبەتمەندە بە خۆیانەوە. هوشیاری، ژیان دیاری ناکات، بەڵکو ژیان خۆی هوشیاری دیاری دەکات... هتد.

لە کتێبی(خێزانی پیرۆز)دا، هەڵویستی کۆمونیستی لە ئەتاییزم جودا دەکەنەوە، مەرج نییە ئەوەی ئەتائیست بێت، بڕوای بە کۆمونیزم هەبێت، و دەنووسن: (ئەمڕۆ، چیتر ڕەخنەگرتن لە ئاین ناوی ئەتاییزم نییە، بەڵکو زانست. ئەتاییزم ڕەخنەگرتنە لە ئاسمان، بەڵام پێویستی بە تێگەیشتن و ڕەخنەگرتن هەیە لە زەمین و دەسەڵاتبوونی مرۆڤ بەسەریدا. ئەتاییزم"ئاینێکی ڕەخنەگرە"...دوا قۆناغی تاییزم(التألیه)...باوەڕپێهێنانی نەگەتیفانەیە بە خودا.)[12]

... بەبێ گومان وتەکەی فیورباخ هەڵەیە، کە ئێژێ: "قۆناغەکانی مرۆڤایەتی تەنها لەتوێی گۆڕانکارییە ئاینییەکان جوێ دەکرێنەوە". خاڵە

---

[12]/ مارکس و ئەنگلس، جلدی ٢، لاپەڕەی ١١٦.

وەرچەرخانە گەورەکانی مێژوو لەگەڵ گۆڕانکارییە ئاینییەکان دەبوو، بەپێی ئەو سێ ئاینە جیهانییە: بودابیزم، مەسیحییەت و ئیسلام.[١٣]

ڕۆڵی ئاین ئەوە بووە، پرۆسەی ڕزگارکردنی مرۆڤی کردووە بە بابەتی ئاسمان، لەوێ کۆتەکانی دەپچڕێن، برسێتی و ئازاردانی کۆتایی پێدێت، لەوێ کویلایەتی دەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخ! ڕێک لە پاش مردنی مرۆڤ! !ئەم دوو بلیمەتە دەگمەنانە، هاتوون بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە، دەڵێن: (... بەڵام ئەم سیستێمە خوێنمژە، لەهەموو سەردەمە کۆنەکانەوە، لە ژێر پەردەی جۆراوجۆری ڕەوشت، ئاین، بیانوی سیاسی بەکاردەهێنن: قەشە، فیلسوف، یاساناس و پیاوانی دەوڵەت بۆ گەل دەگێڕنەوە کە ئەوە بۆ باشی خۆیانە، خوا وای ویستووە ئێوە ببن بە میراتگەری برسێتی و کلۆڵی...)[١٤]

ئەنگلس لە (دەربارەی مێژووی مەسیحییە سەرەتاییەکان)[١٥] دەڵێ: باشترین سەرچاوەمان لەبارەی مەسیحییە سەرەتایەکان، ڤۆلتێری کلاسیکی سەردەمە کۆنەکانە(لوسیان فۆن ساموساتا)یە، کە دژی گشت شێوە باوەڕێکی ئاینی بووە و یەکسەر بە گومانەوە لەگەڵیاندا بەرخوردی کردووە، بەبێ ئەوەی بڕوای بە ئاینی هایدن یا هۆیەکی سیاسی هەبێ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز لە گەڵ مەسیحییەکان مامەڵە بکات وەك لە گەڵ کۆمەڵەیەکی ئاینی تر دەیکات. بە پێچەوانەوە، گاڵتەجاڕی بە بڕوای

---

13/ ئەنگلس(فۆیەرباخ و دەسپێکی فەلسەفەی ئەلمانی کلاسیك،جلد ٢١،لاپەڕە٢٨٣–٢٩١

14/ ئەنگلس لە(دەیان هەزار پرسیار)، جلدی٧، لاپەڕەی ٢٢٦–٢٣٢

خورافی هەر هـەموویان دەکـات، کـەمتر گاڵتـە بـە جوپیتـەر پەرەسـتەکان ناکات لەوەی بە مەسیحپەرەستەکان دەکات. بۆ ئەو هەڵویستە ئاستنزمە-ڕاستیونالەیان، جۆرە خورافییەکیان وەك ئەوی تریان گێلە....)[16]

(ڕۆزا لۆکسۆمبۆگ)یش لەبارەی ئاینەوە دەڵێ: (... لە ڕاسـتیدا، پـوول و ئاین دوو بەرهەمی کلتوری بەهێزی مرۆڤایەتین، بەڵام هەردووکیان، ڕەگیان لە پەیوەندییەکی کاتی دیاریکرودا داکوتـاوە و چـۆن دامـەزران، ئـەوها لـە گەڵ کاتدا، بێکەڵك دەبن)[17]

لە وتاری(وەزارەتی دوژمنانی شۆڕش)دا مارکس بەتەوەسەوە بـەم دێـڕە تەواو دەکات: بۆ پێشەوە لە گەڵ یەزدان، لە پێناوی پاشا و نیشـتیمان![18] ئێمە چۆن ئەم درۆ و دەڵەسەیە بنبڕ بکەین؟ چ بکەین ئەم چەکە قیزەوەنە بخەینە شوێنی شیاوی خۆی؟ وەك هەنـدێ لـە ڕابـەرانی کۆمۆنـەی پـاریس بکەین؟ بە بڕیـار لـە سـەرەوە، چـالاکی ئـاینی قەدەغـە بکـەن؟ مزگـەوت، کڵێسا و سیناگۆگەکان بسوتێنین؟ نـەخێر! ئـەنگلس دەڵـێ:( ئـەمڕۆ تاقـە خزمەتێك کە مرۆ بە خـوا بکـات، ئەوەیـە، ئـەتائیزم بـە شـێوەی زۆرکـاری بکات بە ڕاگەیاندنی بابەتی بڕوا)[19].

ئێمە ئەو کاتە دەتوانین بنەماکانی بـیری ئـاینی کـە خـۆی لـە نـامۆکردنی مرۆڤ لە خۆی و لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ببینینەوەو لـەناو ببـەین،

---

[16]/ ئەنگلس، دەربارەی مێژووی مەسیحییە سەرەتایەکان، جلد٢٢،لاپەڕەی٤٤٧-٤٧٣

[17]/ ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، دەستپێك بۆ ناو ئیکۆنۆمی ناسیونال، لاپەڕەی٧٢٧-٧٣١

[18]/ مارکس و ئەنگلس، جلد٥،لاپەڕەی ٤١٤، ١٨٤٨

[19]ئەنگلس، جلد١٨،لاپەڕەی٥٣١-٥٣٢

کاتێـك چەوسـانەوەی مـرۆڤ لەلایـەن مرۆڤـەوە لـەناو دەبـەین و هـەموو پێداویستە ماددی و ڕۆحییەکانمان دابین دەکەین.

هـەروا (مـارکس)یـش لـە سـەرمایەدا دەڵـێ: ( تەکنـەلۆژیا پـەردە لەسـەر ڕەفتاری ئەکتیڤانـەی مـرۆڤ لـە گـەڵ سرووشـت و پرۆسێسـی ڕاسـتەوخۆی بەرهەمهێنانی ژیانی لادەبات و لە تەکیشدا پەردە لەسـەر پەیوەندییـەکانی ژیانە کۆمەڵایەتییەکەی و بۆچوونی کۆتاییی هێنان بە ئازارە ڕۆحییەکـەی، لادەبات[٢٠].

له کۆتایی ١٨٤٣ تا یەنوەری١٨٤٤[٢١]

لە پێشەکییەك بۆ ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی یاسای هیگیلی.

مارکس لە یەکەم دێڕیدا دەنووسێت: (بۆ ئەلمانیا، ڕەخنەگرتن لە ئاین، لە ناوەڕۆکدا کۆتایی پێهات و ڕەخنە لە ئاین، هیپۆتێزە(پێش مەرج)ی هەموو ڕەخنەکانە.). و دەڵێ: ( فۆندەمێنت(بنەڕەتی)ی ڕەخنەی بێ دینەکان ئەمەیە: مرۆڤ ئاین درووست دەکات، ئاین مرۆڤ درووست ناکات. و ئەویش ئەوەیە کە ئاین هوشیاری و هەستی خودی مرۆڤە کە هێشتا یا موڵکی خۆی نییە یا دیسا خودی خۆی وون کردووە. بەڵام مرۆڤ ئەپستراکتێك نییە، بوونێك نییە لە دەرەوەی گەردوون دانیشتبێت. مرۆڤ، جیهانی مرۆڤەکانە، دەوڵەت، کۆمەڵەیە. ئەم دەوڵەت و کۆمەڵەیە ئاین بە بەرهەم

---

20/ سەرمایە، جلدی ١،لاپەڕەی ٩٤

21/ تێبینی: لێرەوە، وەك وتارێك نووسیم لە ژێر ناوی(بەڵێ مارکس دوژمنی سەرسەختی ئاینە)، وەك ڕوونکردنەوەیەك بوو لەسەر بابەتەکەی هاوڕێ هادی مەحمود(مارکس و هەڵوێست لە ئاین، ڕێگای کوردستان،ژ٤٧٢لە ٩/٢٤). سەرەڕای چەندین بۆچوونی درووست، بەباشی لە بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلس ورد نەبووەتەوە. بەگشتی خزمەتێکی ئێجگار گەورەی کرد، بەوەی، لەم بارەوە، ئاستی هەڵویست و بڵاوکردنەوەی کۆمونیستی زانستیانە بۆ پێشەوە برد. بەباشم زانی ئەو بەشە بکەم بە بەشێك لەم نووسینە.

دەهێنن، ئەمە هوشیاری لنگەوقوچە بۆ جیهان، چونکە جیهانێکی لنگەوقوچە. ئاین تیئۆری گشتی ئەم جیهانەیە، ئینسیکلۆبیدیای کورتکراویەتی، لۆژیکێتی لە فۆرمێکی پۆپۆلیستانە، point-d honneur ڕۆحییەکەتی، (حەماسەکەیە)، ڕەوشتە باشەکەی، تەواکەری ئاهەنگەکانی، دڵدانەوەی گشتی هۆی بیانوهێنانەکانیەتی. ئاین بەئەنجام گەیاندنی ئەندیشەیی بوونی مرۆڤە، چونکە بوونی مرۆڤ واقیعی ڕاستەقینەی بەدەست نەهێناوە. کەواتە، خەبات لە دژی ئاین بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، خەباتێکە دژی ئەو جیهانەی، بۆنخۆشە ڕۆحییەکەی، ئاینە. دەستکورتی ئاینی لەلایەکەوە جۆرێکە لە دەربڕینی دەستکورتی حەقیقی، لەولایشەوە پرۆتێستێکە لە دژی. ئاین هەناسەکێشانی بەندەی لێقەوماوە، ویژدانی جیهانێکی دڵڕەقە، وەك چۆن ڕۆح، بارودۆخی بێ ڕۆحییە. ئاین تلیاقی گەلە.

لەناوبردنی ئاین وەك بەختەوەری وەهمی گەل، داواکارییەکە بۆ بەختەوەرییە ڕاستەقینەکەی....ئاین تەنها ئەو خۆرە وەهمییەیە کەخۆی لە دەوری مرۆڤەکان دەسوڕێنێتەوە، تا مرۆڤ خۆی هەڵنەستێت بە سووڕان بە دەوری خۆیدا...ڕەخنە لە ئاسمان دەگۆڕێت بە ڕەخنە لە زەمین، ڕەخنە لە ئاین، بە ڕەخنە لە یاسا،ڕەخنە لە تیولۆگی دەبێت بە ڕەخنە لە سیاسەت... جەنگ لە دژی بارودۆخە ئەلمانییەکان! بێگومان! ئەمانە لەژێر ئاستی مێژوون، لەژێر ئاستی هەموو ڕەخنەکانن، بەڵام دەمینێنەوە وەك بابەتێك بۆ ڕەخنەگرتن، وەك ئەو تاوانبارەی کە لە لەژێر ئاستی هومانیتێت ڕاوەستاوە، وەك

حاڵەتی جەلاد دەمینێتەوە...–سەرچاوە:مارکس و ئەنگلس، جلدی١،لاپەڕەی ٣٧٨–٣٩١، دەزگای ڕاگەیاندنی دیتس، بەرلین، ئەلمانیای ڕۆژهەلآت، ١٩٧٦).

– لە ئیدۆلۆژی ئەلمانی، کە یەکێکە لەشاکارە زانستییە هەرە گرنگەکانی مارکس و ئەنگلس، بەشێوەیەکی دەگمەن، بۆچوونە زانستییەکانیان لە دژی فەلسەفەی ئەلمانی پاش هیگلیان داڕشتووە، بە شێوازێکی توند و بە گاڵتەجاڕییەکی پڕ سەیروسەمەر ناویان لێ دەنێن: مەڕ، جاکی گێل، دۆن کیشۆت، باوکانی کلێسا، سانشۆی پیرۆز، کەر، ئەحمەق. هتد...) و لەدژیاندا دەنوسن. لێرەدا هێرشێکی بەرفراوان دەکەن لەسەر هەموو بنەماکانی بیری ئاینی و بۆچوونی خاوەنەکانیان(برونو بویر، ماکس شتێرنەر، کوغلمان و غرون و ئەوانی تر)و سەرکەتووانە وردوخاشیان دەکەن. جارێ لە پێشەکییەی(ئیدۆلۆژی ئەلمانی)یدا، دەنووسن:(مرۆڤەکان تا ئێستا، بەبەردەوام، بۆچوونی هەڵە لەبارەی خۆیان، ماهییەتیان و دەبێ بە چی ببن، هێناوەتە دی. پەیوەنییەکانیان بە گوێرەی بیروباوەڕیان لە بارەی خوداو مرۆڤی ئاسایی...هتد ڕێکخستووە. بەرهەمەکانی مێشکیان ئەوەندە گەورە بوون تا بەسەریاندا زاڵبوون، خۆیان خولقێنەرن، کەچی لەبەردەم مەخلوقەکانیاندا بەچۆکدا دێن. کەواتە با ئازادیان بکەین لەو خەیاڵ و بیرو بۆچوون و بوونەوەرە خەیاڵیانە کە لەژێریدا دەناڵێنین، رزگار بکەین. دەبا ڕاپەڕین لە دژی دەسەلآتی ئەم بیروباوەڕانە. دەبا مرۆڤەکان فێرکەین، ئەو ئەم وەهمانە بە بیرێك بگۆڕنەوە کە بەرامبەری

ماهییەتیان بێت، وەك یەکێکیان دەڵێت....جارێکیان پیاوێکی ئازا لەو بڕوایەدا بوو، مرۆڤەکان بۆیە دەخنکێت، چونکە فکری قورسبوون دەیانگرێت.....

بۆ نموونە: لە لاپەڕەی ١٥٨گاڵتەجاڕییەکی بیٚ سنوور دەکات بەم ئاغایانە:( هەروا لێرەدا دەبینین ئاسمان دەکرێتەوە و نەوعە جۆراجۆرەکانی جنۆکە یەك لەدوای یەك لەبەرچاومان هاتوچوو دەکەن. تەنها(جاك)ی گێلەپیاو لەبیری دەچێت کە لە سەردەمە دێڕین و نوییەکاندا، ئەم هەموو جنۆکە زلهێزانە بەبەرچاومادا پێشاندا کە هەموو ئەو وەهمە بیٚ ئەزیەتانە نین لەبارەی خودا...هتد، تەنها قسەی بیٚ کەڵکن لە بەراورد لە گەڵ ویدا....

– لە بابەتی تێزەکان لەبارەی فیورباخ:

+ پەرەگرافی٤: فیورباخ لە فاکتی نامۆبوونی ئاینی خود، لە دووگانگی جیهان بۆ جیهانی ئاینی وەهمی و جیهانێکی واقیعی....بۆ نموونە، پاش ئەوەی خێزانی سەر زەمین وەك نهێنی خێزانی پیرۆز دەرکەوت، ئەوا دەبیٚ ئێستا یەکەمەکە لەباری تیئۆری ڕەخنە لە خۆ بگرێت و لە پراکسیسدا بگۆڕدرێت.

+ پەرەگرافی ٥: فیورباخ ئاسوودە نییە لە گەڵ بیری ئەبستراکت، بانگەوازی تێڕوانینی هەستانە دەکات، بەڵام جیهانی هەستکردن وەك چالاکی عەمەلی هەستەکانی مرۆڤ تێناگات. بە عەرەبی بەم جۆرە وەرگێڕاوە(ان فيورباخ، الذي لايكتفي بالفكر المجرد، يستنجد بالحدس الحسي، لكنة لا يعتبر العالم الحسي بمثابة فاعلية عملية حسية انسانية) –

من کار لەسەر دەقە ئەلمانییەکان دەکەم، ئەمەم بۆ نموونە هێناوەتەوە-.

پەرەگرافی٦:(فیورباخ، ماهییەتی ئاینی لە ناو ماهییەتی مرۆڤایەتی دەتوێنێتەوە. بەلاّم ماهییەتی مرۆڤ ئەبستراکتێك نییە بە هەر تاکێکەوە بە جیا لکابێت. بەلّکو لە واقیعەکەیدا، کۆی پەیوەندی کۆمەلاّیەتییە....

+ پەرەگرافی ٧ :(بۆیە فیورباخ نابینێت کە(ڕۆحی ئاینی) بەخۆی بەرهەمێکی کۆمەلاّیەتییە، ئەو تاکە ئەبستراکتە ئەنالویزەی دەکات، لە ڕاستیدا، سەر بە فۆرمێکی کۆمەلاّیەتی دیاریکراوە.

+ پەرەکرافی ٨: ژیانی کۆمەلاّیەتی، پراکسیسێکی جەوهەرییە. هەموو ئەو نهێنییانەی کە تیئۆری بەرەو سۆفیزم دەبا، چارەسەرە ڕاتسیونالەکەی لە پراکسیسی مرۆیی و لە تێگەیشتن لەم پراکسیسە دەبینێت.

+پەرەگرافی١٠: بۆچوونی هەموو مەتریالیستە کۆنەکان، کۆمەلّگای((مەدەنی))یە، بۆچوونی مەتریالیزمی نوێ، کۆمەلّگای مرۆییە یا مرۆڤایەتی هاوبەش.

+پەرەگرافی١١: فیلسوفەکان تا ئەمڕۆ تەنها جیهانیان بە شێوەی جۆراوجۆر تەفسیرکردووە، بەلاّم گرنگ ئەوەیە، بیگۆڕی.(مارکس و ئەنگلس، جلدی٣، لا پەڕە ٥٥٣، دەزگای بلاّوکردنەوەی دیتس، بەرلین،١٩٦٩.)

– له نامەیەکی ئەنگلس بۆ مارکس(مانشیستەر، لەدەوری ۱۸۵۳/٥/۲٤):

(...پێدەچێت ئەعرابەکان، کاتێك له باشووری ڕۆژئاوا نشتەجێ بوون، گەلێك بوون، له ئاستی شارستانێتی میسری و ئاشوورییەکان، ئەو بیناسازییەی که درووستیانکردووه ئەمه دەسەلمێنێ. ئەمەیش شتگەلێکی زۆر ڕوون دەکاتەوه لەبارەی(الفتح)موحەمەدی....شۆڕشی ئاینی محەمەد، وەك هەر بزووتنەوەیەکی ئاینی، بەڕووکەشی(ردە)یەك بوو، گەڕانەوەیەکی ساختانه بوو بەرەو کۆن، بەرەو سانایی. لەبارەی ئەوەی پێدەڵێن کتابی پیرۆزی جوو، له مێژووی ترادیسیونی ئاینی وخێڵەکی عەرەبی کۆن بەولاوه، شتێکی تر نییه، که ڕاستکراوەتەوه لەژێر کارتێکردنی جیابوونەوەی پێشوەختی له هاوسێ دەمارگیرەکانیان....که فەلەستین له دیووه عەرەبییەکەی تەنها به بیابان و زەویی بەدووەکان دەوروبەری گیراوه، پەرەسەندنی جیاواز ڕوون دەکاتەوه. بەڵام نەقشه عەرەبیه کۆنەکان، داب و نەریت، قورئان، و ئەو سانابییەی که ئێستا دەتوانین هێمای هەموو ڕەگەزەکان بکەینەوه...هتد، ئەم ڕاستییه دەسەلمێنێ: ناوەڕۆکی سەرەکی عەرەبیی بووه، باشتر بڵێم به گشتی سامی بووه، وەك حاڵەتی پاڵەوانه ئەلمانەکانەکانی لای خۆمان ئیدا، ساغا...

دڵسۆزت

ف.إ

- له نامەیەکی تر له ئەنگلس بۆ مارکس(مانشیستەر، له ٦/حوزەیران١٨٥٣)

.....لەو بڕوایەدام که داڕوخانی بازرگانی له باشووری دوورگەی عەرەب پێش محەمەد، که تۆیش زۆر بەدروستی وای دادەنێی، که یەکێك له هۆ سەرەکییەکانی شۆڕشی محەمەدی بووە....پێشی ٤٠ساڵ له هاتنی محەمەد حەبەشێکانیان دەرکرد، ئەمە یەکەم کار بوو بۆ بێداری هەستی نەتەوایەتی عەرەبی. هێرشەکانی فارسەکان له باکورەوە پاڵی پێوەوەنان، تا له(مکه)یش نزیك دەبوونەوە. بەم زووانە، پاش چەند ڕۆژێکی تر، بایەخ بە مێژووی خودی محەمەد دەدەم، هەرچییەك بێت، تا ئێستا وای دەبینم که پۆی کاری پەرچدانەوەیەکی بەدەوییە له دژی جووتیارە نشتەچیٚ بووەکانی شارەکان که تا ڕادەیەکی زۆر له ئاستی ئاینەکەیان خوێڕی ببوون، ئەوەش بە هەستانیان بە تێکەڵکردنی پەرەستنی بۆگەن بۆ سرووشت له گەڵ یەهودییەت و مەسیحیەتی بۆگەن.....

---

هاینریش هاینە له هۆنراوەیەکیدا دەڵیٚ:

ئێمە، ئاسمان بۆ

فریشتە و چۆلەکەکان

بەجیٚ دەهێڵین.

---

هەر هەموو دەسەلاتدارەکان، بۆ لابەلاکردنی جەنگ و کێبرکێکانی نێوانیان، ئاینەکانیان وەك ئامراز بە کارهێناوەو دەهێنن. مارکس و ئەنگلس لە ووتاری(ئەرمەدا)دا دەنووسن: ئەرمادا—ئەسپانییە، گەورەترین پاپۆڕی جەنگییە، کە لە لایەن پاشای ئەسپانی فیلیپی دووهەمەوە لە ساڵی ١٥٨٨بۆ داگیرکردنی بریتانیا نێردرا، بۆ ئەوەی((خزمەتی خودا بکرێت، و بۆ ناو کڵێساکەیدا زۆر ڕۆحی هێمن بۆ بگەڕێنەوە، کە لە لایەن بێ ئیمانەکانەوە، دوژمنانی بڕوا کاسۆلیکە پیرۆزەکەمان، دەچەوسێنەوە و دەبن بە ژێردەستی دڵتەنگی زێکتەکەیان))[٢٢]. ئەم بانگەوازەی فیلیپ پاشا، هەر هەمان بانگەوازەکەی ناو قورئانە: ( بەماڵ و بەخۆتان لە پێناوی خودادا جیهاد بکەن، ئەمە بۆ خۆتان باشترە گەر پێ بزانن[٢٣]). مارکس لە ووتاری[٢٤]، دەنووسێت: (فریدریشی دووهەم پاشای پرۆیس، پێشنیاری دابەشکردنی یەکەمی پۆڵەندای کرد، بۆ ئەوەی نرخی جەنگی رووسیا—تورکیا دەربکات.).

ئەگەر ئێستا بۆ قورئان بگەڕێینەوە، دەبێ پێشتر بڵێم: نەك تەنها قورئان، بەڵکو تەورات و ئەنجلیش(پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ)، پێشتر لەبەرکراون، پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، لە لایەن چەندین کەسی جیاوازەوە، بەشێوەی جۆراوجۆر نووسراونەتەوە و ئاڵوگۆڕی زۆریان

---

[22]/ مارکس و ئەنگلس، جلد١٤،لاپەڕە١٦٤—١٦٧

[23]/ قورئان، سورەتی ئەلتەوبە. لە سوورەتی ئەنفالیش دووبارەکراوەتەوە

[24]/ پیلانە جەنگییەکانی فەرەنسا و بەریتانیا، جلد١٠،لاپەڕە١١٠—١١٦

**بەسەر هاتووە[٢٥]. بۆ نموونە لە تەورات باسی تەوەفان دەكات، بەلاّم ڕاستییەكەی بە بۆچوونی زنون كوسیدۆفسكی، ئەمەیە: دانیشتیوانی ئاسیای ناوەڕاست پێیان وا بووە، كارەساتەكە(تەوەفان) هەموو جیهانی گرتووەتەوەو گشتی بووە، خواوەند وەك سزایەك بۆ مرۆڤایەتی خەتابار و بە هەڵەچوو، ناردویەتی. چیرۆكی تەوەفان لە نەوەوە بۆ نەوەی تر، لە سەدەوە بۆ سەدەی تر، لە سۆمەرییەكانەوە بۆ ئەكەدی و بابلییەكان. لە میزوبۆتامیا گەیشت بە خاكی كەنعان و عەبرانییەكان بە ئارەزووی خۆیان لایاندا و خستیانە ناو تەوراتەكەیان.)[٢٦]. بە هەمان شێوە، ئەنجلیش چەندین جار نووسراوەتەوە و گونجاندوویانە لە گەڵ ویست و ئارەزووی سەردەم و دەسەلاّتدارە جیاجیاكان.**

**مەبەست لێرە ئەوە نییە، تەنها قورئان بكەم بە نیشانەی ئەم نووسینە، بەڵكو هەر سێ ئاینەكان، وەك دەقی نێردراو لە لایەن یەزانەوە، و منیش وەك خوێنەرێك، دەیانخوێنم و هەڵدەستم بە بەراوردی دەقەكانیان. ئەم ئەركەش، لێكۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی زۆر زۆر هەڵدەگرێ، بەلاّم پاش خوێندنەوەیەكی جدی بۆ قورئان، تەورات و ئەنجیلەكان، بە باشتری دەزانم، تەنها ئەوەی پێویستە بخرێنە پێش چاو. ئومێدەوارم ئەم نووسینە، بەوپەڕی توندییەوە بكەوێتە بەر ڕەخنە و سەرەنجی هەموو لایەك.**

**بەمە دەتوانین پێكەوە "بابل"[٢٧] بكەینەوە، بەخۆمان ببینین چی پێیە:**

---

25/ بۆ نموونە، تەماشای ماڵپەڕی كوردستاننێت بكە، ووتاری قورئانەكان، نووسەر تەها هەڵەدنی.

26/ الاسطورة و الحقيقة في التوراة، ،ترجمة الدكتور محمد مخلوف، صفحة١٨.

27 بابل: وشەیەكی ئەكەدی كۆنە و مانای دەرگای خودا دەدا(لە ئەنجیل بە كوردی سۆرانی)وەرمگرتووە.

لــه یەکــەم بەشــی تەوراتــدا، باســی پێکهــاتنی جیهــان دەکرێــت: شوێنەکەی، دوورگەی عەرەبە، ڕێك یەمــەنی خــواروو! بـە پێـی (الاصـحاح الأول) و بە پێچەوانەی بۆچوونی مارکس! ! نووسراوە: ( یەزدان وتـی مـرۆڤ لە وێنەی خۆمان، لە چەشنی خۆمان درووسـت دەکـەین. دەسـەڵاتدار بـبن لەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و لەسەر ئاژەڵەکان و لەسەر هـەموو ئەوانەی لەسەر زەمینن. و یەزدان، مرۆڤی لە وێنەی خۆی درووستکردووە. لــە وێنــەی یــەزدان درووســتی کــرد. بــە نێـری و مێیـی درووسـتی کـردن. لاپەڕە٤). لە(الأصحاح الثانی، ل٥) نووسراوە: ( یەزدان، ئادەمی خـواوەنـد لە خۆڵ درووستکردو بای ژیانی فووکردە لووتی، ئادەم بـوو بـە نەفسـێکی زیندوو.[٢٨]). لە قورئـان(سـورەتی ئـال عومرانـدا بـە شـێوەیەکی تـر باسـی درووســتکردنی ئــادەم دەکرێــت: (نموونــەی عیســا لــەلای یــەزدان، وەك نموونەی درووستکردنی ئادەمە لە خاك و پاشان پێی گۆ ببە و بوو.) ئەمـە دوو گێڕانەوەی جیاوازە بۆ یەك ڕووداو لەلایەن هـەمان یـەزدانی مـەزن: لـە تــەورات فــوو بــە لــووتی ئــادەم دەکـا و لــە قورئانــدا فــەرمانی پێــدەکات. کامەیان ڕاستە؟!

لە سورەتی پێکهاتنندا نووسراوە: ( و نـارح حـەفتا سـاڵ ژیـا و أبـرام و ناحور و هارانی بوو...لەمـەودوا نـاوت أبـرام نیـە، بـەڵکو نـاوت ئیبراهیمـە، چونکە من دەتکەم بە باوکی گەلێ میللـەت...لـەو باخچـەیەی، ئیـبراهیم لـە

[28] التوراة، الأصحاح الثانی، صفحة ٥: وجبل الرب الاله آدم ترابا من الأرض. ونفخ في أنفه نسمة حيوة. فصار آدم نفسا حية.

القرآن، سورة آل عمران، صفحة ٥٧: إن مثل عيسى عند الله كمثل آدم خلقة من تراب ثم قال له كن فيكون.

**عێلی حث کڕیبوو، لەوێ خۆی و سارەی ژنی نێژران[٢٩]). باسی ژیان و بەسەرهاتەکانی ئیبراهیم لە کۆتایی ئیصحاحی ٢٥، ل٣٨کۆتایی پێدێت. و لە ئەنجیلی (مەتی)یش نووسراوە: منم خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب. خودا، خودای مردووان نییە، بەڵکو خودای زیندووانە...[٣٠]) کەچی لە سوورەتی ئال عومرانی قورئاندا نووسراوە: ( ئەی خاوەن کتێبەکان، بۆچی لە بارەی ئیبراهیمەوە بیانوو دەهێننەوە، تەورات و ئەنجیل تەنها لە باش وی دابەزین، بۆچی ئاقڵ نابن.... و ئیبراهیم نە جوو بوو و نەیش نەصرانی، بەڵکو ئیسلامێکی حەنیفی و لە خوانەناسەکان نەبوو[٣١]).**

**لێرەدا، قورئان، گێڕانەوەکانی تەورات نەفی و بە درۆ دەخاتەوە، بە مەرجێك تەورات پێشی ئەنجیل و قورئان دابەزیووە. هەروا ئەگەر تەماشای ئەنجیلی متی بکەین، دەبینین ئیبراهیم بە کوڕی داود ناوی هێنراوە: (کتێبی لەدایکبوونی یەسوعی مەسیح کوڕی داوود کوڕی ئیبراهیم.)، بەڵام لە تەوراتدا، وەك پێشتر وەرمگێڕاوە، باوکی ئیبراهیم ناوی نارح بووە.**

**لە لاپەڕەی ٥ی تەورات نووسراوە(ڕووبارێك لە عەدەنەوە دەردەهات بۆ ئاودێرکردنی بەهەشت.) واتە بەپێی ئەم دێڕە، بەهەشت لە**

---

[29] / **التوراه، الاصحاح ١١،ل١٨:** وعاش نارح سبعين سنة و ولد أبرام و ناحور و هاران.... الحقل الذى اشتراه ابراهيم من بنى حث. هناك دفن ابراهيم و ساره أمرأته.

[30] / إنجيل متى، الاصحاح الاول: كتاب ميلاد يسوع المسيح ابن داود ابن ابراهيم.

[31] / القرآن، سورة آل عمران، : يأهل الكتب لم تحاجون في ابراهيم و ماانزلت التوراة و الانجيل إلا من بعده أفلا تعقلون... ما كان إبراهيم يهوديا و لا نصرانيا و لكن كان حنيفا مسلما و ما كان من المشركين.

سـەرزەمینە(لـە سـەرزەمین بـووە !). پاشـان نووسـراوە:(لـەوێوەوە، ڕووبارەکە دەبێت بە چوار بەشەوە، ناوی یـەکێکیان فیشـونە، ئەمـەش لـە هەموو دەوروبەری خاکی حویلەیە، کە ئاڵتونی هەیە و ئاڵتونی ئەو زەمینـە باشە...وناوی ڕووبـارەی دووهـەم جحیونـە و هـەموو دەوروبـەری زەمینـی کوشی گرتووەتەوە، و نـاوی دەریـای سـێهەم حیداقلییـە و لـە ڕۆژهـەڵاتی ئاشـوور دەڕوات، و ڕووبـاری چـوارەم فوراتـە.). ئەگـەر بـە پێـی ئـەم بۆچـوونە"پـیرۆزە" بێـت، ئـەو کاتـە جوگرافیایـەکی تـر هـەبووە، زەمـین بەشێوەیەکی تر سووڕاوەتەوە، ڕووباری فـورات لـە بـاکورەوە بـۆ باشـووڕ نەڕۆیشتووە، بەڵکو لە یەمەنەوە سەرچاوەی گرتووە.

لـە تـەورات(ئەصـحاحی سـێهەم) نووسـراوە: (... و مـار، لـە هـەموو ئاژەڵـەکانی سـەرزەمین کـە خواوەنـد درووسـتیکردن، فێڵبـازتر بـوو، بـە ئافرەتەکـەی گـۆ، بەڕاسـت، یـەزدان وتـی لـە هـەموو دارەکـانی بەهەشـت مەخۆن. ئافرەتەکە بە مارەکەی گۆ، لە بەرهەمـەکانی بەهەشـت دەخـۆین. بەڵام یـەزدان وتـی، لـە بـەری ئـەو دارەی لـە ناوەڕاسـتی بەهەشـتە، لێـی مەخۆن و دەستی بۆ نەبەن، نەبا بمرن. مارەکە بە ئافرەتەکەی گۆ نـامرن. یـەزدان دەزانـێ، کـە ئـەو ڕۆژە لێـی دەخـۆن، چـاوتان دەکرێتـەوە و وەك یەزدان خێر و شەڕ دەزانن. ئافرەتەکـە بینـی دارەکـە باشـە بـۆ خـواردن و چاو ڕۆشنا دەکا...لەبەرەکەی کردەوەو لێی خـوارد و دای بـە پیاوەکـەی، ئەویش لێی خوارد.)

بـەڵام ئـەم بەسـەرهاتە، لـە قورئـان(سـورت طـە) بەشـێوەیەکی تـر دەگێڕدرێتەوە:(بە مەلایکەتانمان گۆ، سوژدە بـۆ ئـادەم بـەرن، هـەموویان

سوژدەیان برد، ئەبلیس نـەبێ، سەرپێچـی کـرد. بـە ئادەممـان گـۆ، ئەمـە دوژمنی تۆ و هاوسەرەکەتە، با لە بەهەشت دەرتان نـەکات و توشـی ئـازار ببن... شەیتان بۆی خوێند و پێی گـۆ ئـەی ئـادەم، ڕێگـای داری نـەمری و موڵکایەتی بێ تەنگ و چەڵەمەت هەبێ. هەردووکیان لێیان خوارد...).

ئەم دوو گێڕانەوەیەش، ئەم جیاوازیانەی تێدایە:

- لە یەکەم مار، ژنەکە هەڵدەخەڵەتێنێ، بەڵام لە دووهەمدا ئەبلیس!
- لە یەکەم، مێینە نەناسراوە<ژنەکـە>، لـە دووهەمـدا، هاوسـەرەکەی ئادەم. لە دواییدا ناوی حەوا دەهێنن!
- لە یەکەم، دارەکە، داری خێر و شەڕە، لە دووهەمدا داری نەمرییە!

شـان بەشـانی ئەمانـەیش، سمبـۆلی مـار، داری نـەمری، پێشـتر لـە ئەفسانەی گلگامش بـەکار هێنـراون، ئـەم بەرهەمـەش زۆر لـە ئاینـەکان کۆنترە. تا چ ڕادەیـەك چـیرۆکەکانی ئـەم سـێ ئاینـە پەیوەنـدییان بـەو ئەفسانەوە هەیە؟ ئەوەی سەرەنج ڕاکێش بێت، لە هەر سـێ ئاینەکـەدا، دووبـارەی چـەندین بەسـەرهات و ڕووداو دەکەنـەوە، ئـەوە نـەبێ بـە شێوەی جۆراوجۆر دەیگێڕنـەوە! ئایا ئـەو ئایـەت، ئەصـحاح، زنبـور و ئەنجیلانـە دابـەزیون، یـا بەرهـەمی خـودی مرۆڤـە و پەیوەنـدی ڕاستەوخۆیان هەبووە بە پەیوەندی دەسـەڵات، موڵکایـەتی، ڕەوشـت و شەڕوشۆڕەکانیان...هتد، بە ئەفسانە، چیرۆك و بەسەرهاتەکانی پێشـی ئەو سەردەمانە و هـەر لـەوێوەوە سەرچاوەیان وەرگرتـووە؟ یا کـاری هێزێکە لە دەرەوەی بوونی مرۆڤ؟

**لـەم سـێ ئاینـەدا بـە شـێوەی جۆراوجـۆریش وێنـە، سـایکلۆژی، ڕفتار، بەها و نەریتەکانی یەزدان دەکێشن: خودا وەك ئادەمیزا، لەسـەر کردارێکـی بەهەڵـە چـوویدا، خـەمگین دەبـێ، ئەسـەف دەکێشـێ، بـە بەخشندە و میهرەبانە(سـوورەتی ئەلفاتحـەو لـە هـەموو سـوورەتەکان) تـوڕە دەبـێ، خۆشەویسـت و دانایـە(سـوره القصـص) بڕیـار و هانـدانی جـەنگ دەدا(الأنفـال)، بـە مـەکرە، تەنانـەت بڕیـاری قڕکردنـی گشـتی دەدا(تەوەفان). بۆ نموونـە لـە ئەصـحاحی شەشـەم هـاتووە: (یـەزدان بینی بەدکاری مرۆڤ لەسەرزەمین زیادبووە....یەزدان خـەمگین بـوو کـە مرۆڤی لەسەرزەمین درووستکرد. و لـە دڵـەوە(دڵیشـی هەیـە !)ئەسـەفی کێشا.**

**لە تەورات [٣٢] ئیبراهیم پێی ڕادەبـوێرێ، بـەڵام یـەزدان خـۆی کێـل دەکـا، ساحیرە[٣٣]، هاریکاری دز و جەردەیی دەکا[٣٤]، زوبانی هەیـە[٣٥] گوێچـکەی هەیە[٣٦]. لە سوورەتی(البقرة) ئەم سیفەتانەی هەیە: بە ئاگایە، شـەرمۆك نییە، زانایە(هەموو مرۆڤایەتی بە گێل دادەنێ—ئەوەی من دەیزانم، ئێـوە نـایزانن—)، دەبـوێرێ و بـە بـەزەیی پـێ دێـت، چـاکە دەکـا، پـەیمان**

---

[32] / **ئەصحاحی١٧ ،ل١٥:** وقال الله لابراهيم ساراي أمرأتك لاتدعوا أسمها ساراي بل أسمها ساره. واباركها و أعطيك أيضا منها أبنا. أباركها فتكون أمما و ماوك شعوب منها يكونون. فسقط إبراهيم على وجهة و ضحك. و قال في قلبه هل يولد لابن مئة سنة و هل تلد سارة وهي بنت تسعين سنة.

[33] / **لە تەورات، ئایەتی خروج، بە فەرمانی یەزدان بە موسا، هارۆن لە بەرجاوی فیرعەون، جارێك دارەکەی دەستی دەکا بە مار، جارێك ئاوی میسر دەکا بە خوێن، جارێك هەردەکەی پڕ دەکا لە بۆق و جارێکیش بە مێش. سەرماو زوقم و هەورەتریشقەیان بۆ دەنێرێ...**

[34] / وفعل بنوا اسرائيل بحسب قول موسى. طلبوا من المصريين أمتعة فضة و أمتعة ذهب و ثيابا. وأعطى الرب نعمة للشعب في عيون المصريين حتى أعارروهم. فسلبوا المصريين

[35] / التوراة، الاصحاح السادس: وكلم الرب موسى قائلا.

[36] / التوراة، الاصحاح التاسع و الخمسون، إشعيا: ها ان يد الرب لم تقصر عن أن تخلص و لم تثقل أذنة عن أن تسمع.

دەبەستیّ و داوا دەکا پەیمانەکەی بەجیّ بهێنن، فەرق و جوودایی دەکا لە نێو خەڵك–زیاتر ڕێز لە عێڵی ئیسرائیل دەگریّ–، بە پەلە کارەکانی ئەنجام دەدا، فێڵبازە[٣٧]، کابرایەکە لە ڕادەبەدەر و بیّ مانا نەرجسییە[٣٨]، و سەدان سیفەتی تر.

هەموو ئەو وەسفانە، ئەو ڕاستییەمانە بۆ دووبات دەکەنەوە، کە مرۆڤ، یەزدانی خەڵق کردووە، نەك بە پێچەوانە، مارکس واتەنی(لە بەردەم دەسکردەکانی خۆیان، دەچەمێنەوە)[٣٩]. ئەرکی شۆڕشگێرانەی ئێمە ئەوەیە، بەشداری بکەین لە ڕزگارکردنی مرۆڤ لەم وەهمە کە بووە بە بەشێکی گرنگ لە هۆکارەکانی مەینەتی و وێرانکردنی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەت و منداڵان بە تایبەتی، بەهۆی مانەوەی بارودۆخی باڵا دەست. من چۆن هەست بە شەرەمزاری نەکەم، کاتیّ دەبینم هەزاران گەنج گویّ لە نەزانی و خەڵەفاوی مەلای سەر مینبەرەکان دەگرن، بە گوێیان دەکەن، منداڵەکانمان بۆ ناو حوجرەی بیری سەردەمە تاریکەکان دەبن، فێریان دەکەن سەر داچەمێنن، لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە، نەوەی نوێمان، وەك مرۆڤێکی سەربەرز و ئازاد بیر و ڕەوتار بکات، داکۆکی لە مافە سەرەتاییەکانی بکات، بەشداری بکات لە پەرەسەندن و گەیشتن بە پلەوپایەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووتر، تێدا خزمەتکردن و پڕکردنی

[37] / سورەتی ئال عومران: ومکروا و مکر الله و الله خیر الماکرین.

[38] / یەزدان، نزیکەی٣٧٠٠جار ناوی خۆی لە قورئان دووبارە کردووەتەوە–ژماردوومە و لە کاتی ژماردن هەڵەم کرد، لەوانەیە، چەند سەدێکی زیاد یا کەمتر بێت، هیچ فەرق ناکا !

[39]/ مارکس و ئەنگلس، لە پێشەکی ئیدۆلۆژی ئەلمانی،ل١٩

پێداویستەکانی مرۆڤ ببێت بە ناوەندی هەموو پلانەکان، بە خۆی بەشداری بکات لە دارشتنی شێوەی ژیانی تاك و کۆمەڵەکەمان.

ڕەخنەی زانستیانەی کۆمونیستی بۆیە پێویستە، چونکە ئێمە دژی بەرخوردی ئاینەکانین لە گەڵ مرۆڤ، دژی شوێنی مرۆڤین لە چوارچێوەی سیستێمی سەرمایەداری. بۆیە ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر، ڕەخنەگرتنی زانستی کۆمونیستانە لە ئاین بووە بە بەشێکی زۆر گرنگ لە ئەرکەکانمان. مارکس و ئەنگلس دەنووسن: (لە ڕاستیدا، مەبەست لە بارەی مەتەری پڕاکتیك، واتە نیسبەت بە کۆمونیست ئەوەیە، شۆڕشگێکردنی جیهانی باوە، هێرشبردن بۆ سەر بارودۆخی باو، چۆن پێشی دێت و بە پراکتیك بیگۆڕی.)[٤٠]

ئێستا، پاش تێپەڕبوونی پتر لە ١٥٠ساڵ لەسەر ڕەخنەکانی مارکس و ئەنکلس لە ئاین بە گشتی، نەك تەنها لە ئاینی مەسیحی و یەهوودی و بودی، کاتی ئەوە هاتووە، کۆمونیستە کوردەکانیش قۆڵی بۆ هەڵماڵین و شوێنی خۆمان بکەینەوە لە ڕەخنەی زانستی کۆمونیستانە لە ئاین بە گشتی و لە ئاینی ئیسلام وەك ئاینی ژمارە یەکی کۆمەڵگاکەمان، بە شێوەیەکی تایبەتی. بەبێ ڕەخنە و هەڵوێستی ڕۆشن لەم چەشنە، ناتوانین بزووتنەوەکەمان بۆ پێشەوە ببەین.

## دەقەکانی تەورات، ئینجیلەکان و قورئان

[40]/ مارکس و ئەنگلس، ئیدۆلۆژی ئەلمانی، ل٣٤

### ١/ لەبارەی ژنانەوە

ئەم دەقانە، لەلاین ئەوانەی بڕوایان پێدەکەن، دەقی پیرۆزن، لە ئاستیاندا، بە چۆك دەچن و سەریان بۆ دادەنوێنن، وەك تاك و دەسەڵاتدار، لە ژیانی رۆژانەیان پەیڕەیان دەکەن. تەورات یەکەم"دەقی پیرۆز"ە[٤١] پێشی ئەنجیل و قورئان، گەلێ سوورەت تێدایە، لە ئاینەکانی پاش وی دووبارە دەبنەوە.

لە تەوراتدا ئەم قسانە بەسەر موسای پەیامبەر"هاتووەتە خوارەوە": (یەزدان بە موسای وت، بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ، هەر ئادەمیزایەك لە نەوەی ئیسرائیل و ئەو نەناسانەی لە ئیسرائیل دانیشتوون تۆکەی بە ژنی شوودار دا، دەکوژرێت. گەلی سەر ئەرد بەردەبارانی دەکەن....ئەگەر پیاوێك لە گەڵ ژنێك یا ژنێکی خزم، داوێن پیسیان کرد، هەردووکیان دەکوژرێن....ئەگەر پیاوێك لە گەڵ ئاژەڵێك جووت بوو، پیاوەکە دەکوژن و ئاژەڵەکە دەمرێنن. گەر ژنێك لە ئاژەڵێك نزیك ببوەوە، ژنەکە دەکوژرێت و ئاژەڵەکە دەمرێنن. هەردوکیان دەکوژن و خوێنی خۆیان بەمل خۆیان...ئەگەر پیاوێك ژنی براکەی بهێنێ، ئەوە کارێکی قیزەوەنە....)[٤٢].

هەروا لە سوورەتی نتنیەدا نووسراوە:(ئەگەر بۆ جەنگ لە دژی دوژمنەکانت دەرچوویت و یەزدانی ئیلاهت پاڵیانی پێوەنا، بەدەستت بکەون، لەناو ژنەکانیاندا، ژنێکی جوانت بینی و پێوەوە نووسای و کردت بە هاوسەری خۆت، کاتێك دەیبەیتە ماڵەکەت، سەری بتاشە و نینۆکەکانی

---

[41]/ لە قورئاندا، سورەتی مائیدە نووسراوە: ( ئێمە کە ئەم تەوراتەمان ناردووەتە خوارەوە، رووناکی و رێپێشاندانی تێدایە. هەموو ئەو پەیامبەرانەی کە هەر بە فەرمانی خودا بوون، هەر بەهۆی ئەم ، بەسەر هەموو کاروباری ئەوانەی کە موسایی بوون ڕاگەیشتوون.)

[42]/ تەورات: سورەتی لاویین، ئەصحاحی بیستەم.

ببڕە، جلوبەرکی دیلێتی لەبەر داکەنە و لە ماڵەکەت دا دابنیشی و بۆ ماوەی مانگێك بۆ دایك و باوکی بگریێ، پاشان بڕۆ بۆ لای و بیخوازە و دەبێتە ژنت. گەر خۆشحالێ نەبووی لە گەڵیدا، با بۆ خۆی بڕوات. بە زێو مەیفرۆشە و کویلەی مەکە، چونکە زەلیلت کرد.)[٤٣]. لە هەمان سوورەتدا هاتووە: (..بەلاٚم ئەگەر کچەکە پەردەی نەبوو، کچەکە بۆ بەردەم ماڵی باوکی ببەن، پیاوانی شارەکەی بەردەبارانی دەکەن تا دەمریێ...)[٤٤]. مرۆڤ ناتوانیێ تورات بخوێنیێ و پێکەنینی نەیەت سەرەڕای تراژیدیای بارودۆخەکە، بۆ نموونە لە هەمان ئەم سوورەتە هاتووە: ئەگەر دوو پیاو شەڕیان بوو و ژنی یەکێکیان هاتە پێشەوەو بۆ ئەوەی مێردەکەی لە دەستی پیاوەکەی تر رزگار بکات، دەستی بۆ هەرامەکەی پیاوەکە برد، ئەوا دەستی ببڕە و بەزەییت پێدا نەیەتەوە...)[٤٥] ئافەرین تەورات هەرامەکی پیاو ئەوەند لەلات گرنگ بێت، لە بەر تەختێك ئێش پێگەیاندن، حەلاٚلی دەست بڕینی ئافرەتێك بدەی! بە گشتی ئەم بەرخوردە دڕندانەیە لە چەندین شوێنی تر دووبارە دەبێتەوە. ئەم بڕیار و بۆچوونانەی-با بلێین خوا- دەبن بە میراتی قورئان و دووبارە دەبنەوە. پاش نزیکەی هەزار ساڵێ، "یەزدان"سوورەتی نوور بەسەر پەیامبەری ئیسلام"دادەبەزێنی"و دەڵیێ: (داوێن پیسانی مێر و ژن-هەریەکەیان-بەلێدانی سەد تازیانە تەمیێ کەن. لە ئاینی سەر بە خودا، بەزەیی پێهاتن

---

43/ تەورات، تثنیە، اصحاحی ٢١.

44/ هەمان سەرچاوە، اصحاحی ٢٢.

45/هەمان سەرچاوە.

بێ جێیه[46])، له سوورەتی ئافرەتدا: (پیاو سەردار و گەورەی ژنه...)[47]. له ئەنجیلیشدا، له نامەی پۆلس بۆ خەڵکی ئەفسۆسدا دەڵێ: (...بێ گومان بن لەوەی هەموو داوێن پیس و گڵاو و چاوبرسییەك، بت پەرەستە، میراتی نییه له پادشاهێتی مەسیح...)[48]. له نامەیەکی تری بۆ خەڵکی تیموتاوس، پێیان دەڵێ: (...ژن دەبێت بە بێ دەنگی و ملکەچی فێر بێت. من ڕێگا نادەم بە ژن خەڵکی فێر بکا، و زاڵ بێت بە سەر پیاو، بەڵکو دەبێت بێ دەنگ بێت، چونکه خودا یەکەم جار ئادەمی درووست کرد ئینجا حەوا، هەروا ئادەم نەبوو هەڵخەڵەتا، بەڵکو ژن بوو هەڵخەڵەتاو کەوتە گوناهەوە. بەڵام ژن بە منداڵبوون رزگاری دەبێت و گەر لەسەر خۆشەویستی و باوەڕو پیرۆزی و رەفتار جوانی بەردەوام بێت.)[49] و لەنامەیەکی تری، نووسراوە: (ئەی ژنان مل کەچ بکەن بۆ مێردەکانتان، بە شێوەیەك لێوەشاوە بێت له خواوەند.)[50]. خوا له زاری مەسیحەوە دەڵێ: (... هەندێ له فەریسیەکان لێی هاتنه پێشەوە– له مەسیح– تا تاقی بکەنەوە، لێیان پرسی: ئایا دروستە پیاو ژنەکەی تەلاق بدات؟. لێرەدا عیسا لێیانی پرسی: موسا چ راسپاردەیەکی پێ داون؟. ووتیان: موسا رێی داوە تەڵاقنامە بنووسرێ، بەمەش ژن تەلاق دەدرێ. عیسا وەڵامی دانەوە: موسا ئەم راسپاردەیەی بۆ نووسیون، لەبەر دڵرەقیتان. بەڵام له سەرەتای دروستبوونەوە خودا مرۆڤی بە نێر ومێ درووست کرد. لەبەر ئەو هۆیە پیاو باوك و دایکی بەجێ

---

46/ سورەتی نوور، دەقە کوردێکەی له وەرگێڕانی مامۆستا هەژار،لاپەڕە

47/ القران، سورة النساء

48/ ئەنجیل، نامەی پۆلس بۆ خەڵکی ئەفسۆسئە، اصحاحی پێنجەم.

49/ ئەنجیل، بە کوردی ، لاپەڕە٤٥٧، بە عەرەبی، لاپەڕە ٢٢٨.

50/ ئەنجیل، نامەی پۆلس بۆ خەڵکی کۆلۆسی، بە عەرەبی ٢٢٩.

دەهێڵێت و لە گەڵ هاوسەروکەی یەك دەگرێ. ئەوسا هەردووکیان دەبن بە یەك لەش. ئیتر دوو نین بەڵکو یەك لەشن. ئەوەی خودا بە یەکی گەیاندووە، مرۆڤ جیای ناکاتەوە. کە گەڕانەوە بۆ ماڵ، قوتابیەکان لەم بارەیەوە لێیان پرسی. ئەویش پێی ووتن: ئەو پیاوەی ژنەکەی تەلاق دەداو یەکێکی کە دەهێنێ، ئەوا داوێن پیسی لە گەڵ دەکات. هەر وا ئەو ژنەی واز لە مێردەکەی دەهێنێت و شوو بە یەکێکی کە دەکات، ئەوا داوێن پیسی دەکات.[51])

ئەمە سێ نموونەی زۆر کورتن، لە بارەی رەفتاری قیزئاوەری دەقە پیرۆزەکان لە گەڵ ژنان. هەر سێکیان بە ئەقڵ و لۆژیکی باوکسالارییەوە نووسراون، هەر سێکیان پەنا بۆ هەڕەشە، تیرۆر و سووکایەتی پێکردن دەبەن. کەواتە دەشێت لە ئاستی پرسیاری ژنان لەناو ئەم سێ ئاینەدا بوترێت:

کۆنەپەرەستن، باوکسالارو زەوتکەرن، ئافرەت دەهێنێتە ئاستی سێکس و ئامرازی زاوزێ–نازێکانیش بە هەمان چاو تەماشای ژنانیان دەکرد–، بە پاشکۆی پیاو تەماشای دەکەن، و ماف بە پیاوان دەدەن بیانکوژن و بیانسوتێنن[52].

## ٢/ لە بارەی جەنگ:

---

[51] / ئینجل

[52]/شەهید عەبدولخالق مەعروف، لە کتێبی(ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) بەراشکاوی باسی شوێنی ئافرەتی کردووە لە دەقەکانی قورئان.

جەنگ بەرپاکردن یەکێك بووە لە ئامرازەکانی ئایینداران بۆ سەپاندنی بیروڕاو بەرژەوەندییەکانیان(زەمین داگیرکردن، کویلەکردن، سەرانە وەرگرتن، و"حەلاڵ"کردنی کرداری زەوتکرنی ژنان و کچانی گەل و هێزە دۆڕاوەکان بە پشتیوانی یەزدان. لەم بارەیەوە، تەورات دەستپێشخەری کردووە لە روونکردنەوەی ئەم بۆچوونەو دەڵێ: (یەزدان پیاوی جەنگە)[٥٣]، لە چەندین شوێن دووبارەی: (ئەی یەزدان، ئیلاهی سەربازەکان[٥٤])کراوەتەوە. لە قورئانیشدا، ئیتر خوا بە بێ پشوودان، هەر فریای دەستووردانە بە جەنگ بەرپاکردن: ( لە ڕێگای یەزدان بجەنگن... لە گەڵ بێ ئیمانەکاندا بجەنگن و بیانکوژن...جەنگ لەسەرتان نووسراوە...)[٥٥]. لە سوورەتی ئەنفالدا ئیتر هەر بە جارێك دەست ناپارێزێ لە کوشتن و ڕاوڕووتکردن، و ناوکەی هەر بە خۆیەتی(ئەنفال- راوڕووتکردن-).

ئەگەر ناوەڕۆك، دارشتن، تێز، پایەگاکانی ئەم سێ دەقە"پیرۆزە"پۆلین بەکەین، وەك پێشتر زۆر بەکورتی هێمام بۆ کرد، دەبینین ئەکسیولۆژیای پیاو لە بارەی ئافرەت و جەنگ بەرپاکردن[٥٦]-پاشان کویلەکردن، سەپاندنی سزادان بە مەرگ، باج و سەرانە، هەڕەشە، تێندێسی

---

53/ تەورات، سورەتی خروج، ئەصحاحی ١٥.

54/ تەورات، مزموری هەشتاو نۆ.

55/ قورئان، سورة البقرة.

56/ مەحمەد لە دوا چرکەی ژیانییدا، فەرمان بە ئوسامە کوڕی زەید کوڕی حارث دەدا، بۆ شەڕ لە دژی رومەکان : بکەوە ڕێ بەرەو سەرکەوتن و تەندەرووستی........فەرمانەکەم جێی بەجێ بکە. رەسوولی پیامبەر بورایەوە-ئوسامە هەستا و خۆیی ئامادەکرد بۆ چوونە دەرەوە،، کاتێ رەسوولی خودا هاتەوە هۆشی خۆی، پرسیاری لە بارەی ئوسامە کرد، پێین گۆ، ئەوەتە خۆیان ئامادە دەکەن، و پەیامبەر وتی: نەعلەتی خوا لەوەی لێی دوا دەکەوێ(لە ئوسامە)- سەرچاوە: حروب دولة الرسول، سيد محمود القمني، الناشر مدبولی الصغیر، صفحة٣٩٤.) لەم کتێبە زۆر بەباشی باسی زەوتکردن و بە کویلەکردنی ئافرەتانی خێل و عەشرەتە دۆڕاوەکان دەکرێت.

تۆڵەسەندن–دوو تەوەری سەرەکیان پێکدەهێنن.لە گەڵ"دابەزین"ی ئەم دەقە پیرۆزانەدا، دوژمنەکان"بەڕێکەوت"پێشوەخت دیاریکراوەن: ئاین و خێڵ و گەلانی ترن و ئەوانەی لە ناو هۆزو خێڵەکانیاندا، بۆچونەکانیان رەتدەکەنەوە. ئیتر بۆ پێکانی ویست و بەرژەوەندییەکانی"گەلی پەسەندکراوی خوا"[57]، بەکارهێنانی هەموو ئامرازو کردارێك رێیان بۆ چووە و بیانوویان بۆ هێنراوەتەوە:"خوا فەرمانی کردووە...خوا ئەمەی پێ پەسەندو چاکە...دەبێ فەرمایشی خودا جێ بەجێ بکەین...سەریان بۆ بچەمێنن...هتد". "خودا"یش هەر بەخۆی دەیان و سەدان جار، دووبارەی ئەم ووتەیە دەکا:(من خواتم، خوداوەند و مامۆستاتم بۆ ئەوەی قازانج بکەیت ...)[58] لێرەوە ئیتر ئەقڵ زەوتدەکەن، ملکەچی و بڕوا بە خورافات و داستانی زۆر ئاستنزمتریان بەسەر مرۆڤ سەپاندووە و زەمینە بۆ ئۆتۆریتێت و دەسەڵاتی رەهای خۆیان دامەزراندووە. ئەوەی لێرە ئاماژەیان بۆ دەکەم، پیشانی دەدا کە ئەم سێ ئاینە(ت.ق.ا) قەرزاری ئاین و ئەفسانەکانی تری سەردەمانی پێش خۆیانن.

## دووبارەکردنەوەی یەك بۆچوون بە شێوەی جۆراوجۆر!

زۆر کەس پێیان وایە، ئەوەی لە قورئان نووسراوە، بابەتی نوێن، دەقی پیرۆزن و لە لایەن هێزێك لە سەرووی مرۆڤ و سرووشتەوە، لە ژێر ناوی"خودا" دابەزیوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك نابێ پێشنیار و بۆچوونی

[57]/ یەکەم جار گەلی ئیسرائیلە وە ك لە تەورات نووسراوە، پاشان عەرەبە وەك لە قورئان نووسراوە ! !

[58]/ التوراة، سوورة الاشعیا: ( ...انا الرب الهك معلمك لتنتفع...).

نوێیان له سەر بکرێت یا گەشەیان پێ بدرێت، بەڵام کاتێ ئەم سێ دەقە"پیرۆزە"له گەڵ یەکتر بەراورد دەکرێن، دەگەینە ئەنجامێکی تر، دەبینین یەك دەربڕین بە زیاد و کەمەوە سێ بارە و دە بارە کراونەتەوە.
بۆ نموونە( بە کورتی) :

١/له تەورات، لاوین ٢٤و٢٥، نووسراوە:(شکاندن بە شکاندن، چاو بە چاو و ددان بە ددان.ئەوی عەیبێك له مرۆڤێك بکا، ئەو عەیبەی لێ دەکرێتەوە.)[٥٩]
له ئەنجیل متی، ئەصحاحی ٥، نووسراوە: (گوێتان لێ بووە ووتراوە، چاو بەچاو و ددان بە ددان. بەڵام ئەم ووتەیە بەم شێوەیە تەواو دەبێ: بەڵام من پێتان دەڵێم، بەرگری لە دژی شەڕ مەکەن، ئەوی کێشای بەروومەتی راستت، ئەوی کەشی بۆ راگرە، ئەوی ویستی کراسەکەت ببات، چاکەتەکەشی بدەرێ.[٦٠]پاشان،له قورئاندا، بەبازدان بەسەر هەمان ووتە له ئەنجیل، نووسراوە: (له تەوراتدا بۆ ئەوانە بڕیارماندا، کە گیانێك له باتی گیانێك، چاو بە چاو و کەپۆ بە کەپۆ، گوێ بە گوێ و ددان له باتی ددانەو زەخمەکانیش تۆڵەیەکیان هەس[٦١]....)

٢/ له تەورات، سوورەتی(دادپەروەرەکان)، ئەصحاحی پێنجەم[٦٢] و سوورەتی ئەشعیا نووسراوە: ئەی ئاسمان بقڵشی). له قورئاندا، سوورەتی

---

٤/ التوراة، لاويين٢٤ : كسر بكسر و عين بعين و سن بسن. كما أحدث عيبا في الانسان كذلك يحدث فيه.

[60]/ **أنجيل متى ٥:** (سمعتم أنه قيل عين بعين و سن بسن. وأما أنا فأقول لكم لاتقاوموا الشر. بل من لطمك على خدك الايمن فحول له الاخر أيضا.) **له وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەجیل وەرمگرتووە.**

[61]/ القران، سورة المائدة: (وكتبنا عليهم فيها(**له تەورات**)ان النفس بالنفس و العين بالعين و الانف يالانف و الاذن بالاذن و السن بالسن و الجروح قصاص...) **وەرگێڕانە کوردییەکە لە مامۆستا هەژار وەرمگرتووە.**

[62]/ التوراة:( يارب بخروجك من سعير بصعودك من صحراء ادوم الارض أرتعدت. السموات ايضا قطرت. كذلك السحب قطرة ما. تزلزلت الجبال من وجه الرب...). يا له سووره تی التكوين( في البدء خلق الله السموات و الارض)

ئینفیتار و سوورەتی الانشقاق، هەمان بۆچوون لە بارەی قەڵەشاندنی ئاسمان و تەقین و ڵیك دڕانی زەریا بە شێوەی جۆراوجۆر دووبارە دەبنەوە.[٦٣]

ئەگەر تەماشای ئەفسانە کۆنەکانی میسر، سۆمەر، بابل، ئەغریق بکەین، ئەوا ئیتر نهێنی، پایەبەرزی، زیرەکی دەقە"پیرۆزەکان"بۆمان دەردەکەوێ: ...سەنا بۆ تۆ ئەی خواوەندی مەزن، ئەی خودای هەردوو راستی، بۆ لای تۆ هاتووم، تاکو جوانیت ببینم...ئەوا بۆ لای تۆ دێم، راستیت بۆ دەهێنم و خەتا وەدەردەنێم.

من هیچ کوناهێکم لە دژی مرۆڤ نەکردووە...کارێکم نەکردووە خواوەند حەزی لێ نەکردبێ، لە پشتەملێ باسی کەسم نەکردووە لەلای بەرپرسیارەکەی، کەسم برسی نەکردووە، کەسم نەهێناوەتە گریان، کەسم نەکوشتووە، بانگەوازی کوشتنیشم نەکردووە، ئازارم بەکەس نەگەیاندووە، خواردنی ناو پەرەستگاکانم کەم نەکردووە، دەستم بۆ نانی خواوەند نەبردوە، خواردنی نەمرەکانم نەدزیوە، لە شوێنی خاوێنی خواوەندی شارەکەم داوێن پیسیم نەکردووە...ماستم لە دەمی زارۆك زەوت نەکردووە،(چەندین دانپێنانی تر).

پاشان جارێکی تر، لە بەرامبەر هەر خواوەندێکی تایبەت، دانپێنانی دووهەم دەستپێدەکاتەوە: ئەی خاوەن چەندین پایەداری لە هلیوبولس!من هیچ کوناهێکم نەکردووە.ئەی ئاگر لە ئامێزگر لە خر-

---

[63]/ القران، سورة الانفطار:( إذا السماء انفطرت و اذا الكواكب انتثرت و اذا البحار فجرت...). سورة الانشقاق: ( اذا السماء انشقت ...واذا الارض مدت...)

ئەحاو! من دزیم نەکردووە، ئەی لووت لە هرموپۆلس، من فێڵم نەکردووە. ئەی سێبەرخۆر لە کررت! من دزیم نەکردووە. ئەی خاوەن زوومەتی خڕ لە روستا! من مرۆڤم نەکوشتووە....ولە بەر بوونەوەرە ترسناکەکاندا دەڵێ:...من خراپەکاریم نەکردووە، خراپەم بۆ پاشا نەبووە، دەنگیشم بەرزنەبووە، ...هەروا پاشان مردووەکە دەڵێ: ئەوا من بۆ لای ئێوە دێم، بەبێ خەتا و خراپەکاری...من لەسەر هەق دەژێم و خواردنم لەسەر هەقی ناو دڵمە، ئەوی خەڵك دەیڵێت و خواوەند لەسەری رازییە، دەمکرد. بە گوێرەی پێویست خواوەندم رازی کردووە و نانم داوە بەو کەسەی برسی بووە، ئاوم داوە بەوەی تینووی بووە، و پوشاکم داوە بەوەی رووت بووە....رزگارم بکەن و بمپارێزن، ئێوە لە بەردەم خواوەندی مەزن تاوانبارم ناکەن، من پیاوێکی خاوەن دەم و دەستی بی گەردم، ئەوەی بیبینێ پێدەڵێ((سەلاو، سەلاو))[٦٤]

ئەمە دەقێکی تەورات یا ئەنجیل و قورئان نییە، ئەمە بەشێکی زۆر کورتە لە کتێبی مردووان لە ئاینی فیرعەونییەکانی میسر، بەشێکە لە هەزاران ئەفسانە. لێرەدا بەها بەرزەکانی هونەر و ئیتۆس(ڕەوشت)ی ئەو سەردەمە بۆمان دەردەکەوێ لە بارەی چاکە و خراپە، داد و بێ دادپەروەری، بەفاداری، تاوان، دەست پاکی، بە هەمان شێوە، ناڕاستەوخۆ باس لە پەڕەسەندنی ئابووری، پیشەسازی، جیاوازییە کۆمەلایەتییەکان ...هتد دەکات. بە بۆچوونی ئیدولف ئیرمان، ئەفسانەی ئۆزیرۆز، کە چیرۆکی

[64]/ کتێبی ئاینی کۆنی میسر، درووستبوون، گەشەسەند و کۆتاییەکەی لە ٤هەزار ساڵدا، نووسەر ادولف ئیرمان، وەرگێڕ بۆ عەرەبی د.عەبدولمونعم ئەبو بەکر و د.محەمەد ئەنوەر شوکری، کتێبخانەی مەدبولی لە قاهیرە، لاپەڕەی ٣١٢–٣١٣.

**پاشایەکی میهرەبانە لە لایەن برا خرابکارەکەیەوە دەکوژرێ، کارتێکردنێکی گەورە بەسەر ئاینی میسرەوە هەبووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ: یەکەم هۆ ئەو بڕوایە بووە کە زوڵم و زۆرداری تاقە دوو هێزی باڵادەست نین لە جیهان، بەڵکو هەق و رزکاری. دووهەم هۆ ئەو بروایە بووە کە خواوەندی کوژراو بەسەر مەرگ سەرکەوتووە. گەرچی بەراستی مردووە، بەڵام ژیانی بەبەرهاتووەتەوە، گەرچی دەسبەردار بووە لە مافی سالاری بەسەر گیانلەبەرەکان بۆ کوڕەکەی حۆریس، بەڵام بوو بە سەردار بەسەر مردووانەوە...[٦٥].**

**ئەفسانەکان، لەوانە ئەفسانەی پێکهاتن، توفان زۆر لە(دەقەکانی ت.أ.ق) کۆنترن و هەر لەوێوەوە سەرچاوەیان گرتووە. سەیر ئەوەیە، چەندین دەقی جۆراوجۆر هەیە لە–متون الاهرام–و ئەفسانەکانی تر لە دەقەکانی(ت.أ.ق)دەچن، وەك:**

**١/ ئەگەر ویستی بتانمرێنێ، دەتانمرێنێ. ئەگەر ویستی بژێن، دەژین[٦٦].**

**٢/ ئاسمان دەیبارێنێ، و ئەستێرەکان[٦٧]**

**٣/ گەورەییەکەی لە ئاسماندایا[٦٨]**

---

[65]/ هەمان سەرچاوە، لا پەڕە ١١٠–١١١. لە قورئانیشدا، سوورەتی ئەلبەقەرە نووسراوە: چۆن لەو خوایە حاشا دەکەن کە لە نەبوو، ژیانی داوە بە ئێوە و لە پاشان دەتانمرێنێ و دیسان زیندوو دەکاتەوە...)

[66]/ هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی٢٩٥. لە قورئانیشدا بە هەمان مانا:

[67]/ هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٩٥. لە قورئان، سوورەتی ئەلبەقەرە: (ئاسمانی بەرزکردەوە و ئاوێکی لەو حەوایەوە بۆ باراندن...و لەو ئاوەی خوا لە حەواوە دەیبارێنێ)، سوورەتی بەو حەوایەی ئاوهەڵدەگرێ و دەیداتەوە.) سوورەتی ئەلرەعد: (لەو حەوایە ئاوێکی داڕژاندووە...)و لە سوورەتی ئەنفال: بارانیشی لە حەواوە بۆ باراندن...)

[68]/ هەمان سەرچاوە. لە قورئانیشدا ، سوورەتی ئەلجن: (ئێمە گەینە ئەم ئاسمانە، دیمان پڕە لە پاسداری توندو تۆڵ و ئەستێرە گەلێ رادەخشن.)

٤/ ....گوێی لە هاواریان نابێ، نۆحەیش لە جیهانی خواروو کەس نەجات نادا. هیچ کەس جلوپەلاسەکەی لە گەڵ خویدا نابات، کەسیش لەوێووە ناگەڕێتەوە.[٦٩]

٥/ پەسەندکردن بۆ تۆیە، تۆ هەموو رۆژێك، (رع)ی جوانی[٧٠].

٦/ ... کە لە خۆتەوە هاتووی، بە بێ ئەوەی لە دایك ببی. ...دامەزرێنەری هەموو ئەوەی لە هەرد دێنەبەر...ئەو خواوەندەی کە خۆیی خەڵقکردووە.[٧١]

٧/ ...تۆ ڕۆح دەدەی بەوەی خەڵقی دەکەی تا بژی...کردەوەکانت چەند فرە لایەنن ئەی تاکە خودا، کە هیچ یەکێکی تر لە تەنیشتەوە نیە...تەنها بە گوێرەی ئارەزووی خۆت زەمینت خەڵق کرد، بە پیاو و مێگەل و هەموو ئاژەڵەکانی...و ئاسمانت درووست کرد...ملیونان بوونەوەر تەنها لە خۆت درووست دەکەی...[٧٢]. هەروا لە بارەی (ئەمون رع)ی خواوەند، میسرییەکان بۆ تاکایەتی خواوەند دەگەڕێنەوە، لە سروودی ئەمون دەڵێن:(ئەمون رەگەزی هەموو شتێکە. ئەو بوو، لە سەرەتادا لەدایك بوو،

[69]/ لە قورئانیشدا نووسراوە: یوم لا ینفع مال و لا بنون، الا من اتی اللہ بقلب سلیم.

[70]/ هەمان سەرچاوە، سروودی ئەمون، لاپەڕەی ١٥٨. لە قورئانیشدا، سوورەتی ئەلئەعلا نووسراوە: پەسەنی ناوی پەروەرندەی هەر پایە بەرزت بدە

[71]/ هەمان سەرچاوە، مەبەست گەورەی هەموو خودکان(رع)ە، لاپەڕەی ١٥٩. لە قورئانیشدا، لە سورەتی ئەلئەخلاص هاتووە: ... کەس لەو نەبوەو ئەویش لە هیچ کەس نەبووە.

[72]/ هەمان سەرچاوە، پارچە سەنایەکی زۆر جوانە لە سەر گۆڕی کاهن(ئای)دۆزراوەتەوە،لاپەڕەی١٦٤–١٦٥. لە قورئانیش، لە سوورەتی ئەلئەخلاص: بێژە: ئەو خودایە تاکە.... لەسورەت ئەلناس نووسراوە: فەرمانڕەوای ئەم مەردمە.)، لە سوورەتی عەلەق: (جنسی مرۆی لە جلتەیی وەدی هێنا.)

هیچ خواوەندێکیش پێشی وی پەیدا نەبوو...دایکی نەبوو، تا ناوی بنێ، باوکی نەبوو تاببێ بە رەگەزی وی...)[٧٣].

٨/ ئەو ئاوە زیندووە کە لە ئاسماندا هەیە...نون خواوەندی ئاوی ئەزەلییە...گوڵی لوتس لە یەکەم ئاو دەرچووە...مانگایەك لە ناو ئاو مەلەی دەکرد و لەسەر پشتی خواوەندی خۆری کۆرپە...رع بە نون دەڵێ: تۆ ئەی کۆنترین خواوەند کە لە ئێوەوە درووست بووم...[٧٤]. لە ئەفسانەی سۆمەرییەکاندا، سەرەتا خواوەند(نمو)بوو، کەسی لە گەڵدا نەبوو. ئەو ئاوە یەکەمە بوو کە هەموو شتێك لێوەوە دەرچوو. لە ئەفسانەی بابلییەکان، ئاوی یەکەم ناوی(یم)ە، پاش ئەوەی(بعلی)خواوەند لە بەرامبەری سەرکەوتنی بەدەست هێنا، دەستی کرد بە رێکخستنی هەرد. لە ئەفسانەی ئەغریقییەکان دەبینین(ئۆقیانوس) یەکەم ئاوە، خواوەندی یەکەمە کە لێوەوەی گەردوون پێکهات.[٧٥]

٩/ئەو جیهانەی لە ئاوی ئەزەلییەوە بەرز بووەوە، هێشتا ئارامی نەگرتبوو، هێشتا ئاسمان لە زەمین جیانەبوبوەوە، خواوەندی ئاسمان لەسەر مێردەکەی خواوەندی زەمین(جب) پاڵ کەوتبوەوە، بەڵام باوکیان(شو) خواوەندی با چووە نێوانیانەوە و ئاسمانی هەڵگرت بۆ سەرەوە و لە گەڵدا هەموو گیانلەبەرێکی خوڵقێنراو، واتە گشت

---

[73]/ هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٩٢.

[74]/ هەمان سەرچاوە،پەرەگرافی یەکەم لاپەڕەی٣٢: ٣٣: ١٠٠: ١٠١. لە تەوراتیش، لە(ئەلتکوین)دا نووسراوە: ...و ڕۆحی خودا لە سەر ئاو دەفڕی). لە قورئانیشدا، لە سوورەتی هود هاتووە: (هەر ئەویشە کە ئاسمانان و زەمینی لە شەش رۆژدا درووست کرد و تەختی فەرمانڕەوایی ئەو لە سەر ئاو بوو...) و لە سوورەتی ئەلئەنبیا هاتووە: (ئاخۆ خودا ناسان ئەمە نازانن، کە ئاسمانەکان و زەمین یەکپارچە بوون، ئێمە لێکمان هەڵوەشاندن. هەر جانەوەرێکێش هەیە، لە ئاومان بەرهەم هێناون؟ –

[75]/ مغامرة العقل الاولى، دراسة في الاسطورة، سوريا، ارض الرافدين. فراس السواح، صفحة٣٢–٣٥

خواوەندەکان(لەگەڵ پاپۆڕەکانیانەوە)...)[٧٦]. لە ئەفسانەی سۆمەرییەکاندا نووسراوە:

پاش ئەوەی ئاسمان لە هەرد، دوور خرایەوە

هەرد لە زەمین جیاکرایەوە

مرۆڤ درووست کرا

(ئان) ئاسمانی بۆ خۆی برد

(ئەنلیل)یش هەرد...

لە ئەفسانەیەکی تریاندا هاتووە:

ئەو خواوەندی هەموو شتێکی بە سوود، دەرهێنا

ئەو خواوەندەی ووشەکانی بەددیلی نییە

ئەنلیل، کە خۆشەویستی و لەوەڕگای چاند

ئاسمانی لە زەمین دوورخستەوە

زەمینیشی لە ئاسمان دوورخستەوە.[٧٧]

لە تەوراتدا، خوا وتی، با ئاو لە ژێر ئاسماندا بێت، لە یەك شوێن کۆببێتەوە و با وشکاییش دەرکەوێ.[٧٨]

١٠/ لێرە شوێنی دوبارە و دەبارەکردنی هەموو ئەو هەڕەشە گوڕەشانەی

تەورات،

---

[76]/ ديانة مصر القديمة، صفحة ١٠٢

[77]/ هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٣٤–٣٥. لە قورئانیشدا، لە سوورەنی ئەنبیا هاتووە: ( ...ئاسمانەکان و زەمین یەکپارچە بوون، ئێمە لێکمان هەڵوەشاندن...)

[78]/ تەورات، تەکوین، ئەصحاحی یەکەم.

قورئان و ئینجیل نابێتەوە که هەرهەموویان، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بریتین لە سوتاندن و کوشتنی بە کۆمەڵ!

شان بە شانی ئەمانە، ئەوەی سەرەنجی ڕاکێشام، شوبهاندنی ئاسمان بە مانگا بوو[79]. لەسەر گۆڕێکی ئۆزیریس هاتووە(...تا ناوچەکانی هیندستانیشدا جەنگیان کردووە...)[80]. ئەم دوو فاکتە، ئەم پرسیارەی لە لامدا وروژاند: مانگاپەرەستی هیندۆسەکان، بەشێك لە ئاینە کۆنەکانی میسر نییە؟ و دەیان پرسیاری تر.

بەرامبەر بەم بۆچوونانەدا، ئۆگۆست بیبل[81] دەنووسێ: ئەوە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە، کە مرۆڤ لەو هاوسەرە یەکەمە نەهاتووە کە لە ئەنجیل ئیدعای دەکا، گوایە کلتوری مرۆڤیان بۆ سەرزەمینیان هێناوە، بەڵکو لە ماوەی چەندین قۆناغی بێ کۆتایی دوورو درێژدا، پەیتا پەیتا لە بارودۆخێکی ئاژەڵی، خۆیی ڕزکارکرد، چەندین قۆناغی گەشەسەندنی تێپەڕاندووە، لە ناویاندا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، لەوانە، پەیوەندی لە نێوان ژن و پیاو گۆڕانکاری جۆراوجۆری بە سەر هاتووە.... هیچ شتێك

---

79/ هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٣١لە گەڵ وێنەیەك.

80/ هەمان سەرچاوە،لاپەڕە٥٦٠

81 / ژنان و سۆسیالیزم. ئەمە کتێبێکی دەگمەنە، کە لە نێوان ١٨٧٩–١٩٠٩دا پەنجا جار لە چاپدراوەتەوە و لە ١٩٩٤ لە لایەن دەزگای چاپەمەنی (دیتس) سەر لەنوێ بلاْوکرایەوە و لە سەری نووسراوە: لە ١٨٩٧وە ئەکتوێلە! لە کتێبەدا هەڵویستی زانستیانە لە بارەی پرسیاری مێژووی جیهان، شوێنی ئافرەتان لە ناو کۆمەڵگاکان باسکردووە.

نەمر نییە، نە لە سرووشت و نەیش لە ژیانی مرۆڤ، نەمر تەنها گۆڕین و گۆرانگارییە.[٨٢]

یەکێك لە بەڕێز(ك)پرسیاری کرد، داخۆ خوا هەیە یا نا.
لە وەلأمدا وتی: مۆچاریت دەکەم بیربکەیتەوە، ئایا هەلۆیستت پاش وەلأمدانەوەی ئەم پرسیارە دەگۆڕیَ. ئەگەر ناگۆڕیَ، ئەوا دەتوانین پرسیارەکە فڕێدەین. ئەگەر ئەگۆڕیَ، ئەوا دەتوانم لانی کەمەوە یارمەتیت بدەم، پێت بلّێم: تۆ بڕیاری خۆت داوە: تۆ پێویستیت بە خودا هەیە.

بیرتۆڵد بریخت، چیرۆکەکانی بەڕێز کۆینە.[٨٣]

[82] / هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤٦

٢٠٠٢/٢/١٠

نزیکەی١٤٠٠ساڵە بە سەر دیرۆکی هاتنەپێشەوەی قورئان تێپەڕیوە. دەسەلاٌتداران لە وەلاٌتانی جیهانی ئیسلامی، بە ئاگرو ئاسن لە دژی هەر جۆرە رەخنەگرتنێك لەو کتێبە راوەستاون، بەلاٌم سەرەڕای ئەوەش، لێرەو لەویٚ، بەناوی نهێنی و ئاشکرا، دەنگی رەخنەگرەکان بەرزبووەتەوە. لە کوردستانیشدا، پاش١١ساڵ لە تاوان، هەڕەشە، فتوای کوشتن و سووکایەتی حزب و گروپە ئیسلامییەکان لە دژی هێز، کەسایەتی جۆراوجۆر و ژنان و پاش تاوانەکەی ئەنصار ئەلئەسلام لە ناوچەی هەڵەبجە، بەتاوانی دەزانم، بیرمەندان و رۆشنبیران هەوڵی جددی نەدەن بۆ

رووبەڕوو بوونەوەو رسواکردنی پایە لەرزیوەکانی بیروباوەڕی ئیسلام.

تا ئەو شوێنە پێمبکرێت، ئەم نووسینە ناکەم بە شوێنی باس و بۆچوونی ئەو رەوتە فەلسەفییانە کە دیکارت(رەوتی میکانیزم)دەستیپێکرد و

---

Bertolt Brecht, Geschichten vom Herrn Keuner / [83]

کۆتایی بە قوتابخانەی(فێرگا)ی سەدەی ناوەڕەست هێنا تا فەلسەفەی بوونگەرایی(هایدگەر، سارتەر)، فەلسەفەی بوون(تۆماویزم)، فەلسەفەی ماددی(برتراند رسل)، فەلسەفەی ماهییەت(ئەدمۆند هسلەر)، فەلسەفەی ژیان(هنری برجستون)، مارکس و ئەنگلس و پراکماتیزم کە لە هەر یەکێکیان چەندین قوتابخانەی بیلۆژی، دەروونی، مێژوویی و بوارەکانی تریان لێ دەبنەوە. دەسپێکی وا پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە و منیش زۆر لە ژێر کارتێکردنی تاوانی ئاوایی خێڵی حەمە و تەپە درۆزنینەی ئیسلامییەکانم کە پێش ماوەیەك ئەنجامیاندا. لەمەودوا، هەوڵدەدەم هەر جارێك باسی سورەتێك بکەم. ئومێدەوارم لە رەخنەکانتان بێبەشم نەکەن.

## سورەتی فاتیحە

لەم سورەتە، "خودا" وەك دەسپێك، بەناوی خۆیەوە، دووسیفەت بە خۆی دەدا(*دەهەندەو دلۆڤان*)[٨٤] و پاشان هەر بە خۆی سوپاسنامە ئاراستەی خۆی دەکا(*سوپاس بۆ خوا کە راهێنەری جیهانە*)[٨٥] و پاش دێڕێکی زۆر کورت، دووبارە سیفەتی (*دەهێندە و دلۆڤان*)بە خۆی دەدا.

ئاراستەکردنی سوپاسنامە پێویستی بە دوو بوونی جیاواز هەیە، تا بوونێك ئاراستەی بوونەکەی تر بکات. ئایا لۆژیك لەو دەربڕینە شوێنی هەیە؟ ئەگەر هەبێ، کامەیە؟

[84]/ مەبەست: بسم الله الرحمن الرحیم.

[85]/ الحمد لله رب العالمین.

ب- ئەوجا دەڵێ: (*خاوەنی ڕۆژی پەسڵانە. ئێمە هەر تۆ دەپەرەستین و پشتن هەر بە تۆ دەبەستین*)[٨٦]

دەکرێ لێرە یەکێك(مرۆڤ)، با بڵێین موحەمەد وەسفی خوای کردبێ، لە بری هەموو مرۆڤایەتی بنووسێ(*ئێمە تۆ دەپەرەستین و پشت هەر بە تۆ دەبەستیت*) بەڵام ناکرێ قبووڵی ئەوە بکەین کە"خوا"ئەم ئایەتەی"ناردبێ". لێرە ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: کێ بە کێ دەڵێ: (*ئێمە هەر تۆ دەپەرەستین ، پشت هەر بە تۆ دەبەستین*)؟

ج- لە ئایەتی شەشەم خوا خۆی داوای هیدایەت دەکا:(*لە راستە ڕێ شارەزامان بکە.*)[٨٧]! کێ ڕێگا بە کێ پیشان بدا؟کێ داوای ڕێپیشاندان دەکا؟

د-لە ئایەتی حەوتەم دا هاتووە:*(ڕێ ئەوانەی کە خۆت چاکەت دەگەڵ کردوون نەك ئەوانەی کە وەبەر توڕەیی کەوتوون و نە ئەوانەش کە لاڕێ تۆن.)*

لێرەش بە هەمان شێوە، دەکرێ موحەمەد یا هەر کەسێك ئەم داواکارییە لە خوا بکات، بەڵام ناکرێ"خوا" خۆی ئەمەی گوتبێ، لەخۆی داوای ڕێپیشاندان بکات.

بە گشتی: ١/ئەم دەقە، وەك لۆژیکی هەر کفتوگۆیەك، دەقێکی مرۆییە نەك دەقێك لە لایەن هێزێکی باڵاوە کە لە پلەی کەمالە وەك باسی لێوە

---

[86]/ مالك يوم الدين. أياك نعبد و أياك نستعين.

[87]/ أهدنا الصراط المستقيم

دەکەن. مرۆڤێك، بوونێکی باڵای دروستکردووەو سوپاسی دەکا، پێدەڵێ تۆ دەپەرستین، پشت بە تۆ دەبەستین و داوای ڕێپیشاندانی لێ دەکا.

٢/ ئەمە دەسپێکی گاڵتەجارییەکەیە کە"زانا ئاینییەکان" بە خەڵکی دوور لە خوێندن و نووسین لە ماوەی ئەو چەند سەدەیە، دەیفرۆشن. ژەهری ئاینی ئیسلام، ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە دژایەتی و لە لەناوبردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان. لە ژێرکاتێکردنی ئەم ئاینەدا، دەسەڵاتی تیۆکراتی دڕندە لە سعودیە، ئێران، سودان، ئەفغانستان و چەندین بزووتنەوەی دژە مرۆڤ لە دنیا هاتووەتە ئاراوە....

٢٠٠٢/١٢/١٠

دوو ووشە: یەکێك دایك، باوك، خوشك وبرا کەسێکی تر دەکوژێ. یەکێك لە کەسوکاری کوژراوەکان لە بەرچاوی خەڵك، جوێن بە بکوژی کەس و کارەکانی دەدا. تاوانبارەکەش بە هاوارەوە دەڵێ: خەڵکینە سەیری ئەم کابرایە بکەن، چەند بێ ڕێزو حورمەتە(قسەی زۆر خەتەرناکتریشیان کرد)، قسەی ناشرینم پێ دەکات!

ئەمە نموونەیەکە لە سەر کوشتنی٦٠مرۆڤ بە دەستی ئیسلامییەکانەوەو وتارەکەم لە دژیاندا!

سورەتی مانگا

هێشتا سەرەتای"دابەزینی"ئایەتەکانە، قورئان وەك کتێب لە ئارادا نەبوە، کەچی دەستبەجێ "خودا"بە ناو خۆیی"دەهەندەو دلۆڤانەوە" لە سورەتی مانگادا دەڵێ: *(ئەلیف لام میم. ئەم کتێبە هیچ گومانی تێدا نیە بۆ ئەوانەی پارێزگارن نیشاندەرە. ئەو کەسانەی بڕوایان بە نەدیارە و نوێژدەکەن و لەو بژیوەش کە پێمان داون، دەبەخشن.)*[88]

ئەلیف لام میم، واتە من خودام کە لە هەمووان زاناترم! گەرچی"خودا"پێشتر دوو ئاینی"خولڤاندووە، بەلأم لێرە دەسبەجێ پرسیاری گومانکردن چارەسەر دەکات! چ پێویست دەکا بە شێوەیەکی رەها، خۆی لە بارەی یەکەم سورەتی خۆی بڵێ(هیچ گومانی تێدا نیە)؟ ئەنجا ئەو کەسانە دیاریدەکات کە بڕوایان پێ هەیە: کەسێك بڕوا بە غەیب دەکات و نوێژی بۆ دەکات! بە وشەیەکی تر، کەسێك کوێرانە بە بێ هیچ لێکدانەوەیەك قبووڵی بەرامبەرە(کام بەرامبەر؟رەنگی؟کاری؟بەرهەمی؟زمانی؟...هتد) نەدیارەکەی بکات و بەدووی بکەوێت. ئەقڵ، مەنتق شوێنی نییە لەو زمان و دووانەو مەرجی گومان نەکردن دەکات بە پێشمەرج بۆ ئایەتەکانی تری ٤و٥ کە هیچ شتێکی ئەوتۆ ناڵێن! مرۆڤی سەردەمی ئێستا، بە پێی پرسیار، گومان، گەڕان بە دوای راستییەکان و بەرژەوەندییەکانی چین و توێژەکانیان هەنگاو دەنێن. تا دانوساندن لە بارەی بابەتێك دەکرێ، دەیان گومان، جۆری خەبات و نەخشەی ستراتیژی سەرهەڵدەدەنەوە!

---

[88]/ الم. ذلك الكتاب لاريب فيه، هدى للمتقين. الذين يؤمنون بالغيب و يقيمون الصلوة و مما رزقناهم ينفقون.

سەیر ئەوەیە لە ئایەتی: (*گەلی خودانەناسانیش بترسێنی یان ترسیان وەبەر نەهێنی، وەکو یەکە، ئەوان لە باوەڕی هێنان خۆ دەبوێرن.*) دان بە سەربەخۆیی ئیرادە و بڕیاری مرۆڤەکان دەنیّ، بەلاّم پاشان ئەم سەربەخۆیی بڕیاردان و بیّ هوودەیی ترس وەبەر خستنە پاش یەك ئایەت لیّ یان دەستێنیّ، دەکەوێتە ناکۆکی لەگەلّ لۆژیکی خۆی، وەك بلێی پێشتر خۆی بڕیاری داوە بەشێك لە خەلّکەکە بکا بە خوانەناس، دلّ و گوێشیانی مۆر دەکا و بە خۆیشی پەردەیەکی لەسەر داناوە!! بڕوانە ئایەتەکە: (*لە خوداوە دلّ و گوێیان مۆر کراوە و پەردەیەکیش بە بەرچاویاندا کشاوەو بەشیان ئازاری بە ژانە.*) هەمان گەمە لە ئایەتی ١٠( *دلّیان دەغەزێکی هەیە و خوا دەغەزی پتر کردوون، لە سەر ئەم درۆکردنە، بەشیان ئازاری بەژانە.*) دووبارە دەبیتەوە. "خوا" لێرە بە رق و قینەوە بەرخورد دەکا. ئەوە چۆن دلّۆڤانییەکە دەغزی مرۆڤ زیاد دەکا، تەنانەت بە خۆیشی دلّ و کوێیان مۆر دەکا و پەردەیەکیشی بەسەر دادەنیّ و ئەوجا هەڕەشەی ئازاری بەژانیان لیّ دەکا!!...خوا دەست لە شەڕە جوێنی بازاڕیش ناپارێزی، گالّتە بە بیّ بڕواکان دەکاو هەولّ و هیوای سەرگەردانییان بۆ دەخوازیّ بە مەرجێك هێشتا هیچ نەبووە، تەنها یەك ئایەتی"دابەزاندووە". ئەم بۆچوونە لە ئایەتەکانی١٣،١٢،١١، و١٥دەردەکەویّ: ( *ئەگەر کەسیّ پێیان بێژیّ: ئێوەش سایری ئەم خەلّکە بڕوا بێنن، ئێژن: جا چۆن ئێمە وەك ئەو نەفامانە بڕوابێنین؟ با بزانن، کە خۆیان نەفامەکانن، بەلاّم بەخۆیان نازانن....خودا گالّتە بەوان دەکا و بەریان بۆ بەرهەلّدا دەکا، تا لە ئەو سەرکێشیەدا سەرگەردان بن.*). چونکە موحەمەد لە ناوەندو

پەیوەندییەکی بازرگانی گەورە بووە، بۆیە دەسبەجێ ووشەی بازرگان لە ئایاتە یەکەمەکان رەنگ دەداتەوە. ئەمەش لە ئایەتی١٦بەدیدەکرێت: *(ئەوانە راستەڕێیان دا بە گومڕایی و لە بازرگانییدا(سەودادا)تێ شکاوە و رێگەی راستیان بەدی نەکرد.)* هێشتا یەکەم ئایەت"دابەزیوە"، واتە هێشتا ئاینی ئیسلام دەرنەکەوتووە، هیچ ئایەتێك لە بەردەستدا نییە، کەچی باسی کافران دەکرێ!

هەندێ هەن داوای ئەوە دەکەن، قورئان بە پێی قۆناغی سەردەمی خۆی هەڵبسەنگێندرێت. ئەمە هەوڵێکە بۆ راکردن لەو راستییە کە مرۆڤی ئەمرۆ، تیزی دێ بە بۆچوونی ناوەڕۆکی ئایەتی١٧: *(ئەمانە بە مەرەدی کەسانێ چون کە خەریکی پێ کردنی ئاگرێك بوون، هەر کە رۆشنایی ئاگر دەوروبەری رۆشن کردن، خودا رووناکیەکەی بردن و لە تاریکێکی وادا وێڵی کردن، هیچ ئاشتەبایان نەدەدیت.)*

ئەوە چەندین سەدە تێدەپەڕێت، مرۆڤەکان وەك ئەفسانە قسەی وا دەگێڕنەوە، لە ئاستی گێڕانەوەی رووداوێکی حەقیقی کەس ناوێرێ رستەیەك لەو خەیاڵە پوچە، بگێڕێتەوە!

گاڵتەجاڕییەکە دەگاتە ئاستێکی نزم لە گەڵ ئایەتی١٩: (یانە بارانی بەلۆزەویان دەگەڵ هەورو چەخماخەدان لەو حەوایە بۆ بباریێ و بکەونە ناو تاریکایی، لە ترسی هەورەتریشقە، تلی لە گوێ یان ڕابکەن، نەکا بمرن. خودا دەورەی لەم خوانەناسانە داوە.)

ئەمرۆ مرۆڤ لەبەر بەرزی دەنگی هەورەتریشە دەست بە گوێیدا دەگرێ، نەك لەبەر مردن، هەروا هیچ پەیوەندییەك نییە لە نێوان هەورەتریشقە و دەورەدانی خوا بۆ خوانەناسەکان.

بەپێی خوێندنی رابردووم بۆ قورئان، بۆم دەرکەوت کە ئایەتی ٢٢(کە هیچ گومانی تێدا نییە لە لایەن مرۆڤەوە نووسراوە) بەدەیان جار دووبارە بووەتەوە. ئایا لە چ کتێبێکی زانیاری، بە چەشنی ئەم ئایاتە ئەوەندە دووبارەکردنیان تێدا بووەتەوە: *( ئەو خودایە*—ئاخر ئەگەر ئەم کتێبە کتێبی خۆا بێ، چۆن دەڵێ ئەو خودایە؟؟)*هەردی بۆ کردوون بە رایەخ، ئاسمانی بەرزکردەوەو ئاوێکی لەو حەوایەوە بۆ باراندن، هەموو جۆرە بەروبوی—بە هۆی ئەو ئاوە—بۆ رواندن. دەیسا کە ئەوەو زانیوە، چۆن شەریکان بۆ ئەو خوایە پەیدا دەکەن؟)*

هەمان ئەم دەقە لە ئاینە کۆنەکانی فەرعەونییەکان گوتراوە(سەیری نامیلکەی هەڵوێستی کۆمونیستی زانستی لە ئاین بکەن). چەندین دووبارەکردنی ئەم دەقە لە قورئان، یەکێکە لە نیشانە دیارییەکانی لاوازی ئەم پەرتوکە. بەبێ گومان لە شوێنی خۆیاندا سەرلەنوێ هێمایان بۆ دەکەم.

نووسەرەکەی چونکە گومانی لە راستی نووسینەکەی خۆی هەیە کە نەنێردراو قسەی خودا نییە، بەڵکو خۆی نووسیوێتی(دەیان بەڵکە ناو خودی قورئان ئەوە دەسەڵمێنن کە لەلایەن مرۆڤەوە نووسراوە) بۆیە سەرلەنوێ دەڵێ: *(ئەگەر لەمەی کە ئێمە بۆ عەبدی خۆمان ناردۆتەخوار بە گومانن و پێشتان وایە راستی بۆ چون، دەسا ئێوە وێرای هاوباوەڕەکانتان*

*به گەلەکۆمەکی یەکتر–جگە لە خوا–سورەتێکی وەك ئەو بێژن.)*. ئاخر هێشتا چی"ناردووەتە خوارەوە"؟ بۆچی یەکسەر گرفتی گومان دەهێنێتە پێشەوە؟. ئەوجار هەڕەشە دەکات!لە ئایەتی٢٤دا بەزۆر پێی خەڵك دەکا بە کەوش: ( *ئەگەر نەوکرد–کە هەرگیز بۆشتان ناکرێ–سا بترسن لەو ئاگرەی دەستەچیلەی تەون و لەشی مرۆیەو هەر بۆ خوداناسەکان هەڵکراوە.)* ئەمە یەکێکە لە ریشەی کلتوری خۆسەپاندن لە ناو کۆمەڵگای عەرەبی ئەو سەردەمە کە تا ئێستاش هەر بەو حاڵە ماوەتەوە!

لەبەر ئەوەی دوورگەی عەرەب لەو سەردەم(ئێستاش) بێ بەش بووە لە باغات، رووبار و میوە، دەبینین، بیابان سەرتاپای گرتووەتەوە، دانیشتیوانەکەی خەونیان بە جیهانێك بینیوە پڕ بێ لە باغات و رووبار و میوە! هەر بۆیەش، نووسەری قورئان لەو سنورە تێنەپەڕیوە( ئایەتی ٢٥): (بەو کەسانەش کە بونە خاوەن باوەڕو ئاکار چاکن، موژدە بدە: باغاتێکی وایان دەبێ جۆباریان بەبەردا دەڕواو لە هەر میوەیەك بچێژن، ئێژن: بەرێ ئەمە کرابوە بەشی مەو ئێستا وێنەیان هێناوە. ژنەکانیان لەوێ زۆر پاك وخاوێنن، تا هەتایەش هەر لە بەهەشتا دەمێنن.)

سەرلەنوێ لە ئایەتی ٢٩نووسەر ئاماژە بۆ خودا دەکا. ( *هەر خۆیەتی هەرچی لە زەمیندا هەیە، بۆ ئێوەی بەرهەمهێناوەو ئەوسا پەرژایە بەرزایی و حەوت نهومی لێ دروست کرد. هەر ئەویشە ئاگای لە هەموو شت هەیە.)*


ئەگەر قورئان کتێبی"خودا" بێ، ئەوا دەبنووسی: هەر منم هەرچی لە زەمیندا هەیە...) یا دەینووسی: (هەر خۆیشم ئاگام لە هەموو شت هەیە.). یا بڕوانن بە ئایەتی٣٠: ( *ئەو کاتەی پەروەرندەی تۆ بە فریشتانی*

*راگەیاند: من دەمەوێ بریکارێك لە سەر زەمین دیاری بکەم، گوتیان: تۆ کەسێ وا دێنی لەوێدا خراپەبکاو خوێن برێژێ، کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەدەین؟ گوتی: ئەوی من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نیە.)*

لێرەشدا دەبێ"خودا" وەك خاوەن و نووسەری قورئان نەڵێ (گوتی) بەڵکو دەبێ بڵێ: ( گوتم ئەوی من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نیە.)

لە ئایەتی٣١نووسراوە: خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد...). لێرەشدا دەبێ وەك خاوەنی قورئان بڵێ: یا بنووسێ: من هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد.

لە ئایەتی٣٣یشدا نووسراوە: *(گوتی ئەی ئادەم...)*. دەبوایە لێرەش بنووسرابا: گوتم ئەی ئادەم، رێك وەك ئایەتی٣٤کە نووسراوە: (فەرمانمان دا، کڕنووش لەبەر ئادەم بەرن...).



٢ ـ السماء على هيئة بقرة يمسكها إله الهواء «شو» وآلهة أخرى. وعلى بطنها النجوم وسفينة الشمس (مقبرة سيتي الأول).

لە ئایەتی٦٨ نووسراوە: *گوتیان لە خودای خۆت پرسێ بکە پێمان بێژێ چ رەنگە؟ گوتی. ئێژێ چێڵێکی هێندە رەنگ زەردە، تواشاچی دڵخۆش دەکا)*[89]. ئایا خوا

---

[89]/ قالو أدع لنا ربك يبين لنا مالونها، قال انة يقول انها بقرة صفراء فاقع لونها تسر النظرين.

مانگایه وەك لەم ئایەتە نووسراوە؟؟!

ئەگەر تەماشای ناوی سورەتەکان بکەین، دەبینین زۆربەیان بە ناوی ئاژەڵەکانەوە ناو نراون! ئەی خۆ ناویان نانرێ سوورەتی ئینتەرنێت، ئێمیل، لاین مەنجمێنت، جیهانگیری و پسوشۆ تیراپی!ناوی سورەتەکان بەندە بە کلتوری گرنگترین ناوەندە بازرگانیەکانی دوورگەی عەرەب(مەکە و مەدینە) لە کۆمەڵگایەکی بەدەوی کە خەون بە مانگاوە دەبینن. خۆزگا بمانزانیبا لەو سەردەمە چەند مانگا هەبووە لەو ناوچەیە و کێ توانیویەتی مانگای هەبێ کە بێگومان تەنها خێزانە دەوڵەمەنەکان هەیانبووە. لەوانەیشە، مەسەلەی مانگابوونی خودا پەیوەندی بە تێگەیشتنی شارستانییە کۆنەکانەوە بێ( سەیری وێنەی سەرەوە بکە. سەرچاوە: ديانة مصر القديمة، ادولف ارمان، صفحة٣١، ترجمة: د. عبد المنعم أبوبكر و د. محمد أنور شكري)

وەك پێویستی، گرنگە باسی شێوەی نووسینی قورئان بکرێ، چونکە ئەمە یەکێکە لەو نهێنییانە کە وا دەکا، خەڵك بەشێوەیەکی ئاسایی تەماشای ئەم کتێبە نەکەن:

١/ قورئان بە زمانی عەرەبی کۆن نووسراوە، بۆیە زۆر کەسی عەرەبیش بە باشی لێ تێناگەن، تەنانەت ناتوانن بە بێ هەڵەش بیخوێننەوە!دەبێ ئەوەش بزانین کە زۆربەی دانیشتیوانی وەڵاتە عەرەبییەکان تا پێش چەند ساڵێکیش نەخوێندەوار بوون.

٢/ رێگە نەدراوە قورئان بۆ زمانەکانی تر وەربگێڕدرێت. ئەمە وای کردووە، ئەو گەلانەی بەزۆر کراون بە ئیسلام، بە زمانی عەرەبی نوێژەکەیان

بکەن(بۆ نموونە) کە هیچی لێ تێنەگەیشتوون. ئەم خاڵە بە باشی لەناو ملیونان کورد بەدی دەکرێ. قورئان لە زۆربەی ماڵاندا هەیە، بەڵام نە دەتوانن بیخوێنن و نەیش لێ تێدەگەن، هەر ئەوەندەیە دەڵێن " قورئان کتێبی خوایە و دەبێ لە ماڵدا هەبێ"!!

٣/ چیرۆکەکانی ناو قورئان و بەربڵاوی نەزانین و مردن ئەوجا باسە خورافییەکان لە بارەی دۆزەخ(پێشتر لە ئاینە کۆنەکانی فیرعەونی، سۆمەری، ئەکەدی و بابلی و سوبییەکانیش باس کراوە) گیانی ترسی چاندووە لە مێشکی خەڵك. ترس یەکێکە لەو پایە خەتەرناکانە کە قورئان لە سەری دامەزراوە....

ئەگەر دیقەتی ئایەتی ٤٦و ٤٧ بدەین، دەبینین لە یەکەمەکەی خوا بە غائب دادەنێ و نووسەرەکە دەدوێ: (ئەو کەسانەی سووردەزانن توشی پەروەرێنیان دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خۆی). لێرە یەکێك باسی خوا دەکا، بەڵام لە ئایەتی ٤٧ نووسراوە: ( ئەی زارو و زیچی ئیسرائیل! بیر لەو چاکە بکەنەوە کە <u>من دەربارەتانم کرد</u>، لە چاو خەڵکی هەموو دنیا پتر رێزم لە ئێوە نا.)!لە ئایەتەکانی ٤٩، ٥٠، ٥١،٥٢، ٥٦، ٥٧بە پێچەوانەی شێوەی نووسینی ئایەتەکانی تر، نووسەرەکە هیچ ناڵێ، "خودا" راستەوخۆ"دەدوی"، وەك: <u>ئەوسا کە رزگارم کردن</u>... <u>ئەوسا کە ئێمە دەریامان بۆ قەڵاشتن و نەجاتن دان</u>... لە پاش ئەمەش لێتان خۆش بووین...هتد.

له ئایەتی٥٧ و٦٠دووبارەی یەك شت دەکرێتەوە. لە یەکەمیان: (... *بخۆن لەو بژیوە پاکەی بەشمان داون...*)و لە دووهەمیشیان نووسراوە: ( *..سا لەوبەشەی خودا داویە بخۆن، وەخۆن...*)

له ئایەتی٦٥دا جوێنفرۆشی بازاڕییانە بەکاردەهێندرێت: *(...پێمان گوتن: مەیمونی ترۆکراو بن.)*. ئایا رۆژنامە کوردییەکان جوێنی وا لە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکانیان بلاّو دەکەنەوە؟؟

من خۆم دەپارێزم لە چیرۆکە چڕوکەکانی ئەم کتێبە، چونکە دوورن لە گشت مەنتیق و عەقڵ. بۆ نموونە ئەمە یەکێکە لەو چیرۆکانە کە باس لە موسا و بێبڕواکان دەکا: لە ئایەتی ٦٩. (*گوتیان لە خودای خۆت پرسێ بکە پێمان بێژێ چ رەنگە؟ گوتی. ئێژێ چێڵێکی مێندە رەنگ زەردە، تواشاچی دڵخۆش دەکا*)[90]. ئایا خوا مانگایە وەك لەم ئایەتە نووسراوە؟؟!

له ئایەتی٧٠، ٧١ نووسراوە: (*گوتیان لە خوداکەت بپرسە با پێن بلێ چۆن چۆنیە؟ مانگا سەری لێ تێك داوین، ئەگەر خودا خۆی حەز بکا دەتوانین شارەزاببین.*

*گوتی: ئێژێ نە چێڵێکی هەڤوتییە(رامێنراو) جوتێ بکا و نە ئاودەکێشێ بۆ زەوی، هیچ پەڵەشی تێدا نیە...*). ئایا ئەم گفتوگۆو بەراوردکردنە چەند بە ئاینی کۆنی فەرعەون و لە پاشاندا ئاینی هیندۆسەکان پەیوەندی هەیە؟

ئایەتی٧٨دەڵێ: *لەوانیشدا ئی وا هەن کە نەخوێندەت و بێژگە ئارەزوو، لە کتێب سەردەرناکەن، ئەمانە هەر لە خەیالاّت و گوماندان.*) ئەگەر لە چاوی ئەمڕۆ بدوێین، دەتوانین بلێین، ئێستا ئێمە خوێندەوارین و گومان

---

[90]/ قالو أدع لنا ربك يبين لنا مالونها، قال انة يقول انها بقرة صفراء فاقع لونها تسر النظرين.

لەم کتێبە خەیاڵاوییەمان هەیەو رسوای دەکەین، بە پێچەوانەوە، ئەوە نەخوێندەوارەکانن هێشتا بەم پڕوپووچییە بڕوا دەکەن.

ئایەتی ٨٣،٤٣، ١١٠دووبارەکردنەوەی:( *نوێژبکەن و زەکات بدەن*)ە.

لە ئایەتی٨٩دا خودا بە خۆی باسی خودا دەکا وەك بوونێکی سێهەم: (*هەر کاتێکی کتێبێکیان لە لایەن خوداوە بۆ دێ و ئەم کتێبەش دەسەڵمێنێ کە ئێستا لە لای ئەوانەو لە پێشووشدا گەرەکیان بوو بە سەر خودانەناساندا زاڵیان بکا، کەچی وەختێ هات و ناسیان، بە گژیدادێن. دەسا کەسانێ دژ بەون، بەر نەحلەتی خودا کەون.*)

ئەوە بۆ چەندین جارە لەم سورەتە دووبارەی(*ئەم عەرز و عاسمانە هەر موڵکی خوان*)کراوە، سەرەڕای ئەوەش لە ئایەتی١١٧دووبارەی دەکاتەوە( *داهێنەری عاسمانەکان و زەمینە*)، لە ئایەتی ١٦٤یدا دووبارەکراوەتەوە: (*لە سازدانی ئاسمانان و زەمین...*)لە ئایەتی ١٠٧، هەروا دووبارەکردنەوەی(خودا هەموو کارێکی پێ دەکرێ)کراوە.

یەکێك لەو ئایەتانە کە هانی کەلەپووتەکان دەدا بۆ کوشتن و بڕین و خۆ تەقاندنەوە ئەم ئایەتەیە:( *بەو کەسانەی لە راهی خودا دەکوژرێن، مەڵێن مردوون، بەڵکە زیندوون، بەڵام ئێوە پێ نازانن.*).

ئایەتی١٧٨گیانی تۆڵەسەندن دەچێنێ: ( ئەی خاوەن دڵانی وشیار! ژیانوو بە تۆڵەوە بەندە، بەشکو خۆتان بپارێزن).

ئایەتی١٨٠میرات و موڵکایەتی دەپارێزێ، بە پێچەوانەی بیری کۆمونیستی کە یاساکانی میراتگەری لە بنەوە هەڵدەوەشێنێتەوە، بە ووتەیەکی تر،

کۆمونیزم چارەسەرێکی مرۆییانەتری هێناوەتە ئاراوە بۆ کێشەی میرات، بەوەی کە موڵکایەتی لەناو دەبات!

تەرەسەکانی ئەنسار ئەلئەسلام بۆ تاوانی ئەم دواییەیاندا ئایەتی۱۹۳یان(لە سورەتی ئەنفالیش دووبارەکراوەتەوە) لە سەر بەیاننامەکەیان نووسیبوو: (لە کوشتنیان وەچان مەدەن تا ئاژاوە لە دنیا بنەبڕ دەبێ و دین هەر دینی خودا دەبێ، ئەگەر ئەوان دەسبەردار بوون، دەست درێژی هەر لە دژی ناهەقانە). ئەم ئایەتەش کوشتن و سەربڕینی کردووە بە ئەرکی خواناسان لە پێناوی دامەزراندنی دەسەڵاتی خودا. ئەم تاوانە و تاوانی جینوساید هەر بە ناوی سورەتی ئەنفالی ئەم کتێبە بۆگەنە بەرپاکرا لە دژی پتر لە۲۰۰هەزار کوردستانی کە زۆربەیان هەژار و بێتاوان بوون. ئەم مرۆڤکوژانە سبەی تاوانێکی تر بە ناوی ئایەتێکی ترەوە ئەنجام دەدەن...

ئایەتی۲۱٦بانگەوازی جەنگ و کوشتن دەکا. هەر رێکخراوێکی ئیسلامی بییەوێ جەنگ رابگەیەنێ دەتوانێ لە هەموو کاتێك بە ئاسانی پشت بەم ئایەتە ببەستێ. لێرە نووسراوە: (خەزاتان لەسەر نووسراوە، هەرچەندە خۆشتان لێی نایە. رەنگە لە شتێك حەزنەکەن بەڵام بۆتان وەخێرگەڕێ، رەنگیش هەیە ئاوات بۆ شتێ بخوازن کە ئاکامەکەی باش نەبێ، خوا دەزانێ و ئێوە سەری لێ دەرناکەن.). بەهەمان شێوە، ئایەتی۲۱۸بووە بە بنێشتی زێر زوبانی ئیسلامییەکان: ( ئەوانەی لە رێگەی خودا دەربەدەرن و باوەڕیان بە خودا هەیە و لە رای خودا چوونە خەزا، بە هومێدن خوا بە چاکە وەیان خوێنێ، خودا لەوانە دەبوێرێ و دلۆڤانە.)

ئیسلامییەکان دەڵێن قورئان رێز لە ژنان دەگرێ، مافی ژنانی داوە. ئەمە لە ئایەتی۲۲۱بە باشی دەردەکەوێت چەند خوێڕی و دڕندانە تەماشای ژنان دەکەن. ئاخر چونکە قورئان بە زمانی پیاو نووسراوە، بۆیە تێفکرینی پیاو تێدا رەنگی داوەتەوە. لەم ئایەتە نووسراوە: ( *خواستن و شووپێکردنی بت پەرستان بۆ مێرو ژنی باوەڕدار رەوا نیە، با زۆریشیان حەز لێ بکەن، هەتا نەبنە خاوەن باوەڕ ناشێ بیانکەنە هاوسەرتان. کەنیزو بەندەی باوەڕدار بۆ هاوجووتی، لە مێرو ژنی ئازادی خودانەناس هێژاترن. ئەوان گەرەکیانە ئێوە بەرەو جەهەندەم راکێشن...)*

ئاخر ئاینێك کەنیزەی قبووڵ بێ، چۆن پیرۆزە؟ ئاینێك ویستی خۆشەویستی کچ و کوڕێك لە ژێر پێ دابنێ، چی پیرۆزە؟

لە ئایەتی۲۲۲ هاتووە: *(لەمەڕ عوزری ژنانەوەش لێت دەپرسن، بێژە: ئەویش ئازارێکە، ئەو چەند رۆژەی خوێنیان هەیە، سەر جێییی ژنانوو مەکەون، راوەستن تا پاك دەبنەوە. هەرگا لە خوێن پابوونەوە، لەو جێیەوە کە خوا فەرمانی پێداون بۆیان وەژن. خوا لەو کەسانە خۆشی دێ کە لە گوناح پەژیوانن و دەیانەوێ بە پاك و خاوێنی بژین.)*

١/ ئەمەیە زمانی باوکسالار.

٢/ مەسەلەی جووتبوون، وەك ئارەزووی هەردوو هاوسەر تەماشای ناکرێ، بەڵکو وەك ئارەزووی پیاو و فەرمانی خودا. ژن لێرە هیچە، کراوەیە، نەك وەك پیاو بکەر.

٣/ ژنان بە پیس و گلاو دادەنرێن لەو رۆژانە خوێنیان دەبێ.

٤/ کە"پاکەوبوون" خوا بە پیاوان دەڵێ"بۆیان وەژن"!!

ئەمەیە نموونەی زمان و کرداری پۆخڵی پیاوسالاری کە ئێستایش پەیرەو دەکرێ!

ئایەتی ٢٢٣نموونەی بێ ئەخلاقی و بێ رێزی ئاینی ئیسلام و قورئان پیشان دەدا. لەم ئایەتە نووسراوە:(*ژنانوو کێڵگەی خۆتانن، لە هەرکوێوە دەتانەوێ، بچنە کێڵگەی خۆتانەوە، تۆشەیەکیش وەپێش خۆخەن. دەبێ لە خوداش بترسن، بیشیزانن دەگەڵ خوا رووبەڕوو دەبن. مژدەش بدە بەوانەی خاوەن باوەڕن.*)

ئەوی ئەمڕۆ ئاوا بپەیڤێ، بە سەرسەری و شەلاتی ناونووس دەکرێ، کەچی مەخابن، لە قورئان ئەو بۆچوونە نووسراوەو کەلەپووتەکان بە کتێبی پیرۆز لە قەڵەمی دەدەن.

٢٠٠٢/١٢/١٢

## سورەتی ئالی عومران

لە دواییدا دەکرێ بگوترێ، سورەتی مانگا یەکێکە لە سورەتە سەرەتاییەکان، نووسەرەکەی هێشتا بەباشی سەرقاڵ نەبووە لە پرۆژەکەی، رێك لە چێشتی مجێور دەچێ، باسی هەموو شتێکی تێدایە. هەر لە سزای کافران، درووستکردنی ئاسمان و زەمین، جەنگ، ئادەم و حەوا، زەکات و نوێژ، موسا و زارو زێچی ئیسرائیل، حەرامکردنی گۆشتی بەراز و تا دەگاتە باسی جووتبون، جیابوونەوەو زۆر شتی تریش تێکەڵ و پێکەڵ کردووە کە هیچی بە سەر یەکترەوە نییە....

١/ له یەکەم پەڕەی ئەم سورەتە چەندین دەربڕین کە پێشتر لە سوورەتی مانگاش هاتوون و لێرەشدا چەندین جار دووبارە کراوەتەوە، بۆ نموونە:

أ- لە ئایەتی٣:(*...ئەم کتێبەی-بەڕاست -کە بۆ تۆ ناردوە...تەورات و ئەنجیلیشی لە بەرا هەنارد*)...لە ئایەتی٤: (فورقانیشی-لەوەودوا-نارد *ئەوانەی لە نیشانەکانی خودا حاشایان کرد، جەزرەبەیان زۆر بە ژانە و خودا خاوەن دەسەلاتی تۆڵەستێنە.*) ئەوەندە هەڕەشەکردن دووبارە دەبێتەوە، باشترێکە قورئان ناوی هەڕەشەنامە بوایە.

ب- ئایەتی٧: (*هەر ئەویشە ئەم کتێبەی بۆ تۆ بە خەلات ناردوە.*)

ت- لە ئایەتی١١: (*خودا لە تۆڵەسەندن زۆر دژوارە.*)

پ- ئایەتی١٥، ١٤٦، ١٩٥، ١٩٨ دووبارەکردنەوەی بێ مانایە:( *بۆ ئەوانەی لە هەڵە خۆیان دەپارێزن، لە لای خوداوە باغاتێکی وایان دەبێ، جۆباریان بە بەردا دەڕوات و هەتا سەر هەر لەوێ دەبن و چەند ژنی پاك و بێ گەرد...*). ئایەتی ١٤٦:( ئەوانەی پاداشیان لە لای خودا لێ بووردنە و باغاتێکە کە جۆبارران بە بەریاندا دەڕۆن و هەر لەو باغاتە دەمێننەوە. بەه! چەندە جوانە پاداشی ئاکارچاکان. ئایەتی١٩٥: (ئەو کەسانەی لە زێدی خۆیان دەرکراون و لە رای من ئازاریان دیووە و چوونە خەزاو دژی منیان کوشتبێ یان بەکوشت چووبن، بێ گومانە گوناهیان دەکوژێنمەوەو لە پاداشی کردەوەیان دەیانخەمە ناو باغاتێك جۆباریان بەبەردا دەڕوا...). ئایەتی ١٩٨: (بەلام ئەوانەی وا

ترسیان لە خودای خۆیانە، باغاتێکیان دەبێ جۆباریان بەبەردا دەڕوا و تا سەر تیا دەبن و مێوانداری لای خودایە.)

ج- ئایەتی١٠: (ئەوێ ڕۆژێ ماڵ و عەولاد، دەهانای ئەوانە نایە کە خودایان نەناسیوەو چاری ناچار دەبنە دەستە چیلەی ئاگر.) ئایەتی٢١: (ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی خوایان حاشاکردو پێغمبەرەکانی خۆیان-لە خوت و خۆڕایی-دەکوشت...با بزانن جەزرەبەدانی بەژان بەشیان دەبێ). ئایەتی١٧٧: (ئەو کەسانەی لە باتی بڕوا بە خودا، بێ بڕوایی هەڵدەبژێرن، هیچ زیان لە خودا نادەن و جەزرەبەی بەژانیان دەبێ.) لە ئایەتی١٧٨: (...ئازارێکی ئاوڕوبەریش بەشیان دەبێ).ئایەتی١٨١:(سا بچێژن دەردی بەئاگرسووتانێ.). لە ئایەتی١٨٨: (...لە جەزرەبە رزگار دەبن، جەزرەبەی بەژان بۆوانە.)

٢/ ئایەتی ١٥تەنها روو لە پیاوانی خاوەن دین دەکات! تەنها بەم پیاوانە دەڵێت: ( دەبن بە خاوەنی چەند ژنی پاك"!!

أ- ئەی رۆڵی ژنانی خاوەن دین چییە لەم ئایەتە؟

ب- لێرەشدا بە زەقی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، نووسەری قورئان، فرەژنی بە مەرجی پاك و بێ گەردییان بۆ پیاوان دابین دەکات!!رۆڵی ژنانیش وەك هێمای بۆ کراوە، تەنها نزمکردنەوەیانە بۆ ئاستی سێکس.

٣/ ئایەتی٢٩: (بێژە: ئەوەی وا لە دڵتانایە ئەگەر بیشارنەوە یا دەریخەن، خوا دەیزانێ و لە هەر چێکیش لە ئاسمان و زەویندایە، ئاگادارە و لە سەر هەر شت توانایە.)

ئاخر بۆ چەندین جاری تر ئەم دێڕە دووبارە دەکرێتەوە و بۆچی، ئەگەر ئەم کتێبە بە گومانێکی زۆرەوە نەنووسرابێ؟

٤/ ئایەتی٣١: (بێژە: دەبێ بەرفرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بن. جا ئەگەر لە فەرمان دەرچوون، ئیتر خودا لە خوداناسان حەزناکا.

سەرلەنوێ باسی ملکەچکردنە بۆ خودا و پێغەمبەر، سەرلەنوێ باسی حەزنەکردنی خوایە لە کافران...کوشتن، سوتاندن، ئازاری بەژانی کافرانە.

سەیر ئەوەیە، لە قورئان ئەو هەموو بانگەوازی جەنگ، سوتاندن و برژاندنی هەمیشەیی هەیە، کەچی هەندێ گەمژەی ئیسلامی عەرەب کتێبێکیان بڵاوکردووە بە ناوی(مافی مرۆڤ لە ئاینی ئیسلامدا وەك :**حقوق الانسان فی القانون و الشریعة الاسلامیة، د.یوسف محمود صبح)!!**

٥/ ئایەتی٣٣: (ئادەم و نوح و نەتەوەی ئیبراهیم و بەرەی عیمران، لە خوداوە لە ناو خەڵکی هەموو جیهان هەڵبژاردەن، خوا پتر ڕێزی لەوان نا.)

- أ‌- سنووری قەرئان، دوورگەی عەرەبە، بۆیە هەڵبژاردەکان تەنها لەوێدا هەڵبژێردراون.
- ب- لە تەوراتدا، جووی بە گەلی هەڵبژێردراو داناوە.
- ت- نەك تەنها ئادەم، بەڵکو حەوایشی هەڵبژارد، بەڵام حەوای ژن، شایەنی ناوهێنان نییە.

٦/ ئایەتی٥٣: (ئەمان فێڵی خۆیان کردو خوداش فێڵی خۆی لێکردن، فێڵی خودا بە سەر هەموو فێڵێکدایە.)
وەك ئاشکرایە، مرۆڤ، خودای لە چەشنی خۆی درووستکرد، بۆیە دەبینین هەموو سیفەتەکانی مرۆڤی تێدایە و یەکێك لەوانە سیفەتی فێڵکردن.
سورەتەکانی٥٦، ٥٧، ٥٨، ٦٠، ٦١دووپاتکردنەوەیە بۆ"راستی دابەزاندنی" قورئان و چارەسەرکردنی کێشەی بڕوا دەکەن.
٧/ ئایەتی١٥١دەڵێ: (ئەوانەش کە خوانەناسن، چونکە بێ ئەوە بەڵگەیان لە حەواوە بۆ هاتبێ، هاوکار بۆ خودا دەناسن، ترسێ داوێژینە دڵیان، ئەنوایان لە ناو ئاگرە و جێی ناهەقان خراپترین جێگەی دەبێ.)
لە هەموو ئاینەکان یەك بەڵگە بڵاوکراوەتەوە لە بارەی بەڵگە ناردن لە ئاسمانەوە، ئەوەش دووپاتکردنەوەی بوونی خودای تاقانە و بێ هاوسەرە.
بەڵام بۆچی لەم ئایەتە ئاماژە بۆ نەهاتنی بەڵگە لە سەر بوونی هاوکار بۆ خودا دەکا.
٨/ ئایەتی١٨٩،١٩٠دووبارەکردنەوەی یەك شتن کە پێشتریش چەندین جار دووبارە کراوەتەوە، مەبەست : (لە ئاسمان و زەمیندا فەرمان، فەرمانی خودایە و خودا بەسەر هەموو شتدا توانای هەیە.). لە ئایەتی١٩٠: (لە ئافراندنی ئاسمانان و لە زەمینداو ئاڵوگۆڕی شەوو رۆژان...).
٩/ ئایەتی١٩٣: (خودا! هەر کەس تۆ بیخەیتە ئاگر، تووشی شوورەییت کردووە. ئەوانە ناهەقیکارن، هیچ کەس دەهانایان نایە.)
باشە، ئەگەر قورئان کتێبی خودا بێ، چۆن خودا روو لە خودا دەکا و پێ دەڵێ(هەر کەس تۆ بیخەیتە ئاگر، تووشی شوورەییت کردووە)؟

١٠/ ئایەتی١٩٤: (پەروەرینمان! ئەو شتانەش بە ئێمە رەواببینە کە لە زوان پێغەمبەرانتەوە بەڵێنت پێمان داوە، شەرمەزاری رۆژی قیامەتمان مەکە. تۆ لە هەر پێمانێ بیدەی لاریت نیە.)

لێرەش کەسێك روو لە خودا دەکا و داوای لێ دەکا ئەو بەڵێنانە کە لە زوان پێغەمبەرانەوە داویەتی، بۆ خۆیشی بە رەوا ببینێ.

١١/ ئایەتی١٩٥سەرلەنوێ باسی باغ و جۆبارەکەیە!

١٢/ ئایەتی٢٠٠: (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! خۆڕاگر بن، لە خۆڕاگریشا لە پێشەوە بن. بۆ پاراستنی سنورگەل هەمیشە سازو تەیار بن. لە خواش ترسوو هەبێ، بەشکەم رزگار ببن.)

لێرەیش ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: بە درێژایی سورەتی بەقەرە و ئالی عومران، خودا خۆی بەرەی خاوەن باوەڕان سەر دەخا بە سەر دوژمنان، خۆی پشتوانییان دەکاو ئەوەی بییەوێ دەتوانێ بیکا، هەموو شتێك بەدەستی خۆیەتی، ئەگەر وابێ، ئەدی بۆچی بانگەوازی بەرەی باوەڕان دەکا بۆ خۆڕاگرتن؟ پاشان نووسراوە(بەشکەم رزگار ببن.)!!رزگاری چی؟ مەگەر ناچنە بەهەشت؟مەگە نابن بە مێوانی خودا؟ مەگەر ناچنە ناو باغ و باغات؟ ئەگەر ئەمە رزگاری نەبێت ، وەك نووسراوە، ئەدی رزگاری لە چی؟مەگەر نەنووسراوە، کافران ژێر دەکەون، جگە لەوەش شوێنیان دۆزەخ و ئازاری بەژان و سوتاندنن؟.

ئاخر کەمالی رەها چۆن کتێبی وا دەهێنێتە ئاراوە؟ هەموو سوورەتی ئالی عومران بریتییە لە چەند دێڕێك و بەس، ئەوانی تر تەنها دووبارەکردنەوەیەکی بێزارکەرە کە هیچ شتێکی نوێ ناڵێن.

## له بارەی سورەتی ژن

قورئان، رۆژی سەلاّ رادەگەیەنیّ، گوایە لەو رۆژەدا، هەموو مرۆڤایەتی دەچنەوە بەر دەستی "خودا"و چارەنووسیان بە دیار دەکەویّ. پیاو خراپان تا هەتا هەتایە بە ئاگری ناو دۆزەخ دەسووتێنرێن، بڕوادارەکانیش دەچنە بەهەشت. من لێرە هیچ ئەرزشێك نادەم بە گاڵتەجاڕی"دۆزەخ". ئەوەی گرنگ بێت، باسی بەهەشتە کە لە ئایەتی ١٥ی ئال عومران وەسفی کردووە: (... بۆ ئەوانەی لە هەڵە خۆدەپارێزن، لە لای پەروەرێنیانەوە باغاتێکی وایان دەبیّ، جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتاسەر هەر لەویّ دەبن و چەند ژنی پاك و بیّ گەردو سەرەڕای ئەو هەموو خۆشیە، رەزای خودایان پێدەگا. خودا چاوی لە عەبدەکانی خۆی هەیە.). ئەگەر مەسەلەی بەهەشت جووبار بیّ، ئەوا ئێمە ئەڵوەنی موبارەکەمان هەیە و ئەمبەرو ئەوبەریشی پڕ لە باغات بوو(ئەو باغانە بە بڕیاری لەشکری ئەڵلاهو ئەکبەر، تەختیانی کرد و ئەوەی مایەوە، دەستیان بە سەر گرت.)، بێخالّ، گەلی عەلی بەگ، زاوێتە، ئەحمەد ئاوا و سۆلافی زیبامان هەس(باسی ئەو سرووشتە فرە جوانانەی جیهان ناکەم). ئێرە، ئێرە بەهەشتە، بەلاّم

دەسەڵاتی چینە باڵادەستەکان لێیان کردووین بە دۆزەخ، ئاینەکانیش خوێڕیترین ڕۆڵ دەبینن: لە لایەکەوە دەسەڵاتدارە یا بوون بە بەشێکی گرنگ بە دەست دەسەڵاتدارانەوە، لەولاوە بێهۆشکەرێکە بۆ گێلکردن و ستەم قبوولکردن. نووسەری قورئان، بە هەموو ئەقڵییەوە، دەیەوێت بە"باغات وجۆباری بەردەمی"کە گەورەترین خەونی بیابان نشینەکانە، پاشقولمان لێ بدا، دەیەوێ بەو ئەقڵە، لە بەردەم لۆژیکی سەدەی بیست و یەکیشدا خۆی ڕاگرێ !

لەوەش عەیب و عارتر لەو کتێبە"پیرۆزە"ئەوەیە خەونی دێرینی پۆخەڵی باوکسالاری کردووە بە یوتۆبیا بۆ مرۆڤ،، مەبەستم دەربڕینی–ژنی پاك و بێگەرد–ە !

قورئان لە (سورەتی ژن)دا درێژە بەو بۆچوونە نامرۆڤایەتییانە دەدا.

١/ ئایەتی١دووبارەکردنەوەیەکی بێ مانایە، بۆیە بۆمان ڕەوایە ئەم پرسیارە بکەین: ئەوە چەندین جاری تر دەنووسرێ: (لە خودای خۆتان ترسوو هەبێ). ئاخر خەڵکینە، جگە لە دووبارەکردنەوەکانی ئەم دەربڕینە لە ئایەتەکانی پێشوو، تەنها لەم دوو دێڕە کورتەدا دوو جاری تریش نووسراوە: (لە خودا ترسوو هەبێ)! ترس کراوە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بڕوا پێهێنان.

٢/ ئایەتی سێ: (*ئەگەر لە مەڕ کیژە هەتیوانەوە، لەوە ترسان کە نەتوانن بە تەرزێکی حەق و ڕەوا دەگەڵیان بجووڵێنەوە، دەتوانن وازیان لێ بێنن و ژنانی تر–چەندی خۆتان پێتان باشە و پێتان دەشێن–مارە بکەن، دوان بن یا سیان پێکەوە یا چواریش بن هەر ڕەوایە. ئەگەر ترسان کە نەتوانن*

*ژنەکانتان وەکو یەك تەماشا بکەن، با یەکێك بێ یان وەل ئەوانە رابوێرن کە بوونەتە موڵکی خۆتان. بۆ خۆ لە غەدر پاراستن، ئەمە ئاکاری پەسەندە.)*

ئەمە هەموو دەقی ئایەتەکەیە وەك خۆی نووسیومەتەوە.

أ– ئەمەیە زمان و رەوشتی"بەرزی" قورئان. ئایا ئەمرۆ هیچ ژنێك هەیە قبوولٚ بکات بەو زمانە شڕ و دواکەوتووە لە گەلٚیدا قسە بکرێت؟ ژن بە پێی ئەم ئایاتە، وەك مەکینەی منداڵهێنان و خزمەتچێتی ناو ماڵ سەیر دەکرێت. پیاو بکەرە و ژن کراو. ئەمرۆ زۆربەی خەڵکی کوردستان فرەژنی رەتدەکەنەوە، ئاخر کێ دەوێرێ ئەمرۆ بیر لەوە بکات، ٢یا سێ ژن بهێنێ لەبەر ئەوەی منداڵی نابێ؟ هەروا زۆر حاڵەت هەیە، پیاوان بەرپرسن لە نەبوون بە خاوەن منداڵ. باشە، ئەگەر زانست بەم شێوەیەی ئێستا پێگەیشتووە لە بارەی منداڵهێنان، ئەوسا هەبوایە، قورئان چی دەوت؟ ئایا ژنانیش بۆیان هەیە، مێردی تر و دوو و سێ یا چواریش بکەن، چونکە مێردەکانیان نەزۆکن؟

ب– قورئان، ژن بە موڵکی پیاو دەزانێ.

٣/ ئایەتی٢: (ماڵی هەتیو بدەنەوە بە هەتیوان. ناپاك بە پاك مەگۆڕنەوە و ناڵی ئەوان تێکەڵ ماڵی خۆتان مەکەن، کە تاوانێکی مەزنە.) ئاخر ئەم ئایەتە چ پەیوەندییەکی هەیە لە گەڵ ئایەتی یەکەم و ئایەتی سێهەم؟ خۆش ئەوەیە، لە ئایەتی ٦سەرلەنوێ بۆ بابەتی هەتیوان دەگەڕێتەوە.

٣/ له ئایەتی ٤دا هاتووە: (وەك پێشكەشێك مارەیی ژنەكان بدەن. ئەگەر ئەوان هەر بۆ خۆیان شتێكیان لە مارەییەكە بە ئەنگۆ بەخشی، بیخۆن و نۆشی گیانووبێ.)

مارەیی، سەرقفلانەیە بۆ داگیرکردنی ژنان لەلایەن پیاوانەوە، ئەو تەوقەیە کە دەکرێتە ملییەوە و دەیکەن بە کویلەی پیاو...

٤/ ئایەتی٦، بەشێك لە كۆمەڵگای ئیسلامی پیشاندەدا. كۆمەڵگایەك پێكهاتووە لە دەوڵەمەندو نەدار. ئەمڕۆ ئەگەر تەماشای دەوڵەتە تیوكراتییەكان بكەین(ئیران، سعودیە، و هتد...) دەبینین هیچێكی تر نین لە كۆمەڵگایەكی چینایەتی. ئێمەش وەڵامی مرۆڤانەترمان هەیە بۆ كێشەی دەسەڵات و بیرو باوەڕ، ئەوەش بریتییە لە كۆمەڵگایەكی بێ چین، كۆمەڵگای ژیانی كۆلەكتیڤ و هاوسان.

٧/ زۆر پێكەنینم هات بە ئایەتەكانی٧، ٨، ٩، ١٠، چونكە، باش مردنم، هیچم نییە بۆ منداڵەكانم بەجێ بهێڵم...چەندین ملیون مرۆڤ وەك من هەیە كە بارودۆخی ژیانیان لە خوارەوەی منن؟لێرە ئەم پرسیارە دەكەم: ئەم ئایەتانە بۆ كێ"نێردراوە"؟ دوێنێ گۆڤارێكم بە دەست بوو، لە دوا لاپەڕەكەیدا وێنەو وتەی بێكارێكیان بڵاوكردبوو، كە ئەمەش كورتكراوەكەیەتی: جوانترین دیاری سەری ساڵ بۆ من، كاركردنە !...

٨/ ئایەتی١١: (خودا پێو رادەگەیێنێ: كە لەپووڕتان با بۆ نێرینە دووبەش و بۆ مێینە نیوەی بەشی نێرینە بێ. گەر ژمارەی مێینە لە دوان پتر بوون، دووبەش لە سێ بەشی میراتەكە ئەبەن)

أ- نامەویَ بە دوورو درێژی باسی ئەم خاڵە بکەم و تەنها بەوە بەس دەکەم کە مرۆڤایەتی گەیشتووەتە ئاستێك، ئەم ئایەتە لە بنەوە هەڵتەکێنیَ و"کوفری" یەکسانییەتی ژن و پیاو دەکەن. ئەمرۆ هیچ خاوەن ویژدانێکیش قبووڵی ئەوە ناکات، کوڕ دوو بەشی هەبیَ و کچیش یەك بەش. قورئان بە روونی بەرژەوەندی پیاو نەك لە ناو خێزان و کۆمەڵگا بە سەر ژن بەرزتر رادەگریَ، بەڵکو لە مەسەلەی میراتیش هەر وا دەکا.

ب- هیچ پێویستییەك نییە بە بەشی دووهەمی ئەم ئایەتە. بەراستی زۆر ساویلکانە نووسراوە.

٩/ ئایەتی١٣: (ئەم دەستوورانە سنوورن خوا دایناوە. هەر کەسێکی بە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بیَ، دەینێرێتە ناو باغاتێك جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتا سەر هەر تێدادەبن و لەو پەڕی بەختەوەریدان.)

ئەوە هەمدیسان باسی باغات و جۆبارەکەی بەردەمیانە....هیچ ناڵێم...

١٠/ ئایەتی١٤: (هەر کەسێکیش لە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی دەرچیَ و سنووری خوا بە هیچ بگریَ، دەیخاتە دوڕ(ناوەڕاست) ئاگرەوەو هەتا سەر لەویَ دەبیَ و بەو پەڕی سووکایەتیەوە ئازار دەدریَ.)

ئەمە شێوەی پەیڤینی دڕندەیەکە سنووری گشت فەنتازیایەکی سادیستانەی تێپەڕاندووە ! سوێند دەخۆم، رێك جەلادە سادیستەکەی ناو هەیئە خاسەی کەرکوکم بە بیر هاتەوەو چۆن بەوپەڕی سووکایەتییەوە ئازاری زیندانییەکانی دەدا....

١١/ تا ئێره باسی میرات و میرات دابەشکردن بوو، له پڕێکدا ئایەتی ١٥دەرگای بابەتێکی تر دەکاتەوه که هیچ پەیوەندی بەوانەی پێشووەوه نییە.

ئایەتی ١٥: (هەر ژنێکتان که هەستووکرد نامۆیان به خۆ فێر دەکەن، چوار کەسی خاوەن باوەڕیان بەرنەسەرێ–لەو عانەدا که لێك جووت بوون– وەختێ ئەوان هاتن شایەتیان له سەر دان، هەر له ماڵدا قەتیسیان کەن تا به مردن لەناودەچن یان خودا دەرەتانیان نیشان دەدا.)

چەند سەرەنج له سیناریۆی ئەم ئایەته بدرێت، هێشتا هەر کەمه! پیاوەکه دەبێ یەکەم جار هەست بەوه بکا هاوسەرەکەی نامۆیان به خۆ فێر دەکا، پاشان دەبێ ئەو"شەهامەتەی هەبێ هەستەکەی بۆ ٤باوەڕدار بگێڕێتەوەو ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕن بۆ ئەم ئەکتسیونه پڕ سەمەره! ئەوجا دەبێ هەر پێنجیان بۆسەیەکی زۆر ورد و به دیقەت دابنێن بۆ گەیشتن به لووتکەی تراژیدیا خوێناوییەکه، تا له کاتی جووتبوون بچنه سەریان. جا ئەوه حاڵه!ئەی ئەگەر هەستی پیاوەکه، هەستێکی بێفەڕ بوو و بەس، چی روو دەدا؟

ئەی ئەگەر ژنەکه هەستی کرد، پیاوەکەی نامۆیان به خۆ فێر کردووه؟ ئایا ژنەکەش بۆی هەیه ٤شایەتی له سەر بگرێت–لەو عانەدا که لێك جووت دەبن– وختی ئەوان شایەتی له سەر دان، ژنەکەش بۆی هەیه، پیاوەکه بکوژێ؟ نەخێر بیرۆکەی وا به خەیاڵی نووسەری قورئان نەهاتووه، تەنها بەوه بەسی کردووه، پیاوەکه بەشی دۆزەخ دەبێ و خۆ ئەگەر بکەر(پیاو)له

گوناهەکەی پەژیوان بوو، ئەوا خوا دلۆڤانە!!من سەرم سووڕ ماوە لەو زمانە رق و قینداره کوێرانەیە کە فەنتازیای تاوان سنووری فیلمە ترسناکەکانی هیتشکۆکی پەڕاندووە.

١٢/ ئایەتی٢٤: (...لە بەرامبەر ئەو لەزەتەی لە ژنەکانی دەبینن، ئەو ماڵەی خودا بۆیانی بڕیارداوەو کرای خۆیانە لە سەرتان، ئێوە بیدەن...)
ئەڵێی باسی جندەخانەیە! لەم ئایەتە، باسی لەزەت لە بەرامبەر کرێ دەکرێ!

١٣/ ئایەتی٢٥: (کێش دەستەنگە و ئەو ماڵەی بۆ هەڵناسووڕێ کە ژنی خاوەن باوەڕی ئازاد بێنێ، با لەو کیژە باوەڕدارانە وا بوونەتە ئی خۆتان، مارە بکا. خوداش لە هەر کەس زیاتر لە بڕواتان ئاگادارە. هەمووتان تیرەی یەکترن، بە دەستووری خاوەنیان مارەیان بکەن. چۆن باوە لە ناو خۆتاندا مارەییان بۆ ببڕنەوە. ئەوانیش با کەنیزانێ داوێن پاك بن، نە داوێن تەر، لە ژێرەوە دۆستی نێرینەیان نەبێ. بەڵام ئەگەر لە پاش ئەوەی هاتنەبەر رکێفی ئێوە، دەستیان دەگەڵ پیاوی نامەحرەم تێکەڵ کرد، ئازاردانیان نیوەی ئەو ژنانە دەبێ کە شوویان هەیە و ئازادن. ئەگەر ئێوە خۆڕاگر بن، بێ گومان بۆتان باشترە. خودا لە هەڵە دەبووری و دلۆڤانە.)
لەم"کتێبە پیرۆزە"رێگا بە بڕوادارانی داوە کەنیزەیان هەبێ. ئەمانە پلەی دووهەمیان پێدراوە لە پاش ژنی ئازاد. ئەو کەنیزانە کرابوون بە <u>موڵکی</u> خۆیان. قورئان کەنیزانی دابەشکردووە بۆ کەنیزی داوێن پاك و کەنیزی داوێن تەڕ و بە موسلمانان فرمان دەدا کەنیزە داوێن تەڕەکان

نەهێنن، جگە لەوەش بە موسڵمانە ڕەبەنەکان دەڵێ( ئەگەر ئێوە خۆڕاگر بن، بێ گومان بۆتان باشتر) ئاڵێرەش بە ناراستەوخۆ، هێنانی کەنیزە باوەڕدارەکانیش زۆر باش نازانێ، بۆیە داوای خۆڕاگرتنیان لێ دەکا!!

ئایا دەکرێ، ئەو بۆچوونانەی"خودا"بۆ کۆمەڵگای ئێستامان قبووڵ بکەین؟ ئەگەر جێگای قبووڵ نییە، بۆچی سیفەتی پیرۆزی بە قورئان دەدرێ؟. مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، هیچ نەبێ لە لایەن خەڵکی کۆمونیست و چەپ و هومانیست و لایەنگرانی مافی مرۆڤ نەفرەتی لێ دەکەن. کۆمەڵگای چینایەتی ئیسلامی سەردەمی محەمەد کە لە لای هەندێك بە نموونەی باڵا دەخرێتە بەرچاو و لە لایەن کۆلەکە مەلاکانەوە هێمای بۆ دەکرێ، ئەمەیە: کۆمەڵگای خاون پوول و هەژارانە کە قورئان داوای پاراستن و پەیڕەوکردنی دەکات! کۆمەڵگایەك بە چاوێکی نزمتر سەیری بەشێك لە مرۆڤەکان دەکات، بۆیە قورئان نموویەکی تری کتێبی دژە مرۆڤایەتییە. نموونەی کتێبێکە بۆ ڕاگەیاندنی چەوسانەوەی ژنان و تەحقیرکردنیان.

١٣/ ئایەتی٢٩: (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ماڵ و دارایی یەکتری-لە خوت و خۆڕایی-مەخۆن، مەگین بە سەوداو مامەڵە و بەڕازی بوون لە ناو خۆتان، کە ئەوسا پێتان ڕەوایە. بە هەق نەبێ نابێ یەکتریش بکوژن. خودا دەربارەی هەمووتان دلۆڤانە.)

أ- لەم ئایەتەدا چەسپاندنی پەیوەندی بازرگانی شوێن دەستی خۆی توند کردووە.

ب- سنووری حەق و ناهەق کوشتن لە کوێیە؟ ئەم پرسیارە بۆ بەزاندنی خودی حەق دەمانبات!

١٤/ لە ئایەتی ٣٢، ٣٣ هەمان بەزمی دووبارەکردنی بێ سەروبەرە: (خودا بۆ خۆی لە هەموو شت ئاگادارە)

١٥/ ئایەتی٣٣: (دای و باب خزمە زۆر نزیکەکان و ئەو کەسانەی پەیمانوو دەگەڵ گرێدان، هەر گا مردن وماڵێکیان لە دوا مابوو، با بەشی خۆیان پێ بگا. خودا لەسەر هەموو شتێ ئاگادارە.)

لە سەرەتای سوورەتی ژن، لە ئایەتەکانی٧، ٨، ١١، ١٢، ١٣، ئەم مەسەلەیە چارەسەر کراوە، ئایا ئەم دووبارەکردنەوەیە، کاڵفامی نووسەری قورئان ناگەیەنێت؟

١٦/ ئایەتی٣٤: (پیاوان بە سەر ژناندا دەسەڵاتیان هەس، کە خوا هێندێکی لە هێندێ هێژاتر بەدی هێناوە. دیارە پیاوان ئەرکی بەڕێ چوونی ماڵیان لەسەر شانە. جا ژنانی باش ئەوانن کە گوێ بیستن و- وەك خودا فەرمانی داوە-دوور لە شوویان شەرمی خۆیان دەپارێزن و ئاگایان لە ماڵێ دەبێ. ئەو ژنانەش لە ئەشقی بوونیان دەترسن، نسحەت کەن و جێگەیان لێ جیاکەنەوە، ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانووی ئازاردانیان مەدۆزنەوە. خودا جێی بەرزو زانایە.)

أ- قورئان رینمایی دەسەڵاتدارێتی پیاو بە سەر ژنەوە دەکا. خزمەتچێتی ناو ماڵی کردووە بە تاپۆ بە سەر ژنان. ئەمڕۆ ئەم قسەیە نەك هەر قسەی قۆڕە، بگرە باوگ مردگ دەکات بە

پێکەنین. بەشداربوونی ژنان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و سەربەخۆیی ئابوورییەکەی وای کردووە کە ژنیش دەتوانێ ئەرکی بەڕێ چوونی ماڵ لە ئەستۆ بگرێ. گۆڕینی بارودۆخی پەیوەندییە ئابوورییەکان وای کردووە، تیز بەم ئایەتە بکرێ. ئەی خۆ بە زۆر نییە، ئەم ئایەتە بۆ ئەمڕۆ ناشێ و ناگونجێ، کەچی ئیسلامییەکان بە زۆر دەیانەوێ رەوڕەوەی مێژوو بۆ دواوەوە ببەن.

ب- بە پێی ئەم ئایەتە، ژنان دەبێ گوێڕیەڵی پیاوان بن!!

ت- هەر کە پیاو ترسی ئەوەی لێ نیشت، ژنەکەی ئاشقەی یەکێکی تر بێ، تەسەور بکەن، تەنها ترسی لێ بنیشێت، بۆی هەیە دەست بە"نسحەت کردن"ی هاوسەرەکەی بکا، جێگاکەی جیابکاتەوەو رێگاشی پێدەدرێ لێیشی بدا! بەڕاستی ئەم کتێبە نەك هەر پیرۆز نییە، بەڵکو کتێبی....

پ- هیچ لۆژیکێك نییە لە دەربڕینی: (ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانوی ئازاردانیان مەدۆزنەوە)، چونکە پیاوەکە هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نییە، هیچی نەبینیوە، ژنەکە هیچی نەکردووە، هەر ئەوەندەیە، پیاوەکە ترسی لێ نیشتووە.

١٧/ ئایەتی٣٦: (عەبدایەتی خودا بکەن و هیچ شت مەکەن بە شەریکی...) دووبارەکردنەوەیەکی وەڕەسکەرانەیە و بەڵگەیەکی ترە بۆ دڵنیانەبوونی نووسەرەکەی. پاشان نەسیحەت دەکات بۆ چاکەکردن لە گەڵ خزم و کار و هاوسێ و...

١٨: ئایەتی٣٨، ٣٩: (ئەو کەسانەش کە بۆ رووبینی لە مەردم،ماڵی خۆ بەخت دەکەن و باوەڕیشیان بە خوا و رۆژی قیامەت نیە، (هەواڵەتی شەیان دەکەن)، هەر کەسیش شەیتان یاری بێ، خراپترین یاری هەیە. چیان لێدەهات ئەمانە، باوەڕیان با بە خوداو رۆژی سەلا و ئەوسا لەو ماڵەی کە خودا بەشی داون، بیانبەخشیبا؟ خوا بەکار و بری ئەوان باش دەزانێ.)

پێدەچێ نووسەری قورئان تێکەوتووە لە بەرامبەر ئەو جۆرە کەسانە کە چاکە دەکەن و بڕوایان بە خودا نیە! بۆیە هیچ وەلامی پێ نەبووەو تەنها"هەواڵەتی شەیتانیان دەکا"و پاشان پرسیار دەکا(چیان لێدەهات ئەمانە، باوەڕیان بە خودا و بە رۆژی سەلا و ئەوسا...)

١٩: ئایەتی٤٨: (خودا لەوانە خۆش نابێ کە بێژن هاوکاری هەیە....ئەو کەسانەی دەڵێن: خودا هاوکاری هەیە، بوختانێکی گەورەیان لە دەم دەردەچێ و تاوانێکی مەزن دەکەن.)

ئەمە ئایەتەش دەبارەکراوە. سەیر ئەوەیە ئیسلامییەکان دەڵێن، قورئان بە زمانێکی زۆر بەرز نووسراوە! بەلام پرسیار ئەوەیە، ئەم هەموو دووبارەکردنەوەیە مانای چی دەدا؟!

٢٠/ ئایەتی٥٦: سەرلەنوێ هەڕەشەو گوڕەشەی سووتاندن بە ئاگرە، ئەوەتە نووسراوە: ( ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی ئێمە حاشا دەکەن، لە دوا رۆژدا بە ئاگر دەیان سوتێنین هەتا پێستیان داپلۆخا، پێستی تریان بۆ دەگۆڕین تا ئازار پتر بچێژن. خودا خاوەن دەسەلاتی لە کارزانە.) چێژورگرتن لە ئەشکەنجە و ئازاردان هەموو سنوورێکی

بەربەرییەت بەزاندووە. بەرامبەر بەم دەقە کە ئۆستایانە نرخی مرۆڤ بە روونی دەکا بە هیچ، ئیتر چی باسی دادپەروەری، مافی مرۆڤ لە ئاینی ئیسلام دەکرێ؟

٢١/ هەمدیسا، دووبارەکردنەوەی قسەقۆڕەکانە: (ئەو کەسانەش کە بوونەتە خاوەنی بڕواو ئاکاری چاك رەچاو دەکەن، دەیانبەینە باغاتی وا جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتا سەر تیادەبن، *ژنانی پاك لە گش عەیب* و سێبەری پڕیان دەدەینێ).

ئایا ئەمە خۆ هەڵخەڵەتاندن و گاڵتەجاڕی بە خەڵك نیە؟

٢٢/ نووسەرەکەی بەو ئەقڵەوە، بەو کوشتن و بڕینە سادیستەوە، لە ئایەتی ٥٨باسی عەداڵەت دەکا! کام عەداڵەت؟عەداڵەتی بازرگان؟سەرۆك خێڵ؟ بۆرژوا؟ کرێکار؟

٢٣/ ئایەتی ٥٩ بانگەزای بەرفەرمان دەکا، وەك بلێی پێشتر دەیان جار ئەم بانگەوازەی نەکرابێ، جیاوازییەکەی ئەوەیە، لێرەدا داوای ملکەچیش دەکا بۆ کاربەدەستان. ئەم ئایەتە بەم شێوەیە دەستی پێدەکات: (ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەرفەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا و کاربەدەستانی خۆتان بن....)

٢٤/ ئایەتی٧٤، ٧٥، ٧٦ ئایەتی رەواپێدان و بەهەق ناولێنانی خەزاکردن لە رێگای خودایە. بۆ نموونە ئایەتی ٧٤ بەم شێوەیە: ( با ئەوانەی بۆ قیامەتێ دەس لە دنیایە هەڵدەگرن، بچنە خەزا لە رای خودادا. ئەوەش کە دەچێتە خەزا لە رێی خودا، چ بکوژرێ و چ سەرکەوێ، لەو دنیا پاداشتێکی گەورەی دەدەینێ.)

ئیتر بە هۆی ئەم جۆرە ئایەتانەوە کە پێشتریش لە سوورەتی مانگا و ئال عومراندا دووبارەکراونەتەوە، زەمینە خۆشکراوە بۆ شەڕوشۆڕی داگیرکردن، کوشتن و سەربڕینی"دوژمنان" و بە کویلەکردنی ژنان و کچانیان بە درێژایی مێژووی ئیسلام. ئایەتی ٧٦یش دووبارەکردنەوەیەکی بێ مانایە کە پێشتریش چەندین کەڕەت نووسراوە: (ئەوانەی خاوەن باوەڕن، خەزا لە رای خودا دەکەن. ئەوانەش کە خوانەناسن لە رێگەی تاغوت شەڕ دەکەن. دەسا بچنە شەڕی ئەوانەی دۆستی شەیتانن، فێڵی شەیتان زەبوون و بێ هێزو پێزە.)

٢٥/ لە ئایەتی ٧٧دا سەرلەنوێ داوای زەکات دەکات!

٢٦/ لە ئایەتی٨٣دا نووسراوە: (ئاخۆ ئەمانە لە قورئان وردنابنەوە-سەرەنجی رانەکێشاون-؟ئەگەر قەرئان کاری کەسێکی تر بوایە غەیرز خودا، دیارە مەبەستی ناڕێك و دژ یەکتریان فرە تێدا پەیدا دەکرد.)

ئاخر هیچ کتێبێك هەیە وەك قورئان ئەو هەموو سیفەتە دژانەی تێدا بێ؟ ئەو هەموو فەنتازییە سادیسانە لە کوێ و کەسایەتی یا بوونی دلۆڤان لە کوێ؟ راستی و ئەو هەموو گومانکردنەی نووسەری قورئان کە بەرێژایی کتابەکە دووبارە دەکریتەوە لە کوێ؟ ئەو کتێبە بە هەموو رەهەندێکی زانستی، بایەخی خۆی لەدەست داوە، ئاخر کام یاساناس دەوێرێ سزای سوتاندن بە سەر مرۆڤێکی تاوانبار بدا؟ئەی ئەو هەموو مەبەستە ئاستنزمە لە رادەبەدەرە لە بارەی ژنانەوە چی لێ بکەین؟

٢٧/ دووبارەکردنەوەی قۆڕو بێ مانای پڕ لە گومان سەرلەنوێ سەرمان سووڕ دەکا لە بارەی کتێبێکی وا ساویلکانە: (غەیرز خودا هیچ شت بۆ پەرەستن نابێ. لە ڕۆژی هەستانەوەدا–کە هاتنی بێ گومانە– لێکترو کۆدەکاتەوە. جا قسەی کێ لە قسەی خودا ڕاسترە؟.)

٢٨/ لە ئایەتی٨٨هاتووە: (...ئاخر ئێوە گەرەکتانە کەسێ خوا ڕێگەی لێ گوم کا، بیخەنە سەر ڕاستەڕێ؟ هەر کەسێ کە خودا ڕێگەی لێی بگۆڕێ، تۆ ناتوانی ڕێگایەکی بۆ پەیداکەی.)

ئاخر ئەوە ناکۆکی نییە، لە لایەکەوە"خوا"بە خۆی ڕێگە لە خەڵك وون دەکا" لە لایەکی ترەوە بانگەوازیان دەکا بۆ بڕواهێنان بە خۆی! لەولایشەوە نووسراوە، خوا پەخشندەیە و لێی دەبووری!!

٢٩/ لە ئایەتی ٨٩دا بە زەبروزەنگی تیرۆریستانە دەیەوێ خەڵك بۆ خەزاکردن ببا، ئەوەی لە گەڵیان نەڕوا، بانگەوازی کوشتنیان دەکا!. ئەمەش دەقی ئایەتەکەیە: ( ئەو دووڕوانە–هەر وەك خۆیان بێدینن– گەرەکیانە ئێوەش لە دینوو وەرگێڕن، ئەوسا وەکویەکتان لێ بێ. جا تا ئەوان لەڕای خودا خۆیان دەربەدەر نەکەن و وەلتان نەیێنەخەزایە، ئێوە دۆستایەتییان مەکەن. ئەگەر ئەم کارەشیان نەکرد، ئێوە لە هەرکوێ تووشیان بوون، ڕێی هەڵاتنیان مەدەنێ و فەراقی ڕەشیان لێ بېڕن. دەگەڵ هیچ کامیش لەوانە دۆستایەتیتان هەر نەبێ و یارویاوەر لە نێویانا هەڵمەبژێرن.)

٣٠/ لە ئایەتی ٩٠خوا دەسەڵاتەکەی بە موحەمەد دەداو بانگەوازی کوشتن کوشتن تا سەرکەوتن دەکا: (...لە هەر کوێ بەگیروهێنان بیانکوژن و

مەهێڵن لە دەستوو راکەن. ئەوا ئێمە لە سەر ئەوان دەسەڵاتی تەواومان داوە بە ئێوە.)

٣١/ ئایەتی٩٢دا بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە باوەڕدارەکان کویلەیان راگرتووە. سەیر ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی بەشێك لەو کویلانە بوون بە باوەڕدار، بەڵام هەر بە چاوی کویلە ناویان دەبەن و دەیانناسن، تەنها ئەوە نەبێ بەشێکیان ناو ناوە کویلەی باوەڕدار وبەشێکیان کویلەی بێ باوەڕ!!. لەم ئایەتە نووسراوە: (...هەر کەسێکیش باوەڕدارە و، باوەڕدارێ بە هەڵە بەدەست کوژراوە، دەبێ لە بری ئەو کوشتنە کۆیلەیەکی خاوەن باوەڕ ئازاد بکا و خوێنباییشی بدا بە کەس و کارەکەی....

٣٢/ ئایەتی١٢٢سەرلەنوێ بەڵێنی باغات و جۆبارەکە بە بڕوادار و ئاکار چاکەکان دەدا!! ئەمەش ئایەتەکە: ئەوانە کە بە بڕوان و ئاکار چاکن، دەیانبەینە ناو باغاتێك جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتا سەر تیادەبن. دیارە وادەی خودا هەقەو کێ لە خودا راستگۆترە؟) ئایەتی١٢٤دووبارەکردنەوەیەکی دوورە لە ئاسانترین شارەزایی نووسین: (هەر مرۆیەك هەر هێندە خاوەن باوەرو ئاکار چاك بێ، دەچنە بەهەشتەوەو بە ئەندازەی تڵیشی وردیلەی ناوکە خورمایەش ناهەقییان لێ ناکرێ.)

٣٣/ ئایەتی١٢٦دووبارەکردنەوەیە: (هەر شتێك لە ئاسمانان و زەمیندایە، هی خودایە و هەر خودایە لە هەموو شت ئاگادارە.)

٣٤/ ئایەتی ١٢٨: (ئەگەر ژنێك هەستی بەوە كرد مێردەكەی ئەشقی بوە یا نە روی لێ وەردەگێڕێ، قەیدی ناكا، هەوڵی لە هەڤ هاتن بدەن، ئاشتبوونەوە لەو دەردۆنگیە باشترە. خۆشەویستی ماڵی دنیاش لەلای هەموو كەسێ هەیە. جا ئەگەر چاكەی بكەن و خۆ لە هەڵە بپارێزن، خودا لە هەر كارێ دەیكەن ئاگادارە.)

لێرەدا دەبێ بەراوردی ئەم ئایەتە لە گەڵ ئایەتی ٣٤بكەین تا بە ئاشكرایی دووڕوویی قورئان لە بارەی مافی ژنانمان بۆ دەربكەوێت: ئەو ژنانەش لە ئەشقی بوونیان دەترسن، نسحەت كەن و جێگەیان لێ جیاكەنەوە، ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانووی ئازاردانیان مەدۆزنەوە. خودا جێی بەرزو زانایە.)

ئەگەر ژن ئەشقی بێ، پیاو بۆی هەیە لێیشی بدا، بەلاّم ئەگەر پیاو ئەشقی بوو، ئەوا نووسوری قورئان پێی دەڵێ"قەیدی ناكا، هەوڵی لە هەڤ هاتن بدەن، ئاشتبوونەوە لەو دڕدۆنگیە باشترە!!

٣٥/ ئایەتی ١٣١دووبارەكردنەوەیە: (بۆ خودایە هەر شتێك لە ئاسمانان و زەمیندایە...)

٣٦/ ئایەتی ١٣٢هەمدیسان: ( ئارێ هەرچی كە لەناو عاسمانان و زەمیندایە، سەر بە خوایە.)

٣٦/ئایەتەكانی١٣٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٠، ١٤١، ١٤٢، ١٤٣، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٨دووبارەكردنەوەی چەندین جاری بێ سەروشوێنی هەڕەشەكردن، ئاگرو بەهەشتە!!!

٣٧/ خوێنەری خۆشەویست! وەك دەزانن، لە سەرەتای سورەتی ژن، قورئان باسی میراتی کرد، باسی دووبەشی پیاو لە بەرامبەر بەشێکی ژنی کرد، کەچی ئەوا سەرلەنویَ لە کۆتایی سوورەتەکە، لە ئایەتی١٧٦دا نووسراوە: (...هەر نێرینەی دوو ئەوەندەی مێینە میرات دەگریَ...) دووبارە دەکرێتەوە! باشە، ئێستا چی لەم بارەیەوە بنووسم؟ وەلاَمی ئەم پرسیارە بۆ بەرێزتان دەهێڵمەوە!هەر ئەوەندە دەلێّم تف لە جەهل و دواکەوتن!                    ٢٠٠٢/١٢/٢٢

## لە بارەی سورەتی ئەلمائیدە

١/ لە ئایەتی٢هاتووە: (*...لە سەر چاکەو پارێزگاری، یارمەتی یەکتری بدەن، نەك لە سەر تاوان و غەدر. ئەشیَ لە خودا بترسن،* چونکە *خودا نافەرمانان زۆر بە توندی تەمیَ دەکا.*)

ئەمە یەکێکە لەو ئایەتانە کە زۆر دەگوترێتەوە، گوایە"خودا" تاوان و غەدر قبوولْ ناکا!. ئەی بانگەوازی خەزا و جەنگ، تاوان و غەدر نییە لە گیان و مالْ و حالْی خەلْك کە لە ئایەتەکانی تر بە دەیان جار بانگەوازی بۆ دەکریَ؟

٢/ له ئایەتی٣ هاتووە: ( له سەرتان حەرام کراوە مردارو خوێن و گۆشتی بەراز ...)

له سورەتی بەقەرە ئایەتی١٧٣فەرمانی حەرامکردنی گۆشتی بەراز دراوە، ئەی له سوورەتی ئەلمائیدە بۆچی سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە؟

٣/ له ئایەتی٥ هاتووە: وا له مڕۆڕا هەموو شتێکی خاوێنتان بۆ رەوایە، ئەو شتانەش کەوا ئەهلی کتێب دەیخۆن پێورەوایە. هەر وەك خواردەمەنی ئێوەش بۆ ئەهلی کتێب رەوایە. ژنانی خاوەن باوەڕ و ئازاد و داوێنپاکیشتان بۆ رەوایە و ئەو ژنە داوێنپاکانەش کە بەر له ئێوە کتێبیان پێدراوە، بەو مەرجە کە مارەییەکانیان بدەنێ. خۆشتان دەبێ داوێن پاك بن نە داوێن پیس. دۆستی مێوینەشتان له ژێرەوە نەبێ. هەر کەش له باوەڕی هێنان حاشا بکا، کردەوەی بە فیڕۆ و رۆژی سەلاّش له زیانبارانە.)

أ- دوو جار له سەر یەك خواردنی بەراز حەرام دەکرێت، کە چی لەم ئایەتە نووسراوە(ئەو شتانەش کەوا ئەهلی کتێب دەیخۆن پێوڕەوایە ! !

ئەدی ئەهلی کتێب بەراز ناخۆن؟ !

ب- چونکە قورئان دەربڕینی ئەقڵی پیاوی خێڵە، بۆیە له بارەی هاوسەرێتی تەنها بە زمانی پیاوەوە دەدوێ، پیاو له سەر ژن بڕیار دەدا، ژنانی کردووە بە چەند پلەیەك: ژنی داوێنپاك، ژنی ئازاد، ژنی داوێن پیس، ژنی کویلە، ژنی کویلەی باوەڕدار ، ژنی کویلەی بێ باوەڕ.

ج- باوەڕداران رەوایە بۆیان ژنی داوێنپاکی ئەهلی کتێب بهێنن! ئەی بە پێچەوانەوەش دەبێ؟ ئەی مەگە له سوورەتی ژن (ئایەتی٢٥)نەنووسراوە: (هەمووتان تیرەی یەکترن) ! !

٤/ ئایەتی٩: (ئەو کەسانە باوەڕدار و ئاکار چاکن، خودا بەڵێنی پێداون کە لە گوناهیان دەبووریٚ و پاداشتێکی زۆر گرنگیان پیٚ دەبەخشیٚ.)
ئایا پاش ئەو هەموو پەیمان و بەڵێنە بیٚ ئەرزشانەی قورئان کە پێشتر بە دەیان جار نووسراوە، هیچ پێویستیەکی تایبەت هەیە بە نووسینی ئەم ئایەتە؟
٥/ ئایەتی١٠: (ئەوانەش کە بوونە خودا نەناس و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆزانی، گشتیان هەواڵی ئاگرن.)
ئەی لێرە ئەم هەڕەشەکاریە مانای چی دەدا؟. دەیان جار ئەم پەرەگرافە دووبارەکراوەتەوە؟
٦/ ئایەتی١٢و٨٥دووبارەکردنەوەی داوای نوێژکردن و زەکات دانەو سەدبارەکرنی باغات و جۆبارەکانی بەردەمیانە. بە پێویستی نازانم دەقەکان بنووسمەوە.
٧/ ئایەتی١٧، ١٨و ٩٨دووبارەکردنەوەیەکی بێفەڕە: (موڵکایەتی ئەم ئاسمان و زەمینە سەر بە خوایە و چی پیٚ خۆش بیٚ وەدی دێنیٚ و هەر خودایە لە سەر هەموو شت توانایە.)
٨/ ئایەتی٣٨: (هەر کەسێکی دزی بکا لە سزای دزی کردنیٚ دەبیٚ هەردوو دەستیان ببڕن، کە ئەمە تەنبیٚ کردنە لە خواوە. خودا خاوەن دەسەلاٚتی لە کارزانە.)
حکمەتی ئەم قسەیە چییە؟ چێتر نییە بۆ ئەو"خودایە" کە دەسەلاٚتی رەهای هەیە بە سەر هەموو شتێکدا، بلٚیٚ: هۆکانی دزی لەناو ببەن؟
٩/ ئایەتی ٣٩، دووبارەکردنەوەیە.

١٠/ هەر بە جارێ دووبارەکردنەوەیەکی قۆڕ و بێ مانایە: (ئەدی تۆ خۆت نەتزانیوە ئەم ئاسمانان و زەمینە موڵکی خودان؟ هەر کەسێ خۆی مەیلی لێ بێ لێی دەبوورێ و هەر کەسێکیش خۆی حەز کا ئازاری دەدا؟ خودا لە سەر هەموو شتێك توانای هەیە.)

١١/ ئایەتی٥٥: (دۆستی ئێوە هەر خودا و پێغەمبەریەتی و ئەو دەستەی باوەڕدارانەن کە بۆ نوێژ و زەکات دەڕۆن و بەرەو خودا لە کڕنۆشدان.)

دووبارەکردنەوەی ئەم ئایەتانە بەڵگەی گومان لە خۆکردن، فێڵبازی، نەزانی و گێلایەتییە و هیچی تر. ئەمەیە ئاستی نووسینی بالاّ؟

١٢/ لە ئایەتی٦٠باسی ئەوە دەکرێ کە خودا نەحلەتی لە هەندێ کەس کردووە و هێندێکیانی کردە مەیمون، هێندێکیانی کردە بەراز....

ئەوە١٤٠٠ساڵ بە سەر ئەم نووسینە دەڕوات، کەس بە نووسین یا بە چاوی خۆی شتی وای نەبینیوە!

١٣/ ئایەتی٨٦لە رادەبەدەر دووبارەکراوەتەوە: (ئەو کەسانەش کە دژ بە دین وەستاونەوەو نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانی، دیارە جەحەندەم جێیانە.)

لەم بارەیەوە پێویست بە هیچ دەربڕینێك ناکات!

جگە لەو ئایەتانە کە لە هیچ و خۆڕایی و بە بێ تام و لەزەت بۆ چەندین بار دووبارەکرانەتەوە، باسی کۆمەڵێ نەریت و یاسای ناو کۆمەڵگای عەرەب دەکا. بۆ نموونە حەلاڵ و حەرام کردنی راوکردن و خواردن. کەرچی پێشتر باسی شەرنەکردن کراوە لە حەرامەمانگەکان، بەلاّم سەرلەنوێ لێرەشدا دووبارەکراوەتەوە. کە باسی خواردنە حەلاڵەکان دەکرێ، لە گەلیشدا

باسی حەلاڵی ژنیش دەکرێ کە هیچ بە باسەکەوە پەیوەندی نییە، ئەوە نەبێ کە"ژنیش گۆشتە"و وەك خواردەمەنی پیاوان سەیر دەکرێ!ئاخر باسی خواردەمەنی لە کوێ، و باسی هاوسەرێتی و خۆشەویستی لە کوێ!

لە کاتێکدا لە ئایەتی(٨)دەنووسرێ(بە یەکسانی و بە بێ جیاوازی لە گەڵ خەڵکا رەفتارکردن دەبێتە هۆی پتر نزیکەوەبوون لە پارێزگاری. لە خواش ترسوو هەبێ چونکوو لە هەر کارێ ئێوە دەیکەن ئاگادارە.) بانگەوازی شەڕوشۆر دەکا لە دژی بێ باوەڕان، هەموویان بە سەخترین شێوە سزا دەدرێن. بەکردەوە جیاوازی دەکرێ، جیاوازی لە ئاین، لە رێوڕەسمی هاوسەرێتی و لە بۆچوون بۆ بڕوای مسیحییەکان لە بارەی خوا و ناونانیان بە کافر کە لە چەندین ئایەت خوێنرشتنی کافران حەلاڵ کراوە، ئەوەتە نووسراوە: (ئەو کەسانەی گوتوویانە: هەر خودا خۆی مەسیحی کوڕی مەریەمە، دیارە لە دین وەرگەڕاون....)...هتد. ئەم ئایەتانە دەقاودەق ئایەتی٨هەڵدەوەشێنێننەوە.

لە ئایەتی٣١باسی ناردنی قەلەڕەشەیەك دەکا لە لایەن خوداوە! سوپاس بۆ ئەم زانیاری و بلیمەتییە! ئەگەر ئەم دەقە بەرزەی قورئان لە گەڵ ئەو دەقانە بەراورد بکرێن کە بە چەندین سەدە پێشی قورئان نووسراون وەك ئەفسانەکانی بابل، سۆمەر، فەرعەونییەکان، کە هەر هەموویان بە زمانێکی زۆر بەرز نووسراون، ئاستنزمی، دڕندەیی و پروپووچی قورئانمان بۆ دەردەکەوێت(تەورات و ئەنجیلیش بە هەمان شێوە). بەلاَم سەرەڕای ئەوەش دەربڕینی جوانیشی تێدایە وەك ئایەتی٣٢: (...هەر کەسێ، بێ تاوانێکی بکوژێ کە نە گوناهی کردبێ و نە خراپەی لە زەویندا لێ روودابێ،

وەك ئەمەیە كە گش خەڵكی سەرزەوی لەناوبردبێ و هەر كەسێكیش بێ تاوانێك رزگار بكا، وەك ئەمەیە كە هەموو خەڵكی سەرزەوی لە مردن رزگار كردووە.....).

بنیاتە دارژاوەكانی ناو قورئان، لە باری رەوشت، خۆشبەختی لە سوچەنیگای رەوشت و تێڕامانی ئەو سەردەمە سەرچاوەی هەڵگرتووە. هەڵبەت نە رەوشت بابەتێكی نەگۆڕە و نە خۆشبەختی و نە تێگەیشتن. ئاخر رەوشتی كوێلە و خاوەن موڵك جیاوازن، هەر وەك چۆن ئەمڕۆ رەوشتی كۆمونیستەكان لە رەوشتی هەموو پەلوپوەكانی بۆرژواكان جیاوازە.

دانانی خودا بە راستی رەها، سوپەر دەسەڵات، بانگەوازو گیانی شەرئەنگیزی لە پێناوی خوداو بەڵێنی خۆشبەختی لە پاش مردن، هەموو ئەمانە بە پشتبەستن بە كۆمەڵێ چیرۆكی ئەفسانەوی، كارێكی وای كردووە، بە بەردەوام لە خزمەتی چینی باڵا بێ لە ناو ئەو كۆمەڵگایانە كە ئاینی ئیسلام لەناویاندا باڵا دەستە، ئەوەی بە پێچەوانەوە بیری كردبێ دنیاشیان لێ كردووە بە دۆزەخ. سەرئەنجام ئەمەیە دەیبینین: گرنگ نییە كێ لەو وەلآتانە لەسەر دەسەلآتە(پاشا، دیكتاتۆرێكی سەرباز، فاشیست، دیموكرات)بابەتی رەخنەگرتن لە ئاین بە رادەیەك كراوەتە تابوو، بەدەگمەن لێكۆڵینەوەی رەخنەگرانە لە بارەی قورئانەوە كراوە.

بۆ ئەوەی زیاتر دڕندایەتی ئەم ئاینە بناسین، دەبینین دەوڵەتەكانی جیهانی ئیسلامی، ئاین بە ئاینی رەسمی دەوڵەت دەناسن، لە سەر بڵندگۆی هەزاران مزگەوتەوە بانگەوازی بۆ دەكەن، وەزارەتیان بۆ تەرخان

کردووە، شەریعەتی ئیسلامی پەیڕەو دەکەن، بنکەی زانایانی ئیسلامییان هەیە...هتد، بەلاّم ڕێگا نادەن وتارێکی ڕەخنەگرانە بلاّوبکرێتەوە!
بەشداربووان لەم تاوانە، لە ڕێکخراوە ئیسلامییەکانەوە دەستی پێدەکات تا حوکمڕانەکان، ڕۆژنامە، گۆڤارو سایتە"ئازاد"و"بێلایەن"ە دواکەوتووەکانی ناو ئینتەرنێت! بلاّوکردنەوەی خورافە، گەمژەیی و جەهالەتی هەندێ خوردەفرۆش کە دەڵێن خودا مانگایە، ژنە یا بتە بە ناوی ڕۆشنبیرەوە و دانانی ئەو جۆرە بۆچوونانە بە فەلسەفە و بلیمەتی لە لایەن هەندێ کەسانی ترەوە، نیشانەی گاڵتەجاڕی ئاستی تێگەیشتنە لە ڕۆشنبیری! فەلسەفەی چی؟ ئاخر پێشی هەزارانساڵ بە پراکسیس هەزاران خودای ژن هەبووە...
گومان لەوەدا نییە کە شیوعییەکان بەرژەوەندی بالاّیان هەیە لە ڕزگارکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە هەموو کۆت و نجیرێکی ستەمکاری. ستەمی ئاینی یەکێك لەو کۆت و زنجیرانە پێکدەهێنێت، بۆیە ڕەخنەگرتن لە ئاین و لە گۆڕانی کارتێکردنە کۆنەپەرەستانەکەی ئەرکی شیوعییەکانە!
٢٠٠٢/١٢/٢٤

## سورەتی ئەنعام

هەموو هێزە کۆنەپەرەستەکان و نەیارانی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە دەڵێن: (ئەوە یوتۆبیایەکە جێبەجێ نابێ)کە چی هەر بە

خۆیان بڕوا بە خورافەتگەلێك دەكەن، مرۆڤ دەبێ چین چین ئارەقەی نێوچاوانیان بۆ بڕێژێ. ئێمە لە سەر بنەمای واقیعی، لێرە، لە سەر ئەم زەمینە، لە سەر بنچینەی هەڵسەنگاندنی پەیوەندییە چینایەتییەكان و نەهێشتنی مەرجەكانی زێدەبایی، بانگەوازی ژیانی خۆشگوزەرانی، دۆستایەتی مرۆڤ لە گەڵ مرۆڤ دەكەین بە بێ خورافەی ناووناتور و رەگەزی خودا. ئەوانیش بڕوایانهێناوە بە بەڵێنی خۆشگوزەرانی و ژیانی ئاسوودە لە حەلحەلەی ئاسمان!.....

یەكێك لەو گرفتانە كە پێشم دێ لە خوێندنی قورئان ئەوەیە، بۆچوونەكان لە رادەبەدەر دووبارە دەكرێنەوە، ئەمەش هۆیەكە بۆ بەهێزكردنی گومانێكی زیاتر لە دەقێك گوایە ئەقڵ و دەسەڵاتی رەهای ئەم گەردوونە"دایبەزاندووە". ئەو دووبارەكردنەوانە هیچ شتێكی نوێ بۆ فێربوون نالێن، زیاتر نیشانەی گومانی نووسەرەكەی پیشاندەدا، چونكە ئەوەی قورئان باسی دەكا(داهێنانی گەردوون، ئادەم و حەوا، تەوەفان، وێرانكارییەكان و زۆر شتی تریش) پێشتر لە شارستانییەتی سۆمەر، بابل و كەنعانی باسیان لێوە كراوە. ئەم بۆچوونە لە خۆڕا و بۆ بوختانكردن نییە، بەڵكو ئەو دەقانە لە پشكنینەكانی شوێنەوارە كۆنەكاندا دۆزراونەتەوەو بڵاوكراونەتەوە.

١/ ئایەتی١: (پەسن و سوپاس بۆ خودایێ كە ئاسمانان و زەمینی چێ كردووە و تاریكایی و رووناكییش ئەو پەیدای كرد. ئەو كەسانەش كە حاشایان لە پەروەرندەیان هەیە، دێن لەپاشان شەریكی بۆ پەیدادەكەن.)

أ- سەرلەنوێ خوا پەسە و سوپاسی خۆی دەکا! ناماقوڵ و دووبارەکراوەیە.

ب- ئاسمان و زەمینی چێ کردووە، زیاد لە پێویست چەندین جار دووبارەی کردووە.

ت- بەراوردکردنی سەلەواتی اخناتۆن لە سەنای خودا لە گەڵ مزموری١٠٤ی تەورات(بۆ نموونە)زۆر درۆودەڵەسە روون دەکاتەوە:

اخناتون:... چەند فرەڕەنگن کردەوەکانت...بە گوێرەی ویستی خۆت زەمین و هەموو خەڵك و ئاژەڵان داهێنا.-بە کورتکراوی

مزموری١٠٤:چەند مەزنن کارەکانت. هەموویان بە حکمەتی خۆت دروست کرد.(سەرچاوە: مغامرە العقل الاولی، فراس السواح، لاپەڕەی١٣٣و١٣٤-دەبێ هەموو کەسێك ئەم کتێبە بخوێنێ-). بە بۆچوونی ئەلسواح: (١-ئاینی ئەتوونی و یەهوودی یەکەم ئاینن لە مێژوو داکۆکی لە یەکانەگی خودا دەکەن...٢-هەردوو ئاینەکە گشت جۆرە وێنەکێشان یا پەیگەرتاشی خودای تاکانە یاساغکردووە. بۆیە هەموو پەیگەرەکان لە کاتی ئەخناتون وێران کران و ناوو وێنەی هەموو خواوەندە کۆنەکان لە سەر دیواری پەرەستگاکان رەشکرانەوە....٢-ئەخناتون لە ململانێی لە گەڵ ئەو ئاینانەی هەبووە، ویستی ئۆزۆریس کە یەکەم خواوەندی خەڵکی بوو لە مەلەکوتی بۆ رۆژی سەڵا، یاساغ بکات....بۆیە لە ئاینی یەهوودی بیرێکی روون لە بارەی ژیانی پاش مردن بەدی ناکرێ، تەنانەت ئەم بیرۆکەیە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ

کوفرێکی گەورە بوو، ئەم بیرۆکەیە زاڵ نەبوو بە سەر هەندێ لە بڕوادارەکان تەنها لە سەردەمێکی درەنگتر و پێشی دەرکەوتنی مەسیح. ٤- لە بەر ئەوەی ئاینە کۆنەکانی میسر پەیوەندییان بە جادووکەری هەبووە، بۆیە ئەتوونییەکان دژی جادوو و جادووکەری راوەستان و کارتێکردنەکانی لە ناو کۆمەڵگا، پەکخست. بە هەمان شێوە لە ئاینی یەهوودییەکان جادووکەری حەرام کرا.

٢/ ئایەتی٢: (ئەو خودایەی کە ئێوەی لە قوڕ چێ کرد و ماوەی ژینی بۆ داناون....) پێشتر چەند جارێك نووسراوە کە بە قوڕ مرۆڤی درووست کردووە.

٣/ ئایەتی٣: (لە ئاسمانان و زەمیندا خوا هەر ئەوەو لە نهێنی و ئاشکراتان ئاگادارە و هەر کارێك بیکەن دەیزانێ.)

ئەمیش هەر دووبارەکردنەوەیەکی بێ مانایە.

٤/ ئایەتی٩: <u>(خۆ ئەگەر راسپاردەمان فرشتەش با، هەر دەبوو جلکی پیاوێکی دەبەر بکەین و ئەو جلەی ئەوان دەیپۆشن، ئەو پۆشیبای.)</u>

قورئان(یاینەکانی تریش بە هەمان شێوە)لەم ئایەتەش تەنها پیاو دەبینێ، ژن بە پێی قورئان، شایەنی ئەوە نییە پەیامی پێ بنێردرێت. بۆچی لەو هەموو پێغەمبەرانەی"خودا"، تەنها یەکێکیان ژن نەبووە؟

٥/ ئایەتی١٢: (بێژە: هەرچی لە ناوی عاسمانەکان و زەمیندایە،ماڵی کێ یە؟ بێژە: هەموو بۆ خودایە....)

پاش ئەوەی چەندین جار نووسراوە کە هەموو شتی ئاسمان و زەمین هی خودایە، لێرەشدا سەرلەنوێ وەك پرسیار دایدەڕێژێ!

٦/ ئایەتی١٤: (...کە ئاسمان و زەمینی داهێناوە...)!!

٧/ ئایەتی ٢٥: (ئی وایان لەناودا هەیە گوێت پێدەدا، بەڵام ئێمە پەردەیەکمان بە سەر دڵیان هەڵکێشاوە کە تێت نەگەن، گرانایيشمان خستۆتە ناو گوێچکەیان کە(نەبیستن)و هەر نیشانەیەك ببینن باوەڕناکەن. ئی واش هەیە کە دێنە لات جوابە جەنگیت دەگەڵ دەکەن، ئەو کەسانەی خوانەناسن ئێژن: ئەمە چیرۆکی پێشینەکانە و چیتر نیە.)

١/ ئەمە یەکێکە لە گەمە بێفەڕەکانی قورئان و ناکۆکییەکانی کە پێشتریش چەندین جار دووبارەکراوەتەوە. بە پێی ئەم ئایەتە بێ، هەموو بێ باوەڕێك دەتوانێ بڵێ" گوێمان پێدا، بەلاّم خودا بەخۆی پەردەیەکی بە سەر دڵمان هەڵکێشاوە، گرانایيشی خستووەتە ناو گوێچکەمان، بۆیە بڕوامان نەهێنا".

٢/ پاشان ئەوە ڕاستە کە قورئان چیرۆکە پێشنەییەکانی گێڕاوەتەوە، ئەدی باسی مریەم و مەسیح ناکا؟ ئەی باسی موسێ و ئیبراهیم و قابیل و هابیل...هتد کە لە تەورات و ئیجیلیش باسیان کراوە، ناکا؟ ئەی باسی تەوەفان کە لە ئەفسانە، شیعر و چیرۆکە کۆنەکاندا هاتووە، ناکا؟ئەوە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە کە هەموو باسەکانی قورئان پێشتر، بە١٥٠٠-١٨٠٠ساڵیش باسکراون. بۆ نموونە تەوەفان لە جوانترین، مەزنترین و کۆنترین مەلحەمەی مرۆڤایەتی(مەلحەمەی گلگامش)ی بابلی بە وردی باسکراوە:

... گلگامش...مەسەلەیەك کە شاردراو بوو بۆتان دەردەخەم

و نهێنییەك لە نهێنییەکانی خوداوەندنتان پێو ئێژم

((شوريباك)شارێکە تۆ دەیناسیت

لە رۆخی رووباری فوراتە،

شارەکە و خواوەندەکانی ناوەڕاستی پیربوون،

ناخیان پێی گوتن، تەوەفانێك بنێرن،

.......

و پاپۆڕێك درووست بکە،

موڵکایەتییەکانت بەجێبهێڵە و خۆت رزگار بکە،

شمەکەکانت بەجێبهێڵە و ژیانت رزگار بکە،

کارێکی وا بکە، تۆی هەر لە ژیانلەبەرێك هەڵبگرە،

ئەو پاپۆڕە کە تۆ درووستت کردووە،....

هەر کە کاتی پەیمانەکە دەستی پێکرد،

گەورەی زریان، بۆ ئێوارەکەی

بارانێکی وێرانکەری داگرت،

رووخسارم بۆ ئاسمان وەگێرا،

ئاووهەواکە زۆر بۆ دیتن ترسناك بوو،

چوومە ناو پاپۆڕەکە و دەرگاکەم بە سەر خۆم داخست،

...

شەش رۆژ و شەش شەو،

با هەڵدەهات، زریان و رەهێڵی باران زەمینی گرتبوەوە.

لە گەل هاتنی رۆژی حەوتەمدا. زریان و تەوەفان،

سووکبوونەوە کە پێشتر دەتگۆ لەشگری جەنگاوەرن،

دەریا هێمن بووەوە، زریانیش ساکن بوو. تەوەفانیش راوەستا.
دەرگای پەنجەرەکەم کردەوە. ڕۆشنایی بەر رووخسارم کەوت،
روانیمە دەریا. بێ دەنگی باڵادەست بوو
مرۆڤەکان گەڕابوونەوە بۆ قوڕ
...
دانیشتم و دەستم بە گریان کرد،
فرمێسکەکان بەسەر رووخسارم دابەزین
پاشان هەستام و بە چوار دەورمدا رووانیم
بۆ سنووری دەریا دەگەڕام.)
تەورات و لە پاشاندا قورئان بەهەمان شێوە باس لە تەوەفان دەکەن لە گەڵ جیاوازی ناو یا ژمارەی رۆژی تەوەفانەکە ! !
هەروا دەقی نیبور، کە کۆنترین دەقی سامییەکانە لە بارەی تەوەفان، کە بۆ سەردەمی بابلییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە نووسراوە:
(هەڵدەستم بە بەردانی ئاو...
<...<هەموو خەڵك بە بەر خۆی دەدا
<...<پێشی هاتنی تەوەفان
وێرانکاری، لە ناوبردن و فەنا دەکەم
<...<هەستە بە دروستگردنی پاپۆڕ
...
<...<بۆ ئەو پاپۆڕە دروستت کردووە،
دڕندەکانی زەمین و باڵندەکانی ئاسمانی بهێنە....

و چەندین ئەفسانەی تر  هەیە لە بارەی تەوەفان وەك لە مەلحەمەی ئەراحیسس و بیروسۆس( هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی١٦٢–١٧٩)

جا ئیتر بۆچی ئەوانەی وا گوتیانە(ئەوە چیرۆکی پێشینانە)بە کافر لەقەلەم دراون؟!بە پیی ئەم زانیارییانە، نووسەرانی تەورات و قورئان دەستپاك نەبوون لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە، رەنگە پێشیان وا بووبێ کە رۆژێك لە رۆژان ئەو دەقە کۆنانە وەرناگیڕدرێ و خەڵك هەر وەك سەردەمی خۆیان بێ ئاگا دەمێننەوە لە بارەی ئەو بەسەرهاتانە!ئەوەی راستی بێت، بۆ ئەوەی ئەم ئاینانە باش رسوا بکرێن، دەبی ئەو دەقە کۆنانەی پێشی تەورات، ئەنجیل و قورئان بۆ زمانی کوردی وەربگێڕدرێت.

٨/ ئایەتی٢٧: (ئەگەر ئەوسا بیانبینی کە لە سەر لێواری ئاگر راگیراون، ئێژن: خۆزێ دیسان دەیانگێڕاینەوە، ئەوسا بە نیشانەکانی پەروەرندەن بڕوامان دەکردو ئێمەش لە ریزی باوەڕداران بووین.)

ئەی باسی ئەفسانەی رۆژی سەلا جی لێ هات؟ ئەدی نالێن لە قیامەت حیساب و کتاب دەکرێت؟ ئەوە خۆ هێشتا رۆژی حەشریش نەهاتووە، کەچی بڕیار لە سەر بێ بڕواکان دراوە و لە سەر لێواری ئاگر راگیراون!!

٩/ ئایەتی٣٩: (ئەو کەسانەی کە نیشانانی ئێمەیان بەدرۆ زانی، کەڕو لاڵن و لە تاریکیدا خول دەخۆن. خودا بە کەیفی خۆی دەکا، لە هێندێکان رێ دەگۆڕێ و هێندێکانیش دەخاتە سەر راستەڕێ یە.)

ئەوەتا، هێشتا هیچ نەبووە، بڕیاری کەڕکردن و لاڵی دراوە بە سەر بێ باوەڕەکان!خودایش رۆڵی پشیلەی بە خۆ داوەو چۆن یاری بە مشك دەکات!

١٠/ ئایەتی٤٨و٤٩دووبارەکردنەوەیە، بە کورتییەکەی با ئەوانەی بڕوا دەهێنن هیچ ترسییان نەبیٚ، ئەوانەی بڕوا ناکەن، گرفتاری ئازار دەبن...

١١/ ئایەتەکانی٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٥ ، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٧٠ ، ٧١، ٧٢باسکردنی توانایی و زلهێزی"خودایە" کە پێشتریش بە شێوەی جۆراوجۆر نووسراوە.

١٢/ ئایەتی٧٣زۆر نوێیە و باسێکی گرنگە:( هەر خۆیەتی بۆ راستی، ئەم ئاسمانانە و زەمینەی بەرهەم هێناوە... پاشکۆیەکەیشی هەر هەمان شتە...

١٣/ ئایەتی ٧٥: (ئێمە نیشانی ئیبراهیمن دا دام و دەزگای ئەم عاسمانان و زەمینە سەر بە کێیە...)

١٤/ ئایەتەکانی٧٦، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠ رەتدانەوەی خودا بوونی مانگ، رۆژ، ئەستێرەو رووکردنی ئیبراهیم بە(ئەو کەسە کە ئاسمانان و زەمینی داهێناوەو لەوانە نیم شەریکی بۆ پەیدا بکەن.)

ئەم ئایەتانە، لە بیرۆکەی کەسایەتی ئیبراهیم دەدویٚ(زۆر لە تەورات باسی دەکریٚ) لە بارەی "خودا"و چۆن بڕوای هێناوە بەو"کەسەی گەردوونی داهێناوە"پاش ئەوەی رەتی خوابوونی ئەستێرە، مانگ و رۆژی داوەتەوە. دەشیٚ ئیبراهیم، وەك هەر مرۆڤێکی تر بە سەرسامییەوە لە گەردوون تێڕاماوە، وەك بابلی، سۆمەرییەکان، پەرەستنی رۆژ، مانگ و ئەستێرە یا بتەکان تەسکینیان نەشکاندبیٚ، و چۆن ئەوانی تر لە ترسی رەشەبا، هەورەتریشقە رەهێڵە باران، بەرزاو...هتد خودایان بۆ خۆیان درووست کردووە، ئەمیش ئاوا بە خۆی

داهێنەرێکی نادیار درووستکردووە، بەڵام لە ئایەتی٧٥نووسراوە:( ئێمە نیشانی ئیبراهیمن دا دام و دەزگای ئەم ئاسمانان و زەمینە سەر بە کێیە.)!

مارکس لە تێزەکانی لە بارەی فویەرباخ دەنووسێ: کەموکۆڕی سەرەکی هەموو مەتریالیزمەکانی رابردوو تا ئێستا–بە مەتریالیزمی (فۆیەرباخ)یشەوە– ئەوەیە کە تێڕامان لە شت، حەقیقەت و هەستیاری، تەنها لە ژێر فۆرمی ئۆبێگت یا روانگە دەکەن، نەك وەك چالاکی مرۆیی هەستیارو پراکسیس، نەك سوپێکتیڤ(خود). لێرەوە، ئەوە روویدا کە ئیدیالیستەکان، گەشەیان بە لایەنی بکەر دا، دژ بە مەتریالیزم، بەڵام تەنها ئەبستراکتانە(مجرد)، چونکێ ئیدیالیزم، هەر بە سرووشتی خۆی، چالاکی واقیعی هەستیار ناناسێ. فۆیەرباخ شتی هەستیاری دەوێ، بە شێوەیەکی فعلی، جیاواز بێ لە ئۆبێکتەکانی(بابەتەکانی) بیرکردنەوە، بەڵام خودی چالاکییە مرۆییەکان بە چالاکی بابەتییانە ناناسێ. بۆیە چالاکی تیئۆری لە"ناوەڕۆکی مەسیحییەت"، بە تاقە چالاکی مرۆیی راستەقینە دادەنێت. *لە کاتێکدا پراکسیس تەنها لە فۆرمە یەهودییە قیزەوەنەکەی، دیاریدەکات و دەیچەسپێنێ(ئەم پەرەگرافە لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی لابراوە).* هەر بۆیە تێناگات لە مانای چالاکی "شۆڕشگێڕانە" ی"بەکردەوەی–ڕەخنەگرانە".

١٥/ئایەتی١٤٥سەرلەنوێ باسی حەرامکردنی گۆشتی بەرازە...

زۆربەی ئایەتەکانی تری ئەم سورەتە بریتین لە بانگەواز بۆ بڕواکردن بە خوا، هەڕەشە، سزا کە شایەنی ئەوە نییە، دووبارە پیشانیان بدەم...

لینین ئێژێ: (مارکسیزم هەمیشە، هەموو ئاینەکانی ئەمڕۆ و کڵێساکان، هەموو رێکخراوە ئاینییەکان بە ئۆرگانی کۆنەپەرەستی مەدەنی دەبینی، ئەمانە بەرگری لە چەوسانەوە دەکەن و دەیانەوێ چینی کرێکار گێل وبەرچاویان تەماوی بکەن.)

٢٠٠٢/١٢/٢٥

**له بارەی سورەتی ئەعراف**

**یا دەقە دزراوەکان؟**

**١/ ئایەتی یەکەم بە(*ئەلیف، لام، میم، صاد*)دەستی پێدەکات، واتە: من خودام، لەهەموو زاناتر و هەقتر. ئەو(المص)ە هیچ مانایەکی تێدا نییە، تەنها بۆ بۆشایی پڕکردنەوە باشە، لە گرفتی نووسەرێکیش دەچێ، گرفتی هەبێ لە داڕشتنی سەرەتای بابەتەکەی!**

**٢/ ئایەتی ٢ئەرکی قورئان ناردن بەم شێوەیە دیاریدەکات: (*کتێبێکە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە، تا بەهۆی ئەو، ترس وەبەر مەردم بێنی و خۆت تووشی دڵتەنگی مەکە لەو بارەوە، ئەم کتێبە نسحەتیشە بۆ وانەی بڕوای پێ دێنن.*)**

**٣/ ئایەتی٣دووبارەکردنەوەیەو لە سورەتەکانی پێشتر دەیان جار بەرچاو دەکەوێت: (*هەرچی لە پەروەرندەتانەوە بۆتان نادراوەتە خوارەوە، شوێنی کەون و بەغیرەو ئەو مەکەونە شوێنی سەرپەرستانی دیکە. ئێوە زۆرکەم عیبرەت دەگرن.*)**

**٤/ ئایەتی٤: (ئێمە خەڵکی چەندین شارمان قڕتێ خستن. وەختێ نیشانەی غەزەبی ئێمەیان بەسەردا دەهات–لە شەودا بو، یان نیوەڕۆ–دەسانەوە.)**

**لە قورئان زۆر باسی چیرۆکی قڕتێخستن و وێرانکردنی شارەکان لە سەر غەزەبی خودا دەکرێ. ئەمە نوێ نییە و لە میتۆدۆلۆژیای کۆنی سۆمەری و بابلیش هاتووەتە پێشەوە. ئەمەش نموونەیەکی زۆر هەژێندەرە لە بارەی ئەفسانەی غەزەب و تۆڵەسەندنی ئەنانای خواوەند لە باخەوانچییەك زەوتیکردبوو(ئەمە یەکەم دەقە لە دژی زەوتکردنی ژنان):**

ڕۆژێکیان، پاش ئەوەی خانمەکەم چووە ئەودیوی ئاسمان و ڕێگای زەمینی بڕی

ئەنانا، پاش وەی چووە ئەودیوی ئاسمان و ڕێگای زەمینی بڕی

پاش ئەوەی لە زەمینی عیلام و وەلآتی شوبری تێپەڕی

پاش تێپەڕین لە(...)

ئەنانای کاهن چووە باغەکە و لە ماندووبوونەوە، خەوی لێ کەت

شوکا لیتودای باغەوانچی لە قۆلێکی باغەکەیەوە بینی

ماچی کرد و لە گەلدا جووت بوو و بۆ قۆلی باغەکەی گەڕایەوە.

کاتێ ڕۆژبووەوە و خۆر هەلهات

کچەکە بە ترسەوە تەماشای دەوروبەرەکەی کرد

ئەنانا بە ترس و لەرزەوە بە دەوری خۆی گەڕا

جا بڕوانە ئەو ئازارە، ئەم کچە لە بەر خەمشەکەی گەیاندی

ئەنانا لە بەر خەمشەکەی چی کرد

هەموو کانی ئاوەکانی وەلآت پڕکرد لە خوێن

هەموو دارستان و باغەکانی بەر بەرزئاو کەوتن

...

ئەنانا وتی ئەوەی زەوتی کردم پەیدای دەکەم

بەلآم پەیدای نەکرد...(بەشەکانی تری دیار نین)(سەرچاوە فراس ئەلسواح. مغامره العقل الاولی، لاپەڕەی ١٩٨)

هەروا چەندین ئەفسانەی ئەنلیل و زریان(هەمان سەرچاوە، لا.١٩٩)یا ئەفسانەی خواوەندی تاعون دنیا دەگرێتەوە: من لە نێو((ئەنانوکی))بەهێزتریانم

چونکە مرۆڤ لە وشەکانم نەترسا،

و گوێیان بە فێرکارییەکانی((مردۆخ))نەدا

بەڵکو بە گوێرەی ویستی دڵی کاری کرد(و ئارەزووەکانی).

من داوا لە مردۆخ دەکەم لە مەسکەنەکەی دەربچێ،

(گەر دەرچوو)هەڵدەستم بە وێرانکردنی مرۆڤ.

...

فراس ئەلسەواح لە پەراوێزی کتێبەکەی(لا.٢٠٣) نووسیویەتی: ئەمە لە گەل هۆکانی ئەو کارە وێرانکەرانەی یەهوە دەچی کە لە دژی گەلە هەڵبژێردراوەکەی دەکرد، لە بەر ئەوەی بە بەردەوام ووشەکانی خودایان لە بیر دەکرد).

٥/ ئایەتی١٢،١١،١٠: ( ئێمە ئێوەمان لەم هەردە جێ کردەوە، هەر لەوێشدا بژیومان بۆ برِیونەوە. کەمتان شوکرانەبژێرن١٠. ئێمەین ئێوەمان سازداوەو لە پاشانا بەو شکڵەمان دەرێناون، پاشان بە فریشتانمان گوت: سەر بۆ ئادەم نەوی بکەن. هەموویان سەریان دانەواند ئیبلیس نەبێ، ئەو لە کۆڕی کرنۆش بەران خۆی هەڵاوارد.١١. گوتی: کە فەرمانم پێدای، لەبەرچی تۆ سوژدەت نەبرد؟ گوتی: من لەو هێژاترم، منت لە ئاگر دروست کرد، ئەوت لە حەڕی–قوڕ– سازداوە)

**درووستکردنی مرۆڤ بە قوڕ لە سەرزەمین، ئادەم و حەوا لە ئەفسانەکانی سۆمەر، بابل، ئەفریقا، ئەغریق، فیلیپین و پاشانیش لە تەورات و قورئان بە هەمان شێوە باسکراوە:**

**ئەفسانەی سۆمەرێکان:**

**(ئەم ئەفسانەیە، یەکەم ئەفسانەیە بە دەستخەتی مرۆڤ لە بارەی خولّقاندنی مرۆڤ نووسراوەو بە پێی ئەمە، ئەفسانەکانی تری ئەم ناوچەیە و ناوچەکانی دەوروبەری کەلێوەوەی توخمە سەرەکییەکانی وەرگێڕدراوە، بەتایبەتی بیرۆکەی خولّقاندنی مرۆڤ لە قوڕ و بیرۆکەی وێنەکێشانی مرۆڤ لەسەر وێنەی خواوەندەکان.**

**ئەمما بۆچی مرۆڤ خەلّقکرا؟ ئەفسانەی سۆمەرییەکان دوو دلّ نابیّ لە وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارە و لێی راناکا. مرۆڤ بۆ عەبدایەتی خواوەندەکان خەلّقکرا، خواردن و خواردنەوەی پێشکەش بکا، زەوییەکەی بکێلّیّ و شوانکاری مەڕومالّەلاّتەکانی بکا. مرۆڤ بۆ هەلّگرتن و لا بردنی ئەرکی کارکردن لە سەر شانی خواوەندەکان خولّقێنرا.**

**لە سەرەتادا، خواوەندەکان بە هەموو ئەو کارانە هەلّدەستان کە پێویستیانە و ژیانیان دەپارێزیّ. بەلاّم لەوە ماندوو بوون و رۆیشتن بۆ سکالاّکردن لە لای(ئەنکی)ی دانا، بۆ ئەوەی چارەسەرێکیان بۆ وەدۆزێتەوە، بەلاّم ئەم لە کونوقوژبنە ئاوییەکان پالّیدابوو، و کوێی لە سکالاّکەیان نەبوو. بۆیە چوون بۆ لای (نەمو)ی دایکی کە خواوەندی ئاوە سەرەتاکەیە، کە یەکەم نەوەی خواوەندەکانی هێنا، بۆ ئەوە واسیتەیان بیّ. ئەمیش چوو بۆ لای(ئەنکی) و پێی وت:**

هۆ ڕۆڵەکەم، لە جێگاکەت رابە، رابە لە (...)
و کارێکی حەکیمانە بکە
با خواوەندەکان خزمەتکاریان بێ، (گوزەرانیان) بەڕێبکەن
ئەنکی لە مەسەلەکە ڕاما، پاشان خواوەندە ئۆستا شارەزاکانی بانگ کرد، و بە دایکی وت:
ئەو گیانلەبەرانەی دەمویست خەڵقیان بکەم، دەردەکەون
و وێنەی خواوەندەکانیان بە سەریاندا هەڵدەواسین
مشتێك قوڕ لە سەر ئاوی قوڵایی بگرەوە
خواوەندە ئۆستاکان قورەکە خەستدەکەن و باش دەیگرنەوە
پاشان تۆ ئەندامەکانی پێك بهێنە
(نەنماخ) دەست بەدەست لەگەڵتا کار دەکات
و لە کاتی پێکهێناندا، لە تەنیشتەوە خواوەندەکانی لەدایکبوون رادەوستن
هۆ دا، تۆیش چارەنووسی لە دایکبووە نوییەکان دەنووسی
(ننماخ)یش وێنەی خواوەندی لە سەر هەڵدەواسێ
(...)لە وێنەی مرۆڤ(...)

لە تەوراتیش نووسراوە، دەبینین خواوەندی یەهود(یەهوە) مرۆڤ لە قوڕ درووستدەکات، پاش ئەوەی لە خەڵقکردنی گەردوون تەواو دەبێ و بە وێنەی خۆی درووستی دەکات: (تەورات، سەفەری پێکهێنان، ئەصحاحی دووهەم: خواوەند، ئادەمی لە خۆڵی زەمین درووستکردو بە فووکردن، بای ژیانی بە لەووتی کردو ئادەم بوو بە نەفسێکی زیندوو). سەرەڕای ئەو

ئامانجه كه دەقی تەورات دەیدا بە دەستمان بۆ دروستكردنی مرۆڤ، كه بۆ دەسەلاتگرتن بەسەر((ماسی دەریا، باڵندەی ئاسمان، زەمین و هەموو ئەوەی لە سەر زەمیندا هەس–تەورات، سەفەری پێكهاتن، ئەسحاحی یەكەم))بگرێ. بەلام دێت و دووچاری بارهەلگرتنی ئەركی كاركردن دەكات، رێك وەك دەقە سۆمەرییەكە ( تەورات، سەفەری پێكهاتن، ئەسحاحی سێهەم: چونكە گوێت لە ووتەی ژنەكەت گرت و لە دارەكەت خوارد كە وەسیەتم پێ كردی، لێی نەخۆی. بەهۆی تۆوە، زەمین بە نەحلەت بێ. هەموو رۆژانی ژینت بە ماندووبوون لێی دەخۆی...بە ئارەقەی نێوچەوانت نانەكەت دەخۆی تا بۆ زەمین دەگەڕێیتەوە كە لێت وەرگرت. چونكە تۆ لە خۆڵی و بۆ خۆڵ دەگەڕێیتەوە))

لە ئەفسانەی میسری هەمان بیرۆكە دووبارە دەبێتە. هەروا لە ئەفسانەی ئەغریق كە خەڵقكردنی مرۆڤ بۆ برۆمیتیوس دەگەڕێنێتەوە: ئەم مرۆڤی لە خۆڵ و ئاو دروستكردووە، كاتێ دروستكرا، ئەسینای خواوەند رووحی بە بەرداكرد. پاشان برۆمیتیوس ئەو ئامرازانەی بە مرۆڤ دا كە مانەوە و درێژەپێدان بە مانەوەی مسۆگەر دەكا، ئاوری ئیلاهی لە ئاسمانەوەی بۆ دزین. ئەم كارە دژ بە ئارەزووی زیوسی گەورە خواوەند بوو، نهێنییەكانی ئاشكراكرد و چۆنییەتی داگیرساندن و بە كارهێنانی بۆ ئاشكرا كرد. بۆیە بەر تورەیی زیوس و سزاكەی كەوت.

... بیرۆكەی خەڵقكردنی مرۆڤ لە قوڕ لە ئەفسانەكانی گەلە سەرەتاییەكانیشدا هاتووە. ئەفسانەیەكی ئەفریقی دەڵێ: (خواوەندی خولقێنەر مشتێك قوڕی گرتە دەست و بە شێوەی مرۆڤ پێكیهێنا، پاشان

بۆ ماوەی حەوت رۆژ لە ناو سەرچاوەیەك لە ئاوی دەریا بەجێی هێشت. لە رۆژی هەشتەم بەرزی کردەوە، ببوو بە مرۆڤێکی ئاسایی.)

لە ئەفسانەیەکی فلیپینی، خودای خوڵقێنەر مشتێك قوڕ دەگرێتەوە بە شێوەی مرۆڤ، دەیخاتە ناو فڕن، بەڵام لەبیری دەکات، بۆیە رەش دەبێ. ئەمە رەگەزی مرۆڤی رەشە. یەکێکی تر دەخاتە ناو فرنەکەوە، بەڵام ئەمجارەیان پێشوەخت دەریدەکات، ئەمیان رەگەزی مرۆڤی سپییە. لە جاری سێهەمدا قوڕەکە بە پێی پێویست ئاگری وەرگرت، و مرۆڤی فلیپینی لێدەرچوو، ئەو رەنگە برۆنزییە.

هەروا لە ئەفسانەیەکی هیندی ئەمریکییەکانیشدا پێکهێنانی قوڕین و فووی ژیان کە شکڵی وشك و رۆحی بزێو دەدا، دەبینین.)هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٥–٤٨(فراس ئەلسواح لەبری ئەوەی بنووسێ لە ئایەتی١٢، نووسیویەتی لە ئایەتی١١)

بۆ ئەوەی سەرچاوەکان تێکەڵ نەبن، ناچارم لێرە هێما بۆ بۆچوونی (زەردەشت، ٦٦٠پێش زایەنی)لە بارەی خەڵقکردنی مرۆڤ بکەم:

حەکیمەکە سەرلەنوێ پرسیاری لێ کرد: ئەدی کێ مرۆڤی لە سەرزەمین خەڵقکرد؟

زەردەشت ووتی: ئەمیش هەر ئەهۆرامەزدا. کاتێ لە خەڵقکردنی زەمین بووەوە، یەکەم گای خەڵقکرد و پاشان یەکەم مرۆڤ((کیومەرد))کە یەکەم بەشەرە.... تۆی کیومەرد لە ژێر زەمین شاردرابووەوەو پاش تێپەڕبوونی چل ساڵ، لەو تۆیە دارێك لێیەوە وەبەرهات. لەو دارە یەکەم هاوسەری ئادەمی دەرچوو. بەو شێوەیە قۆناغی تێکەڵبوونی خێر و شەڕ دەستی

پێکرد. (سەرچاوە: چیرۆکی ئاینەکان، سلیمان مزهر، مکتبە مدبولی، ٢٩٩لا)

زۆربەی ئایەتەکانی تری سورەتی ئەعراف پێکهاتووە لەو دووبارەکردنەوانە کە پێشتر لە پەیوەند بە سورەتەکانی تر هێمام بۆ کردووە(بۆ نموونە ئایەتەکانی٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٥٤، ٥٥، ١٧٧، ١٨٥،١٨٢،، ١٨٩، ١٩١،١٨٦، ١٩٦). ئایەتی١٩٢و ١٩٧هەمان شتن: (تواناییان نیە یارمەتی ئەوان بدەن و یاریدەی خۆشیان پێ نادرێ.) دوو جار دووبارەکراوەتەوە: (و چیرۆکی ناردنی نوح، لوت، شعیب و موساو بە زمی عاساکەی!لەوە بترازێ، لەم چیرۆکانەدا ئەوی بە قسەی ئەم پێغەمبەرانەی نەکردبێ، خوا بەلآیەکی تووشی ئەو خەڵکە کردووە وەك بومەلەرزە، رەهێڵە باران ...هتد. لە ئایەتی١٣٣ نووسراوە: (ئەوجار ئێمە چەند نیشانەی ئاشکرامان ناردەسەریان کە بریەتی لە لافاوو، کوللە و ئەسپێ و خوێن و بەق بوو، بەلآم ئەوان دەمارزلیان نواندو گرۆیەکی تاوانبار بوون.). لە ئایەتی١٦٦بە زمانێکی پیس نووسراوە: (کاتێ هەر ئەو کارەیان کرد کە پێیان گوترابوو مەیکەن، گوتمان: ببنە مەیمون گەلی ترۆکراو.) ئەمەیە لۆژیکی دلۆڤان؟ چاترین دادوەر؟ زانا؟ بە بەزەیی و دەبووریێ؟ ئەدی ئایەتی(ئاینی خۆتان بۆ خۆتان، و ئاینی خۆم بۆ خۆم) چی لێ دەکەن؟

پێش کۆتاییهێنان بەم سورەتە بە ئایەتێك(ئایەتی٢٠٥) بە شێوەیەکی زۆر تەحقیرکەرانە نووسراوە: هەموو بەیانی و ئێواران، بە پاڕانەوە و ترسەوە،

بەبێ ئەوەی دەنگ هەڵێنی، یادی پەروەرندەت بکە و هەرگیز لەوانە مەبە کە بە بیریشیاندا نایە.)

بەڵام راستییەکە ئەمەیە:

ئێمە دەزانین، ئەوانەی بەختەوەرمان دەکەن ٢٠٠٢/١٢/٢٧

نە خوا، نە شا، نە تریبۆنن،

هاوێیان، تەنها بە دەستی خۆمان

ئازادیمان، دەگاتە پشوودان! (سروودی ئینتەرناسیونال)

سورەتی تالآنکردن(ئەنفال)

(١)

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بێژم، هەرچەند لەم سورەتە ورد ببینەوە، ئەوەندە هەڕەشە، زراوبردن، بانگەوازی تیرۆری رەش، کوشتن و داپاچینی

دەستوقاچی مرۆڤ بە شمشێری"هەقی خودایی و مافی مرۆڤ لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلام"، زەوتکردنی ئەقڵ و ئیرادە، خۆسەپاندن و ملهوڕی نووسەری قورئانمان بۆ دەردەکەوێت و بە هەمان ئەندازە رق و نەفرەت لە دژی هەڵویست و کارتێکردنەکانی بە هێزتر دەکا.

ئاخر ئەمە زمانی کێیە بەم ئەندازە لە رقی کوێرانە، دوور لە هەر ویژدانێك تۆزێك زیندوو، دەنووسیَ؟

ئەمەش چەند نموونەیەکن:

١/

– ئایەتی٧: ( ...خوانەناسەکان بنەبڕکا.).

– ئایەتی٨: ( راستی سەقامگیر بکا و پووچ و چڕووك لەناوبەریَ، هەرچەند تاوانبارەکان حەزی لیَ ناکەن.)

– ئایەتی١٢: (...منیش ترس وەبەر خوانەناسان دەنێم. سا ئێوە لە ملیان دەن و هەموو ئەنگوستەکانیشیان بپەڕێنن.)

– ئایەتی١٤: ( با بیچێژن! خوانەناسان بە ئاگریش ئازاردەدرێن.)

– ئایەتی :١٨ (بەڵیَ، ئاوا خودا فێڵی دین دوژمنان پوچەڵ دەکا.)

ماڵی"زانا" ئیسلامییەکان بە قوڕ بگرم، ئاخر ئەگەر ئەم چوار ئایەتە بە پوختی بنووسریَ، ئەوا وای لیَ دیَ: خوانەناسە پووچ و چرووکەکان، پاش پەڕاندنی ئەنگوستەکانیان، بە ملپەڕاندن بنەبڕ دەکەین و لەناویان دەبەین.

ئایا ئەم زمانە بۆ سەدەی بیست و یەك دەشیَ؟ ئەوە لە ژوورەکانی پاڵتاکیشدا، یەکێك جوێنێکی سوکیش بە کەسێك بدا، دەستبەجیَ سوور دەکریَ، دەڵێن(کابرا سەرسەرییە)، کەچیَ ئەو"خودا زەبەلاحە"ئەو هەموو

جوێن و ووشە خوێناویانە بە کار دەهێنێ، کەچی گەمژەکان دەڵێن"قەرئان پیرۆزە"؟

-ئایەتی٢٢: (خراپترین زیندەوەرزان لە لای خودا، ئەو کەڕ و لاڵانەن کەوا هیچ تێ ناگەن.)

رەنگە"زانا"ئیسلامییەکان بڵێن، مەبەستی راستەوخۆی قورئان کەڕ و لاڵەکان نییە، مەبەستی کافرەکانە کە قسەی خوا نابیستن و شەهادەت بە سەر زاریان نایە! بەلآم ئەم دەقە گشتییە لێرە...

٢/ ئایەتی٣٠: (...ئەوان فێڵەکەی خۆیان کرد، خواش فێڵی کرد. خواش چاترین فێڵزانە.)

جا فێڵکردن سیفەتە، قولائان دەیدا بە پاڵی"فەخری عالەمین"!!

٣/ ئایەتی٣١: (هەرگاش نیشانەی ئێمەیان بۆ وەخوێنین، ئێژن: بیستمان، ئەگەر حەزمان بکردایە، ئێمەش وەك ئەمەمان ئەوت، لە چەند چیرۆکی کەونارا بەدەر نیە.)

ئەم ئایەتەش هەر دووبارەیە. بۆ نموونە لە ئەعرافیش هاتووە.

٤/ ئایەتی٣٩: (بیانکوژن هەتا ئاژاوە نامێنێ و دین گشتی دینی خوا دەبێ. سا ئەگەر تەمێ گرتووبوون، ئەوسا هەر کارێکی بیکەن خوا دەیبینێ.)-مامۆستا هەژار بۆ ووشەی واقتلوهم (وەلیان شەڕکەن)ی بەکارهێناوە.

بە ناوی ئەم ئایەتەوە، ئەنسار ئەلئەسلام، تاوانەکەی تەپە درۆزنەیان ئەنجام دا لە شەوی قەدر"لە هەزار مانگ خێری زیاترە"و بوو بە هۆی

خوێنرشتنی پتر له ٦٠كهس. ئهنفال، چونكه یهكێكه له پۆخهڵترین سورهتهكانی قورئان، بۆیه زۆر به ئاسانی، دوێنی، له ژێر ئایهتی ٦٠: (تا بۆ دهكرێ چهك و جبهخانهی شهڕ و ئهسپی سواری پهیدا بكهن، دوژمنی پێ بترسێنن، كه دوژمنانی خوداشن...) له لایهن فاشییهتی عهرهبیهوه بۆ لهناوبردنی پتر له ١٨٢ههزار كورد بهكارهێنرا. زۆر ئاساییه، سبهی هێزێكی تر به ئایهتێكی تری ئهم سورهته، كۆمهڵكوژییهكی تر ئهنجام بدا.

٥/ چونكه نووسهری قورئان بۆ سهپاندنی دهسهڵاتهكهی، پهنا بۆ ترساندن، ههڕهشه، تاوان و كوشتن دهبا، بۆیه ههر له سهرهتاوه ئهم ئایاته لهسورهتی مانگا بهكارهێناوه-ئایهتی ١٩٣-:( له كوشتنیان وهچان مهدهن تا ئاژاوه له دنیا بنهبڕ دهبێ و دین ههر دینی خودا دهبێ، ئهگهر ئهوان دهسبهردار بوون، دهست درێژی ههر له دژی ناههقانه.)-جیاوازی وهرگێڕانی بهشی یهكهمی ئایهتهكه پهیوهندی به مامۆستا ههژارهوه ههیه. ههردوو ئایهتهكه بهم شێوهیه نووسراون:( وقتلوهم حتی لاتكون فتنة و یكون الدین لله فان انتهوا فلا عدوان الا علی الظالمین)و له ئهنفال نووسراوه: (وقتلوهم حتی لاتكون فتنة و یكون الدین لله فان انتهوا فان الله بما یعملون بصیر).

٦/ ئایهتی٤١: ( دهبێ ئهوهندهش تێ بگهن ههر تالانێكو دهس كهوت، پێنج یهكێكی بهشی خودا و پێغهمبهره و بۆ خزمان و ههتیوان و ههژاران و رێبوارانه. خودا توانای به سهر ههموو شتدا ههیه.)

ئهم ئایهته ناكۆكه له گهڵ ئایهتی یهكهمی ئهم سورهته كه دهڵێ: ( له مهڕ دهسكهوتی جهنگهوه لێت دهپرسن، بێژه: تالانی دوژمنان بۆ خودا و

پێغەمبەرە. ئەگەر بڕواتان هێناوە، ترسوو لە خودا بێ و لە ناو خۆتاندا پێك وەرن و بەر فرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بن.)
تالآنکردن بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی حەلاڵکراوە. ئەوجا دەبێ لە کارتێکردنی ئەم ئایەتە تێبگەین بە سەر ئەوانەی جەنگی خودا لە دژی کافرانیان راگەیاندووە بە درێژایی مێژووی ئاینەکەیان!
٧/ ئایەتی: ٥١: ( ئەمە سزای ئەو کارانەی کە دەتانکرد، خودا هەرگیز غەدر لە عەبدی خۆی ناکا.)
ئەمە هێشتا غەدر لە عەبدی بێ بڕوای خۆی نەکردووە، دەیانکوژێ، دەیانسووتێنێ و تالآنیان دەکا...هتد، ئەی ئەگەر غەدر بکا چی دەکا؟ ئایا ئەمە شیزۆفرینی نووسەری قورئان نیە؟
٨/ دەربڕینگەلێك وەك: خودا لە هەموو کارێکیان ئاگادارە، تۆڵەی خودا زۆر دژوارە، خودا خاوەن دەسەلآت و کارزانە، لە نهێنی دلآنیش ئاگادارە، توانای بەسەر هەموو شت دا هەیە، دەبیسێ و ئاگادارە، چاکترین یاریدەرە، تۆڵەکەی توند و تیژە...هتد ئەوەندە دووبارە دەبنەوە، مرۆڤ رشانەوەی دێ لە خوێندنی ئەم سەفاڵەتە.
٩/ ئایەتی٦٥: (ئەی پێغەمبەر هانەی باوەڕداران بدە بچنە خەزا. ئەگەر ئێوە بیست کەس بن و خۆراگربن، هێزتان بە دوو سەد کەس دەشکێ، گەر سەد کەس بن و خۆڕاگربن، دەرەقەتی دوو سەتان دێن. خۆ ئەگەر ئێوە هەزاری خۆڕاگربن–بە ئیزنی خودا–دەرۆستی دوو هەزاریان دێن. خوا دەگەڵ خۆڕاگرانە.)

ئا بەم شێوە دراکولارییە نووسەری قورئان بە دووپاتکردنەوەوە شەرئەنگیزی خۆی رادەگەیەنێ. ئەوجا پێمەکەنن بەو حیسابکردنە گاڵتەجارییە! ئێستا زانیارانی مرۆڤایەتی لە حیکمەت و بلیمەتی ئەو ژماردنانە سەریان لێ تێکچووە و ئەوە ١٤٠٠ ساڵە پرسیار دەکرێ: ئەی ئەگەر دوو هەزاریان خۆڕاگر بن، دەرەقەتی چەند هەزار دێن؟!!

١٠/ لە ئایەتی ٦٩: (ئەو تالآنەی گرتووتانە، حەلاڵ و زەلاڵە بیخۆن، ترسیشتان لە خودا هەبێ. خودا لە گونا دەبووری و دلۆڤانە.)

ناکرێ ئەم ئایەتە بخوێندرێتەوە، بەبێ ئەوەی تالآنکردنی قەسر شرین، خەڵکی کوردستان و کووەیت لە بیر بکرێ کە بە هیچ شێوەیەك لە تالآنکردنەکانی موحەمەد جیاوازییان نەبوو... تالآنکردن و سورەتەکەی نموونەیەکە بۆ ئەو فێرکارییە ئەخلاقییانەیە کە لایەنە ئیسلامییەکان شانازی پێوە دەکەن!

گەڕان بەدوای دەقێکی ئومانیستی یەکسانیخوازی ئەڵتەرناتیڤ بۆ هەموو دەقەکانی تر، مافێکی رەوایە. رەخنە گرتن لە قورئان و دەقە رزیوەکانی هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. دەبێ ئەو بیدەنگییە هەڵبووەشێنینەوە! دەبێ لێرە ژیانی خۆمان بە دەستی خۆمان بگەیەنین بە لووتکەی خۆشبەختی! بیرۆکەی بەهەشت بۆ مۆزەخانەی ئەفسانەکانی مێژوو رەوانە بکەین!

٢٠٠٢/١٢/٣٠

(٢)

بەناوی سورەتی تالأنکردنەوە، ماڵ، ڕەز، ئاژەڵ و باڵندەی کوردان تالأن بکەن، دەستیان لێ مەپارێزن. خوا لە سوورەتی تالأنکردن فەرموویەتی: ترس دەنێمە دڵی خوانەناسەکان...ملیان بپەڕێنن... لەم تالأنکردنەدا، یەك لەسەر پێنجی بۆ خێری خودایە، ئەوی تریان بۆ پەیامبەر، خزم و خیشەکانی، هەتیوەکان و ئەوانەی دەستکورتن. خودا هەرگیز ناڕەوایی دەرهەق بە کویلەکان ناکات...

بۆیە ئێمە هەر بەڕاستی ترس کەوتە کیانمان و رەومان کرد. لەم کاتەدا، هەرچەند پوورە گیان، مامە و خاڵە، لەسەر ئەرزی هەمان خودا، لەهەمان مانگی فەبرایەری خودادا، دەستی پاڕانەوە بۆ هەمان خودای دڵۆڤان بەرزکردەوە"خوا بمانپارێزە".کەچی خوای گەورە، بەخشندە و میهرەبان بڕیاری پێشوەختی خۆی دابوو، گوێی لە جەنگاوەرە کیمیاوی لە دەستەکان دەگرت.

خوای گەورە، بێ شەریك و شوێن، لە سوورەتی تالأنکردن بە پەیامبەر دەفەرمێ: ئەی پەیامبەر، هانی بڕواهێنەرەکان بدە بۆ جەنگ....

پوورە و خاڵە گیان، بەدەنگی زریکەی منداڵەکانەوە، هاواری دژ بە جەنگیان دەکرد، کەچی خودایش لە گەڵ حەسەن ئەلمەجیدا قاقای پێکەنینیان دەهات و فەرمووی: بخۆن لە دەستکەوتەکانتان، حەلاڵە، بە نۆشتان بێت....

ئەی خوا گیان، تۆ سمیع و عەلیم و تەقوامانی، تۆ دەستی قلّیشاوی و فرمێسك و برسێتی و ترسمانی، حەلاّلّی چی؟ نۆشی چی؟ سەرباری هەموویشی، فەرمانی تالاّنکردن و زیندەبەچالّکردنمان دەدەی؟!
لەولایشەوە بازرگانەکانی گازی کیمیاوی دەهاتن بۆ تەماشاکردنمان، فرمێسکی تیمساحاوییان بەسەرمان دەڕشت...
نەخێر!
من لەو رۆژەوە کە قورئان دەخوێنم، بەسەر سوورەتی تالاّنکردن بازدەدەم... کەس بۆی نیە مالّی کەس تالاّن بکات. بە من چی کابرا کافرە یا...؟
ئەم جارەیش لە لاپەڕەی ١٦٤-١٧٢ی قورئانی پیرۆز لێکردەوە. بۆ ئەوەی خودا نەزانێت، خستمە ناو تەنەکە زبلّەکەی مالّی هاوسێکەمان!!.
خودا کەریمە بۆ لاپەڕەکانی تری.
خودا بەخشندەیە!

یەکێك لەو قەیرانە سەرەکییانە کە ئیسلام و ئیسلامییەکان لە پەیوەست دەگەڵ کتێبە پیرۆزەکەیان"تێکەوتوون، ئەوەیە، زەمەن، دەق، رەوشت، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، پرسیاری خوشکەکانی ئەنانا، بەختەوەری، ئازادی و مافی مرۆڤ و یەکسانی ... هتد، لە کۆمەڵگای کۆنی دوورگەی عەرەبی چەقی خواردووەو ئێستاش، هەر بە چاوی پێش ١٤٠٠ساڵ، دەیبینن و پەیڕەوی دەکەن. جگە لەوەش دەیانەوێ بە زەبرو تیرۆری رەش بە سەر کەسانی تر بیسەپێنن! بۆیە قورئان سمبولی دواکەوتن، زەوتکردن، نامۆیی و دژی ئینسانییەتە...هتد

ئێستا بچووکترین و سادەترین راستی ئەوەیە، جیهان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پانتاییەکی زۆر بەرفرەوانتر پێکدەهێنێ لە دوورگەی عەرەبی! دەسەلات، بەهاو نەریتی ئەو دەشتەکییانە بووە بە کۆنە پەڕۆی بێ کەڵك لە ئاستی پێشکەوتنی کانزای مەعریفی بیرمەندانی چینە ژێردەستەکان! نەك تەنها هەر ئەوان، بەڵکو بیرمەندە ئومانیستەکانیش. بۆ نموونە مرۆڤایەتی پێشکەوتوخواز، بەرپەرچی بوونی کەنیزە دەکات. ئەدی قورئان؟ ئێمە بەرپەچی کۆمەڵگای چینایەتی و هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك دەکەین. ئەدی قورئان؟ ئێمە بانگەوازی یەکسانی ژن و پیاو دەکەین، وەك هەنگاوێکی بچووك، قەدەغەی زەبروزەنگ دەکەین لە دژی ژنان. ئەدی قورئان؟ ئێمە خێرخوازی و بەزەیی پێهاتن بە هەژاران رەت دەکەینەوە، بە خێرخوازان دەڵێین(ئەوەت لە کوێ؟)، چونکە هەموو شتێك موڵك و بەرهەمی هەژارانە. ئەدی قورئان؟...هتد

قورئان بە زەکاتدان دەیەوێ عەرشی بۆگەن و تاوانباری چەوسانەوە لە ناو ببات!نەخێر ئەمەیشی ناوێ! بەڵێنی ساختە و درۆزنانەی باغات و جۆبارەکانی بەردەمی بە هەژاران دەدا، هەژاران بەو بەڵێنانە کوێر و زەلیل دەکات، تا بیرنەکەنەوە لە تەفروتووناکردنی قەلاّی دۆزەخی سەرزەمین!

پاش تەواوبوون لە خوێندنی سورەتی دراکولا(ئەنفال)، دەچمە سەر سورەتی تەوبە:

١/ ئایەتی١: (دەربڕینی بێزاریە لە خودا و پێغەمبەریەوە، لەو شەریك دانەرانە وا ئێوە بوونە هاوپەیمانیان.)

پاش ئەوەی نووسەری قورئان لە هەموو سورەتەکانی پێشەوە، بە هەڕەشەو کوشتن لە دنیا و سزای دوور لە ئەقلّ لە پاش مردن، رووبەڕووی شەریکدانەران بۆ"خودا" راوەستاوە، لەم ئایەتە، تازە بە تازە هاتووە، بێزاری لە بەرامبەریان دەردەبڕێ!!

٢/ ئایەتی دوو: (... دەبێ ئەوەندەش بزانن کە <u>ناتوانن خۆتان لە خودا رزگارکەن</u>...)

٣/ ئایەتی٣: (خودا و پێغەمبەر خودا لە رۆژی حەجی مەزن دا، بە مەردم رادەگەیەنن کە خودا و پێغەمبەری خوا لە بت پەرستان بێزارن. ئەگەر پەشیمان ببنەوە، قازانجتانە، ئەگەریش قبوولّی نەکەن، لێتان روون بێ کە لە دەس خودا دەرناچن. مژدە بدە بەوانەی خودانەناسن، بەشیان ئازاری بەژانە.)

دووبارەکردنەوەی ناوی خودا و پێغەمبەر لە نێوان دێڕێك زیادەو بەڵگەی سادەیی و ناشارەزاییە نەك بلیمەتی و زاڵبوون بە سەر نووسینێکی پاراو

له لایەن ئەقڵ و دەسەڵاتی رەها! هەمان شت لە بارەی (لە دەس خودا دەرناچن)! هەمان شت بۆ سەدبارەکردنی سزای ئازاردانی بەژان!
٤/ ئایەت ٥: (هەر کە مانگەحەرامەکان بڕانەوە، ئەو بت پەرستانەو لە لە کوێ وەدەس کەوێ، لە گرتن و بەندکردن و کوشتنیان دەس مەپارێزن و بۆسەیان بۆ بنێنەوە. ئەگەر پەژیوان بوونەوەو بوونە نوێژکەر و زەکات دەر، ئەوسا دەستیان لێ هەڵگرن. خودا لە گونا خۆش دەبێ و دڵۆڤانە.)
ئەم ئایەتە نموونەی باڵای مافی مرۆڤە لە لای ئیسلامییەکان: بەرامبەر بە ئۆپۆزیتسیون، گرتن و بەندکردن و کوشتن حەڵاڵە. زۆر بە تەرەسانە نەخشەی بۆسەنانەوەشیان بۆ دادەڕێژێ!. بۆ چارەسەری کێشەی بڕواهێنان، ملکەچی بەرامبەر دەسەپێنێ، واتە دەبێ بەرامبەرەکەیان پەژیوان بێتەوە لە قەناعەتەکانی. ئەو بەشەی کە رەنگی سەوز نووسراوە، کراوە بە ئایەتێکی تایبەت: ئایەتی ١١: (سا ئەگەر لە بت پەرستی وازیان هێنا و نوێژیان کرد و زەکاتیان دا، ئیتر برای دینی ئێوەن. ئێمە ئەم نیشانانەمان بۆ خەڵکی روون دەکەینەوە کە زانابن.)
٥/ ئایەتی٦نموونەیەکە بۆ هەڵویستی داڵدان کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی پێش ئیسلام و پێش ئیسلامیش، لە ئاینی ئیسلام و ئاینەکانی تریش پەیڕەو دەکرێ.
٦/ ئایەتی٢٠و١٠٠و١١٧: ئەوی بڕویان هێناوە و تووشی ئاوارەیی بوون و بۆ خودا چوونە خەزایەو دەستیان لە ماڵ و گیانی خۆهەڵگرتووە، لای خودا زۆر لە پێشترن و بەئاواتی خۆیان دەگەن.)
ئەم ئایەتەش چەندین جار دووبارە بووەتەوە!

٧/ ئایەتی٢١ قشمەربازاڕی باغاتەکەیە. پێویست ناکات هەموو ئایەتە بنووسمەوە !

٨/ئایەتی٢٢ هەمان شت ! !

ئەم ئایەتە بەشێکە لە ئایەتی٢١و ناکرێ وەك ئایەتێکی تایبەت تەماشای بکرێ !

٩/ ئایەتی ٢٦ بتەنها باسی پیاوانی بڕوادار دەکات، شوێنی ژنانی بڕوادار غائیبە !

١٠/ ئایەتی٢٩: (وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خوداو رۆژی سەلاّ بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە ناڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی راستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ بە ئەنگۆ دەدەن.)

- أ- ئەوەی بە پەمەیی نووسراوە، پێشتریش دووبارەو چەند بارە کراوە !
- ب- تیرۆری رەشی بێ سنوور، زمانحالّی ئەم کتێبە دزێوەیە !
- ت- سەرانەوەرگرتن لە سەر بڕوا بە ئاینێکی تر، تاوان و زوڵمە !

١١/ ئایەتی٣٠قسەی مرۆڤە نەك"خودا"، چونکە نووسیویەتی(خوا بیانکوژێ، چۆنین لە حەقی لادەدرێن؟).ئایەتی٣١یش هەمان شت.

١٢/ ئایەتی٣٣: (خودا بۆ رێ نیشاندان و راگەیاندنی دینی راست، پێغەمبەری خۆی ناردوە، تا گش دینەکانی دیکە بەرخۆی بدا، هەرچەند ئەوانیش حەزنەکەن کە شەریك بۆ خودا دادەنێن.)

به پێی ئەم ئاینە، دەبێ هەموو خاوەن دینەکانی تر، دەست لە دینەکانی خۆیان هەڵگرن و ببنە ئیسلام. بە پێی ئەم ئایەتە، ئیسلامییەکان هەموو دینەکانی تر بە کافر لە قەڵەم دەدەن و بە مافی خۆیان دەزانن، کافران لەناو ببەن. بەڵام چەنکە قورئان وەك چێشتی مجێورە، دەبینین هەندێ ئیسلام پەنا بۆ(ئاینی خۆتان بۆ خۆتان، و ئاینی خۆم بۆ خۆم) بەکار دەهێنن!

١٣/ ئایەتی٣٨و٣٩و٤١ بانگەوازە بۆ خەزاکردن، تەنانەت هەڕەشە لە خاوەن باوەڕانیش دەکرێ : (ئەگەر نەڕۆنە خەزایە، لە خواوە تووشی جەزرەبەی بە ژان دێن و دەستەیەکی تازەبابەت دەخاتە شوێنەکەی ئێوەو لەم بارەوە هیچ زیانێکی پێ ناگەینن. خوا بۆ هەموو شت توانایە.)!!

١٤/ ئایەتی٧١و٧٢و٨٩دووبارەکردنەوەی باغاتەکەیە، تەنها ئەوە نەبێ ئەم جارەیان شوێنی باغاتە دیاری دەکات( چەندین خانوی هەرەباشی لەناو باغاتی عەدەن دا بۆ داناون.)

١٥/ ئایەتی١٠٠دووبارەی ئایەتی ٢٠وهەزاربارى قەشمەری بازاڕی باغاتەکەیە.

١٦: لە ئایەتی١٠١دا هاتووە(دووجار ئازاریان دەدەین و لە دواییدا دەیانخەینە بەر جەزرەبەی هەرەدژوار.)

ئەوەیە نموونەی رق و قینەی ئەپەڕی وەحشییانەیە. ئایا بە راست ئەمە زمان و رەوشتی ئەقڵی رەهایە؟

١٧/ ئایەتی١١١: (خودا گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە و لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە. باوەڕدارانیش ئەوانەن کە لە رای خوا شەڕ دەکەن

و دەکوژن و دەشیانکوژن. لە تەورات و لە ئەنجیل و قورئانیشدا بەڵێنی وەها دراوە. سا کێ لە خوا بۆ پێکهێنانی بەڵێنی دروستترە؟ دەسا ئێوە بەو سەودایە و مزگێنی بە یەکتر بدەن، گە دەسکەوتێکی زۆر گەورە و دەست کەوتووە.)

أ– لەم ئایەتەدا پێناسەی ئیسلام دەکرێت کە ئەو کەسەیە دەکوژن و دەشیانکوژن!

ب– لێرەشدا بەڵێنی بەهەشت دووبارە دەبێتەوە. بەڕاستی سەرم سوڕماوە لەوانەی ناوی"زانایانی ئیسلام"یان هەڵگرتووە. ئەوە خۆ تاقە ڕەخنەیەکیشیان نییە لەم کتێبە!و ناوی"زانایان"هەڵگرتووە. بە راستی هیچ زوڵم نییە، پیان بگوترێ دەبەنگەکانی نەزانی!

١٨/ ئایەتی ١٢٣ دووبارەکردنەوەی بانگەوازی جەنگ بەرپاکردنە: ( ئەی گەلی باوەڕداران! دەگەڵ ئەو خوانەناسانەی هاوساتان بە شەڕوەرن، با زەبروزەنگوو ببینن. بیشیزانن خوا دەگەڵ خۆپارێزانە.)

١٩/ ئایەتی١١٦: (خاوەنی موڵکی عاسمانەکان و زەمینێ هەر خودایە. گیان وەبەر دێنێ و دەمرێنێ و جیا لە خودا، دۆست و یاریدەرتان نیە.) بەهەمان شێوە ئایەتی ١١٩و ئایەتی ١٢٩کە تێدا نووسراوە: (...بێژە: من هەر خودام بەسە، بە غیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرەستن ناشێ، کاری خۆم داوەتە دەست ئەو، هەر ئەویشە خودای تەختی مەزنە.).

دەقێك بەم شێوە نووسرابی و بدرێتە پاڵ هێزێك یا بوونێك لە سەرووی مرۆڤەوەیە کە گوایە هەموو ئەم گەردوونەی درووستکردووە، خەتاو

تاوانێکی گەورەیە. ئایا ئەو هێزە پێویستی بەو هەموو دووبارەکردنەوە بێزارکەرانە هەیە؟ تەنها بەم خاڵە، ناکرێ قبووڵی دەقێکی وا بکەین وەك بەرهەمی بوونێك لە رادەبەدەر زیرەك، شارەزا و هوشیار بێ!
٢٠٠٣/١/١

سورەتی هود یا دووبارەکردنەوەی
چیرۆکەکانی تەورات و ئەفسانەکانی تر؟!

١/ئەم ئایەتانەی خوارەوە چەندین جار لە سورەتەکانی پێشوو ئەوەندە دووبارەکراونەتەوە کە هیچ شتێکی نوێ بە خەڵك ناڵێن:

- ئایەتی٢: (کە نابێ هیچ بپەرستن غەیرەز خودا، من لە خوداوە بۆ ئێوە ترسێنەر و موژدەدەرم).
- ئایەتی ٤:(بەرەو خودا دەگەڕێنەوەو خۆی هەموو شتی پێدەکرێ.)
- ئایەتی٧: (هەر ئەویشە کە ئاسمانان و زەمینی لە شەش رۆژا درووست کردو تەختی فەرمانڕەوایی. ئەو لە سەر ئاو بوو، تا بەتاقیتان کاتەوە، کاموو ئاکاروو چاکترە. گەر وتیشت: لە پاش مردن ئێوە زیندوو دەکرێنەوە، دیارە خودانەناسەکان ئێژن: ئەمە هەر بە ئاشکرا جادوە.)
- ئایەتی٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣دووبارەکردنەوەن و هیچ شتێکی نوێ ناڵێن!

ئەوەی گرنگ بێت لەم سورەتەدا ، بەشی دووهەمی ئایەتی ٧ە کە دەڵێ: (...و تەختی فەرمانڕەوایی ئەو لەسەر ئاو بوو...). گەر چی لەم بارەیەوە لە نامیلکەی–هەڵویستی کۆمونیستی زانستی لە بترەی ئاینەکان باسم کردووە_بەلاّم لێرەشدا پشت بە چەند سەرچاوەیەکی تر دەبەستم بۆ سەرلەنوێ سەڵماندنی ئەو راستییە کە ئەم دەربڕینە لە ئاین و ئەفسانەکانە کۆنەکانەوە دزراوە، بە بێ ئەوەی هێمایان بۆ بکرێ:

+ ...پێشی قورئان، ئەکەدییەکان بڕوایان بەوە هەبوو کە گەردوون لە سەرەتادا لە یەك توخم پێکهاتووە، ئەوەش ئاوە...کە دوو توخمی ئەزەلی هەیە، ئەوانیش ئاوی زولاڵە(أبسو) و ئاوی سوێر(تیامات)...(قصة الادیان، سلیمان مظهر ، مکتبة مدبولی،٢٠٠٢،لا ٧٠)

+ ئاو لەلای مەندائییەکان(سوبی)یەکان زۆر پیرۆزە. ئەم ئاینە نزیکایەتییەکی زۆری هەیە لە گەڵ ئاینی بابلییەکان. بە پێی ئەو تابلۆیانە لە کتێبخانەکەی ئاشورپانیپال لە( تل قوینجق) و لە شارە بابلییەکان و لە (تل ئەلعمارنە) لە میسر دۆزراونەتەوە کە بۆ سالاّنی ١٨٥٠– ٢٠٠٠پ.ز ... ئەفسانەیەك دەڵێ: لە سەرەتادا، تاریکایی قەتیسماو بەسەر ئاوە بێ کۆتاییەکاندا زاڵ بوو...ئەو کاتە، هێشتا نە زەمین و نەیش ئاسمان هەبوو، هیچ نەبوو، جگە لە ئۆقیانۆسی سەرەتایی، تی ئامت کە لە قولاییە بەپیتەکەیەوە هەموو شتێکی زیندوو سەریهەڵدا. هێشتا لەو سەردەمە ئاو دابەش نەکرابوو بۆ زەریا زەریاچکە و روبار، بەڵکو هەمووی لە قولاّییەکی بەرین و بێ ئارام گردبوو بوو و ناوی ئابسو بوو...(سەرچاوە: أصول

الصابئة و معتقداتهم الدينية، عزيز سباهى، لا. ٦٨-٦٩، دار المدى للثقافة و النشر1999).

+بەشی یەکەمی ئەم ئایەتە لە سورەتی فورقان، سجدە، حەدیدو نازیعاتیش دووبارەی دەکرێتەوە، ئەوجا با کەسێك بوێرێ و بڵێ ئەم دەقە لە لایەن خالقێك کە وێنەی نیە لە توانا، حکمەت و بێ سنووری هێزەکەی، دابەزیوە.

٢/ ئایەتی١١دووبارەکردنەوەیەکی بێ تامە: (مەگین ئەوی خۆڕاگرو ئاکار چاك بوون، بەشی ئەوان بووردن و پاداشی هەرە مەزن دەبێ.)

٣/ ئایەتی١٣سەرلەنوێ گومانکردنمان قوڵتر دەکات: (یان ئێژن هەڵی بەستگە. بێژە: ئەگەر قسەو راستە، دەسا ئێوە بە یارمەتی هەرکەسێ دەستوو دەکەوێ–غەیرەز خودا– دە سورەتێ هەڵبەستە هەر وەك ئەم بێنن.)

٤/ ئایەتی١٤ دووبارەکردنەوەیەکی بێ تامە.

٥/ ئایەتی١٨وەکو ئەمەی پێشووە: (کێ لەو کەسە ناهەقترە درۆ بۆ خوا هەڵببەستێ؟....)

٦/ ئایەتی٢٠: (ئەمانە لەم سەرزەمینە ناتوانن لە خودا راکەن....)هەمان شت!

٧/ ئایەتی ٢٢هەمان شت!

٨/فەرموون ئەم ئایەتە بلیمەتە بخوێنن، بزانن چەند جار لەم کتێبە "پیرۆزە"دووبارەکراوەتەوە. ئایەتی٢٣کە دووبارەکرنەوەی ئایەتی١١یە: (ئەوانەی خاوەن باوەڕ و ئاکار چاك بوون و دڵیان بە پەروەرێنیان

داسکناوە، ئەوانن دەچنە بەهەشت و تاهەتایەی تێدا دەبن.)و پێشتریش لە سەورەتەکانی تر دەیان جاری تریش دووبارەکراوەتەوە !

٩/ ئایەتی ٢٥: (نۆحمان شاندە لای هۆزەکەی، کە: من بۆتان ترسێنەرێکی ئاشکرام.)

+ ئەمە ئایەتێکی نوێیە، بەڵام وەك ناوەڕۆك، هەمان مەسەلەی ترساندنی خەڵکە !

+ لە تەوراتدا، ئەصحاحی٦(التکوین٥و٦و٧)بەم شێوەیە باسی نوح دەکرێ: (..لامك ١٨٢ساڵ تەمەنی کرد و کوڕێکی بوو و ناوی لێ نا نوح و وتی ئەمە ئابروومان دەبا لە سەر کارەکانمان و ماندوو بوونی دەستمان لە لایەن ئەم زەمینە کە خودا نەفرەتی لێ کرد. لامك لە پاشی لەدایکبوونی نوح، پێنج سەد و نەوت و پێنج ساڵ تەمەنی کرد و چەندین کوڕ و کچی بوو. هەموو رۆژەکانی لامك حەوت سەد و حەفتا و حەت ساڵ بوو و مرد.

نوح کوڕی پێج سەد ساڵی بوو و سام و حام و یافتی بوو.....خودا بە نوحی گوت: کۆتایی هەموو مرۆڤەکان هاتە پێشم. چەنکە زەمین بەدەستیانەوە پڕ بووە لە جەور. ئەوا من فەلاکەتیان دەکەم لە گەڵ زەمین. پاپۆڕێك لە تەختەی(جفر)درووست بکە....هتد چیرۆکەکەم کە پێشتریش هێما و بەراوردم کردووە لە گەڵ ئەفسانەکانی تر.

١٠/ ئایەتی ٢٦: (جگە لە خوا مەپەرستن، نیگەرانم نەوەك رۆژێ ئازاری بە ژانوو تووش بێ.) ! !

١١/ ئایەتەکانی٧١، ٧٢، ٧٣دوبارەکرنەوەی ئەصحاحەکانی تەوراتە بۆ لە دایکبوونی ئەسحاق و بەسەرهاتی قەومی لوت(التکوین١٨و١٩: ئەصحاحی

١٩) و بەردباران و بە هەمان شێوەیش چیرۆکەکانی یەعقوب و یوسف لە تەورات!!

١٢/ ئایەتی١١٨: (پەروەرندەت ئەگەر حەزی بکردایە، خەڵکی دنیای گشت دەکردە یەك ئاین، بەڵام بە ناتەبایی هەر دەمێننەوە.)

کە خودا خۆی حەزی نەکردووە، خەڵکی دنیای گشت بکا بە یەك دین، ئیتر بۆچی مێژووی ئیسلام هەر شەڕو کوشتن و سەربڕین و داگیرکردن بووە بۆ بە ئیسلامکردنی خاوەن ئاینەکانی تر؟!

١٣/ ئایەتی ١٢ دووبارەیەکی بێ مانای چەندین بارە لەم سورەتەو لە سورەتەکانی تر: (هەر شتێکی بەر پێوارە–لە ئاسمان و زەمیندا–گش بۆ خودان، هەموو کارێك هەر سەر بەوە. سا تۆ هەر ئەو بپەرەستە و چارەنووست بەو بسپێرە. هەر کارێ کە ئێوە دەیکەن، پەروەندەت لە هیچی بێ ئاگا نیە.)

گەورەترین درۆ و گێچەڵکردن بە خەڵك لە سورەتی یوسف دا هاتووە( لە تەوراتدا، ئەصحاحی ٣٠، تکوین٢٠) نووسراوە کە یوسف کوڕی(راحیل)ە و باسی هەموو بەسەرهاتەکان دەکرێ، کەچی لە قەرئاندا، لە سورەتی یوسف بەم درۆیە دەست پیدەکات: ئایەتی ٢و٣: (قورئانێکە بە عارەبی ئێمە ناردمانە خوارەوە، شایتا ئێوە تێبگەن. ئێمە وێرای ئەم قورعانەی کە بە تۆن راگەیاندوە، شیرین ترین چیرۆکت بۆ وەدەگێڕین، کە دەپێشدا تۆ هەر ئاگاشت لێ نەبوە.)!!

٢٠٠٣/١/٦

سورەتی یوسف یا دووبارەکردنەوەی

(تەورات، التکوین٢٦و٢٧، أصحاحی٣٧–٤٩)؟

راستە یەك ملیارد مرۆڤ بڕوای بە قورئان هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: لەو یەك ملیارد موسلمانە، چەند کەسیان لە قورئان تێگەیشتوون و تەورات و ئەنجیلەکانیان بەباشی خوێندووەو لە گەڵ قورئاندا بەراوردیان کردووە؟! وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئێوەی هێژا بەجێدەهێڵم!...

گەورەترین درۆی شاخاوی و گێچەڵکردن بە خەڵك لە سورەتی یوسف دا هاتووە. بۆ؟

– لە سورەتی یوسف( ئایەتی٢و٣) هاتووە: (قورئانێکە بە عارەبی ئێمە ناردمانە خوارەوە، شایتا ئێوە تێبگەن. ئێمە وێرای ئەم قورعانەی کە بە تۆن ڕاگەیاندوە، شیرین ترین چیرۆکت بۆ وەدەگێڕین، کە دەپێشدا تۆ هەر ئاگاشت لێ نەبوە. وەختێ یوسف بە باوکی گوت: بابۆ!من یازدە ئەستێرە و خۆر و هەیڤم بەخەو دیتن، کە سەر بۆ من دەچەمێنن.)

لە (تەورات، التکوین، أصحاحی٣٧، لاپەڕەی ٦١)دا هاتووە: (... یوسف پاشان خەونێکی تری بینی و بۆ براکانی گێڕایەوەو گوتی: خەونێکی تریشم بینی، خۆر و مانگ و یازدە ئەستێرە سوژدەم بۆ دەبەن.)

لە قورئاندا یوسف خەونەکەی بۆ باوکی دەگێڕێتەوە، بەڵام لە تەوراتدا بۆ براکانی وەك دووهەم خەوندیتن.

- ئایەتی٨: (کاتێ گوتیان: دیارە یوسف و براکەی لای باوەمان لە ئێمە خۆشەویستترن، خۆ ئێمەش دەستەپیاوێکین. بێ گومانە بابی ئێمە بە ئاشکرا گومڕابوە.)
- تەورات: (بەڵام ئیسرائیل یوسفی لە هەموو کوڕەکانی تری زیاتر خۆشدەویست، چونکە کوڕی کاتی پیرییەتی. کراسێکی رەنگاوڕەنگی بۆ درووست کرد. کاتێ براکانی بینیان، باوکیان لە نێو هەموو براکان، یوسفی لە هەموویان زیاتر خۆشدەوێت، رەقیان لێ هەستا و نەیانتوانی بە ئاشتیخوازانە لە گەڵیدا بدوێن.)

أ‌-جیاوازی لە نێوان گێڕانەوەی چیرۆکی یوسف لە قورئان و تەوراتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکەم تەورات(تەوراتی یەهو-ناوی خودایە- ٩٠٠ساڵ پێشی مەسیح نووسراوە): سەرچاوە ئەنجیلی کۆن و نوێ بە ئەلمانی. شتێکی ئاساییە کە چیرۆکەکە پاش ئەو هەموو ساڵە جۆرە گۆڕانکارییەکی بەسەر هاتووە.

ب- جگە لەوە، ناوەکان هەمان ناون! لە تەوراتدا(تکوین٢٥،أصحاحی ٣٥هاتووە: (...خوا پێی گۆ: ناوت یەعقوبە. لەمەوڕا ناوت یەعقوب نیە، بەڵکو ناوت دەبێتە ئیسرائیل...لاپەڕەی٥٨)

- ئایەتی ٩و١٠: (یوسف بکوژن، یان لە شوێنێکا فڕێی دەن، هەتا باوک ببێتە تایبەت بە خۆتان. لە پاش ئەویش ئێوە ببن بە کۆمەڵێکی بەرەکەتی. یەکێ لەوان هەڵێدایە: ئەگەر ئەو کارە دەکەن، لە یوسف کوشتن گەڕێن و بیخەنە بن بیرەکەوە، کاروانچی هەڵێگرنەوە. )

– تەورات: (...هەندێکیان گوتیان ئەوەتە خاوەن خاونەکان هات، دەسا با بیکوژین و فڕێیدەینە ناو بیرێکەوە و بڵێین دڕندەیەکی بەدخو خواردی.....)

لە هەردوو کتێبەکە باسی کراسەکەی یوسف(ئایەتی ١٨– أصحاحی ٣٧، لاپەڕەی ٦٣)، فرۆشتنی یوسف (ئایەتی ٢٠– لەتەورات أصحاحی ٣٧، لاپەڕەی ٦٣)، هەوڵی ژنەکە بۆ جووتبوون لە گەڵ یوسف(ئایەتی٢٣و٢٤– أصحاحی ٣٩، هەمان لاپەڕە)، راکردنی لە دەست ژنیٚ(ئایەتی ٢٥– هەمان اصحاح و لاپەڕە )، زیندانکردنی یوسف(ئایەتی ٣٢، ٣٣، ٣٤ – هەمان اصحاح، لاپەڕەی ٦٦)، خەونبینی پاشا(ئایەتی ٤٣– أصحاحی ٤١،لاپەڕەی ٦٧)، چاوپێکەوتنی یوسف و زۆربەی هەرە زۆری وەردەکارییەکانی چیرۆکەکە، دەکریٚ.

بەپێویستی نازانم هەموویان بنووسمەوە. ئەوانەی گومانێکیان هەیە لەم بابەتە دەتوانن بەخۆیان هەستن بەم بەراوردکرنە.

ئەوەی بۆمان دەرکەوت ئەوەیە، قورئان نەك تەنها دووبارەکردنەوەی چەند جارەکی بیٚ مانای تێدایە، بەڵکو چیرۆکی کۆنی پۆخڵەواتی تەوراتە کە پێشی چەندین سەدە نووسراوەو گێڕدراوەتەوەو نووسەری قورئان وەك سورەتێکی نویٚ و قسەی خودا بە سەر خەڵك ساغی دکاتەوە. ئایا ئەمە درۆی شاخدار و دزی کردن نیە؟ ئایا ئەمە بەڵگەیەك نیە لە سەر ئەوەی قورئان لە لایەن کەسێکەوە نووسراوە؟ ئەوانەی دەڵێن، قورئان کتێبی خودایە، دەتوانن پێمان بڵێن بۆچی خودا هەمان سورەت بە دوو تکنیکی نووسین و شێوەی گێڕانەوەی جیاواز"ناردویەتی"؟

ڕەخنەگرتن و ڕسواکردنی ئاینەکان کە بوون بە چەکێك بە دەستی فەرمانڕەواکان، بەشێکی چارەنووسساز پێکدەهێنن بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕزگاری ژێر دەستەکان. ئای لەو ڕۆژە کە ئەم چینە لەو وەهمانە ڕزگاری دەبێ و چیتر چاوەڕوانی بەهەشتی نێو هەورەکان ناکا!

٢٠٠٣/١/٨

## سورەتی ڕەعد
## و پرسیاری ئامێری ئوڵتراشال!!

دەسپێك: ئەگەر سەرنجی ژمارەی بڵاوکراوە کوردییەکانی سەدەی ڕابردوو(تا ئێستاش) وژمارەی ئەو نووسەر، ڕۆشنبیرو ئەکادیمییانە بدەین کە بایەخیان داوە بە ئەرکی چالاکی و خەباتی بیر، لە ڕادە بەدەرن. بەڵام چەند کەس لەو بەڕێزانە، بایەخی جیدیان داوە بە بواری ڕەخنە لە قورئان کە ڕێگرو یەکێکە لە کۆڵەکە ترسناکەکانی دواکەوتن؟ من لە کاتێکدا ئەم پرسیارە دەکەم، فاکتەری یاساغکردنی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە لە ئاین، سزا و کوشتنم لەبەرچاوە، بەڵام هێشتا ئەم فاکتەرانەش بەس نین و ناکرێ وەك بیانوو قبووڵ بکرێن بۆ توخن نەکەوتن لە ئامرازەکانی لێدان، پەکخستن یا کەمکردنەوەی کارتێکردنەکانی ئەو بەڵایە! ئەوەی ئاگری ڕووناکی و سەرفەرازی بکات بە دروشمی خۆی، ناکرێ هیچ بیانوویەکی لێ قبووڵ بکرێ، کەواتە، با هەمووماندان بەو ڕاستییە بنێین کەوا ئێژێ، بێدەنگی زۆربەی خاوەن قەڵەم و بیرمەندەکانی کوردستان و درێژەپێدان بەو بێدەنگییە لە ئاستی ئەو سەرچاوە نەگریسە،

كە زەوتكردنی ئەقڵ و مەعریفەی سەپاندووە، شكستیان بەرهەمهێناوە. مەبەستم شكستی لە بەرامبەر رابردوو قبووڵكردنی كۆتەكانی! دەبا پێكەوە لە سەر هەموو ئاستەكانەوە دەست بە نووسینی سەرەتایەكی پرشنگداری نوێ بكەین: بەرەو ئەفلیجكردنی ئاین لە ژیانی رۆژانە! بەرەو سەرپانكردنی كارتێكردنە كۆمەڵایەتییە ئابرووچووەكانی، بەرەو جێگیركردنی هوشیاری، لۆژیكی زمان و خیتابی زانست! لێ دەشزانم، گەیشتن بەو ئاواتە، گۆڕانكاری ژێرخانی كۆمەڵگای گەرەكە...

****

وەك خوێنەرێكی جددی قورئان، شەرم دەكەم لەوە زیاتر دەستنیشانی ئایەتە چەندین دووبارەكراوەكان بكەمەوە، چونكە ئەوەندە دووبارەكردنەوەی پووچ و بێ مانای تێدایە، خوێنەر بێزار دەكات و دەزانم خوێنەری هێژای ئەم وتارەش وەك من بێزار دەبێ، بەڵام چارم ناچار و دەبێ هێمایان بۆ بكەم!

١/ ئایەتی یەكەم، دووبارەكردنەوەی"دابەزینی" قورئان بۆ سەر نووسەرو وەڕەسبوونی نووسەرەكەی لە بڕوانەهێنانی مەردم بە كتێبەكەی. چ جیاوازییەك لە نێوان ئەم ئایەتانە بەدی دەكرێت؟

–ئەلیف، لام، میم، را. ئەمانە چەند نیشانێكی ئەم كتێبەن. ئەوەی لە پەروەرێنتەوە بۆ تۆ هاتۆتەخوارەوە، دیارە راستە، بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە بڕوا ناكەن.

– ئایەتی ٣ی ئال عومران: (ئەم کتێبە– بەراست–کە بۆ تۆ ناردوە، باوەڕ بەو کتێبانەش دەکا کە بەر لەوی لە خواوە بەڕێ کراون، تەورات و ئینجیلیشی لە بەرا هەنارد.)


– سورەتی ئەعراف، ئایەتی٢: (کتێبێکە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە...)

دەیان نموونەی تر هەیە...

٢/ ئایەتی٢و٣و٤بەلێشاو دووبارەکراوەتەوە، رێك وەك مەسەلەی باغاتەکە: (خودایەکە ئاسمانانی بەرزکرد، بێ هەستوندەك، کە لێۆ دیارن، جا ئەوساکە نیشتە سەرتەخت. خۆرو هەیڤیشی خستەکار، هەر یەکەیان بۆ ماوەیەکی دیارکراو دێن و دەچن. خۆی بەکاروبار رادەگا و نیشانان شی دەکاتەوە، بەشکوو ئێوە لە دیداری پەروەرندەو بێ گومان بن. هەر ئەمیشە ئەم زەمینەی راخستوەو گەلێ کێوات و رووباری لێ ئەفراندو ئەو گەش بەروبوەزۆرەشی–کە هەمووی کردوونە جووتە– لە وێدا بەدی هێناوە، شەو بەسەر رۆژ هەڵدەکێشێ. ئەمانە گشتی نیشانەن بۆ ئەوانەی رادەمێنن.... و ئایەتی٤... .

ا–بیرۆکەی بەرزکردنەوەی ئاسمان لە ئاینی میسریش هاتووە:

(ئاسمان بە شێوەی ژنێك، ((شو))بەرزیکردووەو رۆژی لەسەرە بە شێوەی بازنەیی(گۆڕستانی رەمسیسی چوارەم).



٣ ـ السماء على هيئة امرأة يحملها «شو» وعليها الشمس على هيئة جعل أو قرص (مقبرة رمسيس الرابع).

ب– ئایەتی٤،٣،٢و زۆر لە ئایەتەکانی تر لە بارەی ئەفراندنی زەمین و ئاسمان، بەروبووم و شاخ و ئاو و باران و ماسی، رۆژ و مانگ، ئادەم و

حەوا، قابیل و هابیل...هتد هیچی تر نین، تەنها ئەوە نەبێ، قورئان بە زمانی عەرەبی، ناوەڕۆك و وردەکارییەکانی تەورات لە(تکوین، ئەصحاحی ١و٢و٣و٤) لە پەیوەست بە کۆمەڵگای عەرەبی مەکە و مەدینە، نووسراوەتەوە !

نموونە: (خوا گوتی با ڕۆشناییگەلێك لە سەرڕووی ئاسمان ببێ بۆ جوێکردن لە نێوان ڕۆژ و شەو. ببن بە ئایات و کات و ڕۆژ و ساڵەکان. ببن بە ڕۆشناییەگەلێك لە سەرڕووی ئاسمان بۆ ئەوەی سەرزەمین ڕۆشن بکەن. ئەوەش بوو. خودا هەردوو ڕۆشناییە مەزنەکەی دروستکرد. ڕۆشنایی گەورە بۆ دەسەڵاتدارێتی بەسەر ڕۆژ و ڕۆشنایی بچووك بۆ دەسەڵاتدارێتی بەسەر شەو....)–تەورات لاپەڕەی ٣و٤بەزمانی عەرەبی–

لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، بۆچی هەندێ خەڵك بڕوایان بە پێغمبەرایەتی موحەمەد نەکردووە و پێیان گوتووە ئەوە قسەی پێشینانەو هەر لێرەیشەوە دەتوانین لەو دووبارە قیزەوەنانە تێبگەین بۆ هەڕەشەکردن و چاوترساندن لە قورئان. لە تەورات(ئەصحاحەکانی پێکهاتن١–٤)دا، ئەو هەڕەشە و چاوترساندنانە بەرچاو ناکەون، کەچی محەمەد پاش هەر ئایەتێك لە ئایەتە وەگێراوەکانی تەورات، پەنا بۆ ئەو ئامرازانە دەبات.

٣/ ئایەتی٧:(ئەدی بۆچی لە پەروەرندەی خۆیەوە بەڵگەیەکی پتەوی بۆ نەهاتگە؟ تۆ تەنیا ترسێنەرێکی و هیچی تر، بۆ هەر گەلێك لە گەلانیش ئەشێ رێ شاندەرێك هەبێ.)

دووبارەکردنەوەی چەندین ئایەتی ترە و هەروا هەمان پرسیار لە پێغەمبەر و لەنێو ئاینەکانی تریش کراوە.

٣/ ئایەتی ٨: (لە تۆلی هەر مێچکەیەکدا هەرچی هەیە خوا دەیزانێ و دەزانێ چی دێتە سەرێ و چیشی لێ کەم دەبێتەوە. هەموویشی لای ئەو ئەندازەی هەیە.)

بە عەرەبی: (الله یعلم ماتحمل کل انثی و ماتغیض الارحام و ماتزداد و کل شیی عنده بمقدار.)

وەك هەمووومان دەزانین، ئەوە چەندین ساڵە، ئامێری(ئولتراشاڵ)دروستکراوە، ژنان دەچن بۆ لای پزیشك و بەئاسانی پێیان دەگوترێ کچ یا کوڕیان دەبێ، کۆرپەکە سەلامەتە یا ناو دەتوانرێت ببینرێت!!. من ترسی ئەوەم هەیە، ئیسلامییەکان بڵێن، زاناکان سوودیان لە"نهێنی"ئەم ئایەتە وەرگرتووە!ئاخر ئەوە نییە، پاش هەر دۆزینەوەیەك لە لایەن زانستەوە، یەکسەر"زانا ئیسلامییەکان" ئایەتێکی بۆ دەدۆزنەوە!!بەڵام ئەگەر پێیان بگوترێ، نووسەری قورئان زۆر سوودی لە تەورات وەرگرتووەو تەوراتیش لە ئەفسانە و ئاینە کۆنەکان سووی وەرگرتووە، یەکسەر تومەتی کوفر دەدەنە پاڵ خاوەنی ئەو بۆچوونانە و خوێنی حەڵاڵ دەکەن!

ئەگەر تەماشای بۆچوونەکانی زەردەشتیش بکەین لە پەیوەست بەم بابەتەوە، دەبینین ئەمیش دەڵێ:

ئەمەیە پرسیارەکەم لە ئێوە..

راستی هەواڵەکەم پێ بڵێ ئەی ئاهورا مەزدا.

ئەوە کێیە ئاراستەی ڕۆژو ئەستێرەکانی کێشا؟

...

ئەوە کێیە ئاسمانی بەرزکردەوە....

(سەرچاوە: **قصة الديانات، سليمان مظهر، لا٢٧٤)**

لێرەدا نموونەیەك لە سروودێکی ئەخناتون دەهێنمەوە کە بانگەوازی یەکانەگی خواوەندی کرد:

...تۆ کۆرپەی ناو سکی دایکی خەلق دەکەی، تۆ تۆی مرۆڤ خەڵق دەکەی

تۆ ژیان بە کۆرپەی ناو منداڵدانی دایك دەدەی و دڵنەوایەکەیی تا بێزار نەبێ و دەست بە گریان بکا

تۆ هەناسە بە هەموو ئەفراندنەکان دەدەی...

تۆ تاکە خودای و لە موڵکدا شەریکت نییە

بە ئیرادەی خۆت، زەمینت ئەفراند

لەبەر تەنهاییت، مرۆڤ و ئاژەڵانت ئەفراند

بە گەورە و بچوکیانەوە...ئەو مەخلوقاتانەی سەر زەمین و ئەوانەی بە باڵیاندا دەفڕن

...

چلۆن نا، و تۆ ڕۆژتان بۆ سەر زەمین هێناوە!؟

(هەمان سەرچاوە، لا٥٤–٥٥)

٤/ ئایەتی٩دووبارەکردنەوەیە...

٥/ ئایەتی١٠ش دووبارەی رەهایی زانین و بینین هەموو شتێکە لە لایەن"خودا"وە!!

٦/ ئایەتی١١: (...خوا لە هیچ گەلێك ناگۆڕێ، تا ئەوان دڵیان نەگۆڕن. ئەگەر خودا گەرەکی بێ تیرەیەك تووشی بەلا بن، هیچ لەمپەری نایەتە بەرو خواش نەبێ، هیچ کەس دۆستایەتیان ناکا.)

ئایا ئەم ئایەتە کە سەربەخۆییەك بە ئیرادەی مرۆڤ دەدا، چەند یەك دەگرێتەوە لە گەڵ ئایەتی ٧ی سورەتی مانگا: (لە خوداوە دڵ و گوێ یان مۆر کراوەو پەردەیەکیش بە بەر چاویاندا کشاوەو بەشیان ئازاری بەژانە.)؟ و چەندین ئایەتی تر کە ئەوپەڕی زەوتکردنی ئیرادەی مرۆڤ دەردەبڕن. وەك دەبینن، بەشی دووهەمی ئەم ئایەتەش سەدبارەکردنەوەیە!

٧/ ئایەتی١٢و١٣: (هەر خۆیەتی–بۆ ترسان و تەماداری–بروسکەتان بەر چاودێنێ و هەوری پڕ دادەوەستێنێ. هەورەکان و فریشتەکان–لەسامی ئەم–هەمیشە هەر پەسن دەدەن. هەورە تریشقەش دەنێرێ، کێ حەز بکا تووشی دەکا، کەچی ئەوان لەمەر خودا کێشەیانەو خوا لە جزیادانا گەلێ توندوتیژە.)

لە مەلحەمەی کلکامش و ئاینەکانی تر و ئەفسانەکاندا، بەڵگەی کافی هەیە لە سەر ئاگادارییەکانی مرۆڤ لە بارەی بروسکە، هەور، هەورەتریشقەو هتد. بۆ نموونە لە ملحەمەی کلکامش کە پێشی٤٠٠٠ساڵ نووسراوە، هاتووە: ...

ئەستێرەکانی ئاسمان دەرکەوتن

و یەکێکیان بەسەر من کەوت، چما گڕئاگری ئاسمانە((ئانو))

دەمویست بەرزی بکەمەوە، بەڵام قورس بوو

دەمویست بیجمێنم، ئەمەیشم پێ نەکرا...

... خۆشەویستەکەم، شەوی رابردوو، خەونێکم بینی،
ئاسمان تریشقەی دەهات و زەمین لێی وەردەگرتەوە...
(سەرچاوە: **ملحمة كلكامش، و قصص أخرى عن كلكامش و الطوفان. طة باقر، لاپەڕەی ١٢٦)**

**گەر چی قورئان بە هیچ جۆرێك، هیچ شتێکی نوێی باس نەکردووە لە بارەی ئەفراندن، بەڵام ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە، هەموو زانستە نوێیەکانیش بە وی دەبەستنەوە!! باشترین نموونە کتێبی- الاعجاز العلمي في القران الكريم، دكتور زكريا هميمي، مكتبة مدبولى - ه!**

**٨: لەم سورەتە چەندین ئایەت هەن، تەنها دووبارەکردنەوەن و هیچی تر:**

أ- ئایەتی ١٥: (هەرچییەك هەیە لە نێوانی ئەم عاسمانانە و زەوینە- خوانەخوایی-خۆیان و سێبەرەکانیان هەموو بەیانی و ئێواران، گشتیان سوژدە بۆ خوا دەبەن.)

ب- ئایەتی١٦: (بێژە: کێیە راهێنەری ئەم عاسمان و زەوینە؟ بێژە: خودا...

ت- ئایەتی١٧: (لەو حەوایە ئاوێکی دارژاندوە...)

پ- ئایەتی١٨: (ئەو کەسانەی کە بەدەنگی خوداوە هاتوون، چاکەیان دەربارەی دەکرێ. ئەو کەسانەش کە بەدەنگیەوە نەهاتوون، ئەگەر هەرچی لەم هەردەدا هی ئەوان بێ و هێندەی دیش و لە باتی خۆیانی بدەن، زۆر بەسەختی دەکەونە بەر پرسینەوەو هەر جەهەنەمیان جێگایە، کە خراپترین ئەنوایە.

ج- ئایەتی٢٣: (خۆیان و باب و کاڵیان و ژنەکان و تۆڕەمەشیان- ئەوانەی خودا پەسەند بن- لە باغاتی دور لە نەمان، دەچنە ژوورو فریشتە لە هەموو لاوە دەچنە لایان.)

ح- ئایەتی٢٤، ٢٥، ٢٦: بەهەمان شێوە!

خ- ئایەتی٢٧: (ئەوانەی خودا نەناسن، ئێژن: بۆ چە بەڵگەیەکی لە خواوە بۆ نەهاتگە؟ ....هەمان ئایەتی٧ی لەم سورەتەیە و دەیان جار پێشتر دووبارەکراوەتەوە!؟

د- ئایەتی ٢٨ دووبارەیە!

ژ- ئایەتی٢٩: (ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکار چاکن، خۆشی لەوان، کە دواڕۆژی باشیان هەیە.) دەیان جار دووبارەکراوەتەوە.

ر- ئایەتی ٣٠، ٣١، ٣٢هەمان شت دوبارەکردنەوەن!؟ و هەروا ئایەتی ٣٣ : (هەتا لەسەر دنیا دەژین، هەر تووشی ئازارێ دەبن. دیارە جەزرەبەی دواڕۆژیش دژوارترە و کەس ناتوانی لە خودایان بپارێزێ.)

ز- ئایەتی٣٥، باسی جۆبارەکەیە(بڕوانە وتارەکانی تر)!!. ئایەتی ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٤١، ٤٢و دوا ئایەتی(ئایەتی ٤٣)هەرهەموو ئەم سورەتانەش دووبارەکردنەوەی بێ تام و مانان!...


## سورەتی ئیبراهیم

**ئایەتی ٩ یەکێکە لە درۆ زەقە شاخدارەکانی ئەم سورەتە پێکدەهێنێ و دەبێ بۆ هەموو کەسێك روون و ئاشکرا بکرێ. لەم ئایەتەدا بە زمانی موساوە، نووسراوە: (ئاخۆ ئێوە دەنگ و باسی ئەوانەتان نەبیستوە کە بەر لە ئێوە ژیاون؟ وەك هۆزی نوح و هۆزی عادو سەموود و ئەوانەی لەدوی ئەوان بوون، *کە خوا نەبێ هیچ کەسی تر نایانزانێ*. پێغەمبەرەکانی ئەوان بەبەڵگەی زۆر ئاشکراوە هاتنەلایان. گشتیان دەسیان خستە ناو دەمی خۆیان و گوتیان: ئێمە بەو شتانەی ئێوە راسپێراون باوەڕ ناکەین، لەوەش ئێمەی بۆ بانگ دەکەن، زۆر بەگومانین.)**

**دەقە عەرەبییەکە ئەم ئایەتە: (ألم یأتکم نبؤا الذین من قبلکم قوم نوح و عاد و ثمود والذین من بعدهم لایعلمهم الا الله جاءتهم رسلهم بالبینت فردوا أیدیهم فی أفواههم و قالوا انا کفرنا بما أرسلتم بة و انا لفی شك مما تدعوننا الیة مریب)و ئەمەش وەرگێڕانی ئەم ئایەتەیە بە زمانی ئەلمانی: (**

kam nicht zu euch die Kunde von jenen, die vor euch waren, von dem Volk Noahs, und (den Staemmen)Ad und Thamud, und von denen, die nach ihnen lebten?Niemand kennt sie ausser Allah....)

١/ باسی نوح و تەوەفان لە ملحەمەی کلکامشدا هاتووە، ئەمەش دەقەکەیەتی. لە خوارەوە نووسراوە: (لە قسەی((ئۆتۆ–نبشتم))بۆ کلکامش و تێدا باسی هەواڵی تەوەفانی بۆ دەکا(سەرچاوە: **طة باقر، ملحمة كلكامش و قصص أخرى عن كلكامش و الطوفان، صفحة١٥١)**. لە نووسینەکانی پێشتریش هێمام بۆ کردووە.




٢/ فراس ئەلسواح لە کتێبی(**مغامرة العقل الاولى- دراسة في الاسطورة، سوريا،ارض الرافدين-**) لە لاپەڕەی١٥٣–١٥٤دا لە پەیوەست بە تەوەفان، دەنووسێ: ( هێڵە بەرینەکانی ئەم ئەفسانەیە لە گەڵ هەندێ جیاوازی، لەلای سۆمەری، بابلی و عبرانییەکان دووبارە دەبنەوەو لە گەڵ پاپۆڕە فینیقییەکان دەگەنە یۆنان. لەوێشدا، ئەفسانەیەکی ئەغریقی وامان بۆ دەگێڕێتەوە کە گەورەی خواوەندەکانی ئۆلیمپ((زیوس))بڕیاریدا ژیان لە سەر زەمین وێران بکات و تەوەفانێکی بەهێز بە درێژایی نۆ ڕۆژ ڕەوانە کردو هەموو خەڵکی لەناوبرد، تەنها پیاوێك و ژنێك نەبێ بە ناوی((دیکلیون))وهاوسەرەکەی((فەرحە))لەسەر پاپۆڕەکەیان مانەوە و لەسەر چیای برناس راوەستا....). هەر لەم کتیبەدا، بەشێك لە تەوەفانی سۆمەری بۆ عارەبی وەرگێڕاوە: ( ...

لەو ساتەوەختەدا، ((ننتو))وەك ژنێك ژانی هەبێ، گریا

و ئەنانای پیرۆز بەکوڵ بەسەر گەلەکەی گریا

ئەنکی بەقووڵی بیری کردەوە...

کاتێ زیوسدرا لە نزدیکی دیوارەکە راوەستا، گوێی لە دەنگێك بوو:

((لەنزدیك دیوارەکەوە بە دیوی راست، راوەستە

قسەیەك دەبێژم، بەدوای کەوە

گویَ لە وەسیەتەکەم بگرە

ئێمە ***تەوەفانێك*** لە باران دەنێرین

هەموو مرۆڤ لەناو ببات

ئەوە بڕیار و دادی کۆمەڵی خواوەندەکانە

بڕیاری ئانو و ئەنلیلە

>سنووریێك دادەنێین<بۆ مەلەکوتی مرۆڤ... )

٣/ لە تەوراتدا(سفر التكوين، ئەصحاحی ٦، ٧، ٨)بۆ باسکردنی تەوەفان تەرخان کراوە.

٤/ لە ئەنجیلی لۆقا، ١٧هاتووە: (چی لە سەردەمی نوح روویدا، هەمان شت لە سەردەمی رۆڵەی مرۆڤ روودەدا. خەڵکی خەریکی خواردن و خواردنەوەو شووکردن و ژن هێنان بوون، تا ئەو رۆژەی نوح چووە ناو کەشتیەکەوەو باو باران دەستی پێکردو هەموویانی لەناو برد.)–بە عەرەبی لاپەڕەی١٢٨و بە کوردی لالاپەڕەی ١٨١)

کەوا بێ راستییەکە بە پێی ئەم بەڵگە کەمانەوە کە لەبەر دەستدان ئەوەیە، بەسەرهاتی نوح و تەوەفانەکە زۆر کۆنە و سۆمەرییەکان، بابلییەکان، جوو، مەسیحییەکان و یۆنانییەکان پێیان زانیوە، ئەدی بۆچی لە قورئان نووسراوە(کە خوا نەبێ، هیچ کەسی تر نایانزانێ)؟!

ب- ئەم ئایەتانەی خوارەوە دەیان جار لە سورەتەکانی تریشدا دووبارەکراونەتەوە، جگە لە فرەپێژی بێ سوود و مانا، هیچی تر ناگەیەنن:

- ئایەتی۲: (ئەو خودایەی هەرچی لەناو ئاسمانەکان و زەمیندان، گش هی ئەون. واوەیلا بۆ خوانەناسان لە جەزرەبەی زۆر توندوتیژ.)

- ئایەتی ۳: (ئەوانەی ژینی دنیایان لە هێن ئەولا پێ باشترە، دەبنە لەمپەر لە رای خوداو گەرەکیانە خواروخێچ بێ، ئەوانە لە گومڕاییدا زۆر پێوە چوون.

- ئایەتی ٤: (هیچ پێغەمبەرێکمان نەنارد، مەگین بە زوان گەلەکەی خۆی، تا هەقیان بۆ روونکاتەو. خودا هەر کەسێ حەز بکا گومڕای دەکاو کێشی بوێ شارەزای راستەڕێی دەکاو هەر خۆی خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.)

ئەم ئایەتە زۆر ساکارانە نووسراوە! ئەی خۆ پێغەمبەرێکی فەرنسی زبان بۆ خەڵکی چین نانێرن!

- ئایەتەکانی ٦، ٧، ٨، ٩و ١٠دووبارەکردنەوەن!

- ئایەتی١٩:(تۆ نابینی خودای مەزن ئاسمانەکان و زەمینی هەر بۆ راستی چێ کردوە؟)دووبارەکردنەوەیەو هیچی نوێ پێشکەش ناکا!

- ئایەتی ٢٣، هەر بۆ پێکەنین، ئەم ئایەتە١٠٠بارەکراوەش دەنووسمەوە: (ئەو کەسانەش کە بڕوایان بەخوا هەیە و ئاکار چاك بوون، بە ئیزنی پەروەرندەیان دەبرێنە ناوەندی باغاتێك رووباریان بەبەردا دەڕواو هەتا هەتایە لەوێ دەبن و هەر بە سەلام، خۆشی و بێشی لێکتر دەکەن.)!!

- ئایەتی٣٢ باسی داهێنانی ئاسمان و زەمین و بارانی ئاسمانە. ئایەتی ٣٣سەرلەنوێ بە خێر باسی خستنەکاری خۆرو هەیڤییە کە پێشتر دەیان جار نووسراوە. هەروا ئەم ئایەتانەش(٤٣، ٤٤، ٤٧، ٤٨، ٤٩،(ئایەتی ٥٠لە فیلمی هتشکوك دەچێ: پۆشاکیان قەترانی رەشەو روویان ئاگر دای پۆشیوە.)و ئایەتی٥١دووبارەکردنەوەی بێ مانان+هەڕەشەو تۆقاندنن کە بە دەیان جار لە سورەتەکانی پێشتر، بەرچاو دەکەون! !بەگشتی، خۆشبەختانە، سورەتەکان تا دێن کورت دەبنەوە!

ئامانجی ئەم رەخنانە وەك رەخنەگرتنی ئەتائیستەکان نییە کە روو لە ئاسمان دەکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئێمە روو لە رۆڵی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، پەروەردەیی ئەم سورەتانە دەکەین لە پەیوەست بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان!

٢٠٠٣/١/٢٠

## سورەتی حیجر
## و
## دەقە دژبەیەکترەکانی قورئان!

١/ ئایەتەکانی٢٨-٣٩ سورەتی حیجر، کۆپیکردنی ئایەتەکانی١١-١٨ی سورەتی ئەعرافن لە گەڵ جیاوازییەکی سەیر بۆ گفتوگۆکردنەکەی نێوان خوداو ئەبلیس. لە سورەتی ئەعرافدا -ئایەتی١٢-نووسراوە:(گوتی: من لەو هێژاترم، منت لە ئاگر دروس کرد، ئەوت لە حەڕی سازداوە.)بە

عەرەبی: (قال: أنا خیر منه خلقتنی من نار وخلقته من طین). بەلاّم ئەم گفتوگۆیە لە سورەتی حیجر بە شێوەیەکی تر نووسراوە:

٢٨–کاتیٚ پەروەرندەت بە فریشتانی گوت: وا من مرۆم لە قورِەرِەشەی بۆگەنیوی وشکەلاّتووی چیٚ کردووە،

٢٩ هەرگا رِێك و پێکم کردو لە گیانی خۆم فووم پێدا کرد، ئێوە بۆ سوژدە بۆ بردن داوەرنەوەو دەمەورِووبن.

٣٠فریشتە گش سوژدەیان برد،

٣١مەگین ئیبلیس، ملی نەدا دەگەلْ سوژدەبەرەکان بیٚ.

٣٢گوتی: ئەی ئیبلیس! تۆ چیتە، دەگەلْ ئەم سوژدەبەرنە سوژدەنابەی؟

٣٣گوتی: من چۆن سوژدەدەبەم بۆ مرۆیەك، لە قورِەرِەشەی بۆگەنەنیوی رِەق هەلاّتووت چیٚ کردووە؟. بە زمانی عەرەبی: (قال: لم أکن لاسجد لبشر خلقته من صلصل من حما مسنون).

٣٤گوتی: سا لێرە دەرکەوە، تۆ(لە لای من)دەرکراوی.

٣٥نفرەی خودا لەسەرتۆیە، تا رِۆژی پیٚ رِاگەیشتن.

٣٦گوتی: ئەی پەروەرندەی من! مەودام بدە تا رِۆژیٚ زیندوودەبنەوە.

٣٧گوتی: برِۆ، تۆ لە مۆلّەت دراوانی،

٣٨هەتا وەختی دیاری کراو.

٣٩گوتی: ئەی پەروەندەی من! هەر چونکە تۆ گومرِات کردم، لە رِوی زەمین خراپەیان وەها لەبەردەخەلّمێنم، گشتیان لەرِیٚ هەلّدەکەم،...)

خوێنەری هێژا، بەرِای ئێوە، ئەو دوو گێرِانەوە جیاوازە لە گفتوگۆی خودا و ئەبلیس لە دوو تۆی کتێبێکی وا"پیرۆز"، لە کوێوەوە سەرچاوەی

وەرگرتووە؟ کامە دەربڕین درووستە؟ ئیبلیس چۆن وەڵامی خودای داوەتەوە؟ ؟!.

لە سورەتی مانگاشدا–ئایەتی٣٤– باسی ئەبلیس دەکرێ: ( فەرمانمان بە فریشتان دا، کڕنۆش لەبەر ئادەم بەرن. غیرەز ئیبلیس هەموویان سوژدەیان بۆ برد، ئەو کە خۆی بە زلتر زانی، سوژدەی نەبردو سپڵە بوو.) ئەوەی زۆر سەیرتر بێ لەو گێڕانەوە جیاوازە بۆ گفتوگۆکەی ئەبلیس و خودا ئەوەیە، وەك لە هەموو سوورەتەکان هاتووە، سوژدەبردن تەنها بۆ خودایە نەك بۆ کەسێکی تر! بۆچی ئەو جۆرە داواکارییە لە ئەبلیس کراوە؟ شتێکی ئاساییە کە ئەبلیس ئەوەی زانیوە کە نابێ بۆ کەسێکی تر سوژدە ببا. بەڵام هەر ئەو زانییە بوە هۆی کەوتنی بە بەر نەعلەتی"خودا"! !هەروا ئەبلیس بۆچی سوژە بۆ ئادەم ببات کاتێ خۆی و هەموو فریشتەکان لە ئایەتێکی پێشتر بە خودا دەڵێن: (گوتیان: تۆ کەسێ وا دێنی لەوێدا خراپەبکاو خوێن بڕێژێ، کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەدەین؟).

٢/ لە تەوراتدا(**التكوين٢-٢، الاصحاح الثالث، صفحة٧**)نە باسی ئەبلیس کراوە و نە چیرۆکی ئەبلیس و سوژدە بردن!وەك پێشتریش باسم کردووە، لە بری ئەبلیس، باسی مار دەکرێ!مار، ژنەکە"هەڵدەخەڵەتێنێ"، و خوا پێی دەڵێ: (چونکە ئەو کارەت کرد، تۆ لە هەموو زیندەوەرەکان و هەموو دڕندەکانی زەمین نەفرەتلێکراوتریانی. لە سەر سکت هەوڵدەدەی، هەموو رۆژەکانی ژیانت خۆڵ بخۆی. دوژمنایەتییەك لە نێوان تۆ و ژن دادەنیم، لە

نێوان نەوەکەت و نەوەکەی. ئەو سەرت پان دەکاتەوە، تۆ شایەنی ئەو سزایەی...)

٣/ لە ئایەتی٢٩نووسراوە: (هەر گا ڕێك وپێکم کردو لە گیانی خۆم فووپێدا کرد، ئێوە سووژدە بۆبردن داوەرنەوەو دەمەوڕۆبن). بەڵام لە ئاینی هیندۆسەکانیش فووکردن باس کراوە بۆ خەڵکردنی مرۆڤ:(براهما بە سەرپەنجەکانی شتێکی مەزنی قەوارە گەورە درووست کرد، لەوانە بوو جەستەکەی هاوتای پیاو و ژنێکی زەبلاحی دەستیان لەمل یەکتر کردبێ و پەروەرندە فووی لەو جەستە زەبلاحە کرد و بوو بە دوو کەرت...نیوەی بوو بە پیاوێك..و نیوەی بە ژنێك....)–سەرچاوە:**قصة الديانات، صفحة**٨٠-هەروا لە ئەفسانەیەکدا باسی فووکردن باسکراوە، بەلام سەرچاوەکە نادۆزمەوە.

٤/ ئەم ئایەتانەی خوارەوە دووبارەکرنەوەی ئایەتەکانی پێشترن:

–ئایەتی١(ئەلیف، لام، ڕا. ئەمانە بەڵگەو نیشانەی ئەم کتێبەن کە قورئانەو چاك و خراپە نیشان دەدا.)

–ئایەتی٢:(هیچ دوور نیە ئەوانەی خودانەناسن، ڕۆژێ بێژن: خۆزی موسوڵمان بووینایە.)

–ئایەتی٧:(ئەگەر قسەکانت ڕاستن، دەی بۆ فریشتەکان ناهێنی بۆلامان؟)

–ئایەتی٩:(مە خۆمان ئەم قورعانەمان ناردۆتەخوار، هەر ئێمەیشین دەیپارێزین.)

"خودا" ئەم ئایەتەی چەندین جار بۆ سەر پێغەمبەرەکەی دابەزاندووە !

–ئایەتی١٠: (بەرلەتۆش پێغەمبەرانمان ناردۆتە ناو کۆمەڵەکانی پێشوونە.)

پێدەچێ"خوا"ئەم ئایەتە، بەر لەم سورەتە بە دەیان جار بە پێغەمبەر نەگوتووە! دووریش نیە، پێغەمبەر نەخۆشی لەبیرکردنەوەی هەبووبێ!

–ئایەتی١١: (هیچ پێغەمبەرێك نەهات بۆ لایان مەگەر، دایانە بەر گاڵتەو تەشەر.)

بۆ؟!

–ئایەتی١٢: (ئەمەش ئێمەین کە دەیخەینە دڵی تاوانبارانەوە.)

ئایا ئەبلیسی ئەرکی ئەوەی هەیە، ڕێگای خراپە بە خەڵك پیشان بدا، یا خودا خۆی؟ لەم ئایەتەدا، خودا خۆی سەرچاوەی گاڵتەو تەشەرە! بۆچی وا بە شانازییەوە شتی وا دەخاتە دڵی خەڵکەوە؟!

–ئایەتی٤٩: (خەوەر بدە بە عەبدانم، کە هەر خۆمم لەگوناهان دەبوورم و دلۆڤانم.)

–ئایەتی٥٠: ( جەزرەبەشم زۆر بە ژانە.)

٥/ ئایەتی٤٣و٤٤: (جەحەندەمیش جێ ژوانێکی هەموانی یەو، حەودەرگای هەس. بۆ هەر دەرگایەك لەمانە پاژێکی لێ بەش کراوە.)

دۆزەخ لە دەقە سۆمەری و ئەکەدیش هەر ٧دەرگای هەیەو هەر دەرگایەك بەشێکی تایبەت!.

لە دابەزینی ئەنانا بۆ جیهانی خوارەوە، لە تابلۆ شیعرێکی زۆر جوان باسی حەوت دەرگاکەی جەهەندەم دەکرێ:

(کاتێ لە دەرگای حەوتەم چووە ژوورەوە

هەموو جلوبەرگەکانی دەسترۆیی و سوڵتانیان لەبەر داکەنی...)

بە هەمان شێوە لە ئەفسانەی ئەکەدی هاتووە:

(کاتێ لە دەرگای حەوتەم بریانە ژوورەوە،
جلوبەرگەکەیان داکەنی...)
ئەم ئەفسانانە بە زمانی شیعر نووسراون. بەم بۆنەیەوە سەیرم لێ دێ لە نێو بڕوادارە ئیسلامییەکان شاعیر هەیە، چونکە لە کتێبەکەی(**الثعلبي، قصص الانبياء المسمى عرائس المجالس**)هاتووە: (لە زاری ئەبن عەباس دەگێڕنەوە: ئەوەی بڵێ ئادەم شیعری وتووە، درۆی لەسەر خودا و پێغەمبەری کردووە، پێغەمبەر(صلی) و هەموو پێغەمبەرەکان وەك یەك، نەهیان لە شیعر کردووە و خودا دەڵێ: شیعرمان فێر نەکردووە و پێویستی پێ نیە)-لاپەڕەی٣٩-. هەروا لە لاپەڕەی ٣٥دا هاتووە: (دەگێڕنەوە:
...ئەبلیس-لە خودا پرسیاری کرد-ئەی چ بخوێنم؟گوتی شیعر...)!!
٦/ ئایەتی٥٩-٦٥سەرلەنوێ باسی چیرۆکی قەومی لوتە کە پێشتر لە سورەتی ئەعراف-ئایەتەکانی٨٠-٨٤و لە سورەتی هود-ئایەتەکانی٧٤، ٨٣ باسی کردووە!!!!
٧/لە ئایەتی٦٧-٧١:(خەڵکی شاریش-وە هەلهەلەکێشانەوە-پەیایان بوو.
گوتی: ئەوانە مێوانمن، ڕووزەردی ئەوانەم مەکەن.
گوتیان: ئەدی پێن نەوتوی نابێ کەس تخوونت کەوێ؟
گوتی: ئەوا کیژەکانم، چیتان دەوێ وەرن دەگەڵ وانی بکەن.)
ئاخر ئەوە چ پێغەمبەر و"کتێبێکی پیرۆزە"بانگی خەڵکی شارێك دەکا بۆ زەوتکردنی کچەکانی؟ ئایا ئەوە رێگاچارەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە هوموسێکسوالیتێتی لەناو قەومی لوت؟
پێشینان راستییان وتووە:(ویستی چاوی بڕێژێ، کوێری کرد)؟!

**٨/ئایەتی٩٨: (سا شوکری پەروەرندەی خۆت لەبیربێ و لە ڕێزەی سوژدەبەران بە.)**

**ئەی مەگەر پێغەمبەر، پێغەمبەری"خودا" نیە؟ ئیتر چ پێویست دەکا، ئایەتێکی تایبەت بۆ قسەی وا تەرخان بکرێ؟ئەی مەگە خودا خۆی هەڵینەبژاردووەو سەرقافڵەیی نوێژکەرەکانی بۆ دەکا؟!**

**٢٠٠٣/١/٢٢**

## سورەتی نەحل: نموونەیەکی ترە بۆ ناپیرۆزی قورئان!

پێش ئەوەی باسی سورەتی نەحل بکەم، بە کورتی دەگەڕێمەوە بۆ دوا ئایەتی حیجر–ئایەتی ٩٩– کە دەڵێ: ( پەروەرندەت بپەرستە تا ئەو کاتەی کە شتە بێ گومانەکانت لێ ڕوودەدا) بە عەرەبی: (**واعبد ربك حتى يأتيك اليقين**). لەژێر تیشکی ئەم ئایەتە، مامەڕەزاییە بەڕێزەکان، نوێژ ناکەن، چونکە دەڵێن ئێمە هیچ گومانێکمان تێدا نییە لە بارەی بوونی خودا و گەیشتووین بە یەقین، جا بۆچی نوێژ بکەین. هەڵبەت ئەمە تێگەیشتنێکی درووستە بۆ ئەم ئایەتە، بەڵام"زانا ئیسلامییەکان" بە ناڕەوایی کەوتنە تەقە لە ئەهلی حەقەو چەندین درۆی شاخاوییان بۆ هەڵبەست.(نایشارمەوە، بەش بەحاڵی خۆم، ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆ مامەڕەزاییەکان، بریا حەمەسووریش خۆیی جیا نەکردبا!)

١/پاش ئەوەی لە هەموو ئایەتەکان بە تێروتەسەلی باس لە"پاکی، بەرزی و بێ شەریکی"خودا کراوە، کەچی لەم سورەتەش بەم ئایەتە دەستی پێدەکات: ( ...خودا پاکە و گەلێك لەوە بەرزترە کە بێژن هاوکاری هەیە.).

٢/ ڕەنگە تەنها"خودا" بۆی هەبێ بە کەسی یەکەم و سێهەمەوە قسە بکا. ئەمە لە ئایەتی٢دەردەکەوێت: (فریشتەکان وێڕای وەلامەکانی ئەو–بە پێی فەرمانێ کە ئەیدا–دەنێرێتە خوارێ بۆلای هەرکەسێ لە عەبدەکانی کە خۆی حەزکا، گەفانی لە خەڵکەکە بکەن کە: هیچ شتێ شیاوی پەرەستنی نیە جگە لە خۆم، دەبێ هەر لە خۆم بترسن.). لێرەش هیچی نوێ ناگوترێ، تەنها دووبارەکردنەوەی ترساندن و هەڕەشە و گوڕەشەیە لە مرۆڤ کە لە سورەتەکانی پێشوو، بە لێشاو بەرچاومان کەوتووە. پێشینان ڕاستیان گوتووە: (قسە هەزارە دووی بە کارە)!

٣/ ئایەتی ٣یش دووبارەکرنەوەی بێ نرخی دووپاتکراوی دەیان جارەیە: (ئەم عاسمانانە و زەوینەی هەر بۆ ڕاستی داهێناوە. بەرزترەو دوورە لەوەی ئەوان دەیکەن بە شریکی.)

٤/ ئایەتی چوارەمیش وەك حاڵی ئایەتەکانی پێشوو: (بنیادەمی لە تنۆکێك بەرهەم هێنا، کەچی بووتە دوژمنێکی بەئاشکرا.) لێرە بێزاری نووسەری قورئان دەردەکەوێ بەوەی هەموو ئینسانیەت وەك دوژمنێکی ئاشکرای خودا ناودەبات. هەڵبەت پۆی سووکایەتی بەمرۆڤ بە باشی لەم ئایەتە دەردەکەوێت، وەك بڵێی کابرا تۆ چیت، لە تنووکێك خەڵق بوویت و ئێستا هاتووی دوژمنایەتیم دەکەی!

٥/ چونکە ئەسپ، هێستر و کەر رۆڵی سەرەکی بینیوە لە بازرگانی و بەگشتی ژیانی ئەوسای دوورگەی عەرەبی و ناوەندی ژیانی گرتووەتەوە، بۆیە نووسەریش تەنها ئاژەڵی لەبەرچاو بووە(سنووری پەرەسەندنی هوشیاری)و بەسەرسووڕمانێکەوە سەیری ئاژەڵەکانی کردووەو ئەو زانیاریەمانە پێ دەڵێ کە بە هەزاران ساڵ پێشتر گوتراوەو پێزانراوە: ( وڵساتیشی هەر بۆ ئێوە بەرهەم هێنا، کە گەرمایی و بەهەرەیان بۆ ئێوە تێداو لێشیان دەخۆن.)

لەم ئایەتەدا هیچ مەعریفەیەکی نوێی بۆ ئەو سەردەمەش تێدا نییە. خۆ ئەگەر لە گەڵ ئێستا بەراوردی بکەین، ئەوا زانستی مرۆڤ، تەکنیك و بەرهەمی زۆر باڵاتری خەڵق کردووە بۆ گواستنەوە یا گەرمایی وەرگرتن!

٦/ ئایەتی شەشەم: ( لاتان جوان و ڕازاوەن، کاتێك دەیانبەن بۆ لەوەڕو کاتێکیش دەیانهێننەوە.)

هێنان و بردنی مەڕومالاَت چ پەیوەندییەکی هەیە بە جوانی و رازاوەیی؟ پاشان لە کوێ مەڕومالاَتی برسی و تینوو لە گەڵ مەڕومالاَتی تێروتەسەل بەراورد دەکرێ؟

٧/ ئایەتی حەوت: (گرانبارتان ڕادەگوێزێ بۆ جێگەی وا کە بۆ ئێوە زۆر دژواردەبوو بیگەنێ. پەروەرندەت زۆر دڵسۆز و دلۆڤانە.)

ماڵی ئاینم وێران کرد، ئەوە مرۆڤ ئامێری وای داهێناوە بۆ راگواستنی گرانبار، بە هەزار کەریش هەڵناگیرێ!!

٨/ ئایەتی ٨: (ئەسپ و ئێسترو کەریشی، هەم بۆ سواری هەم بۆ خۆبەجوان ڕانانی ئێوە چێ کرد. شتی وەهای دروس دەکا کە نایزانن.)

خۆزگا موحەمەد ئێستا لە قەبرەکەیەوە رادەستدەبووەوە تا بە خۆی بەراوردێك لە نێوان داهێنانی ئۆتۆمبیل و سواربوونی لە گەڵ سواری ئەسپ و ئێستر و کەر بکردایە!

٩/ ئایەتی ٩: (خودا هەر هێندەی لەسەرە ڕێگەی ڕاست دەست نشان بکا. ڕێگەی خێچ و خواریش هەیە. ئەگەر بۆخۆی بیوستبا، هەمووتانی دەخستە سەر ڕاستەڕێ.)

أ–ئەمە درۆیەکی ترە، چونکە چەندین ئایەتی ترش هەیە، کە خودا بە خۆی چاو ودڵی مرۆڤ دەبەستێ تا"رێگای راست"نەبینن وچەندین ئایەتی تریش هەیە کە بەخۆی رێگای خێچ و خوار بە مردم پیشان دەدا. ب– ئەم ئایەتەش هەر دووبارەکردنەوەیەو پێشتر دەیان جار هێمام بۆ دووبارەکردنەوەکانیم

کردووە. ج– ئەبلیس بە"خۆی" دایهێناوە! ئیسلامییەکان دەتوانن پێمان بڵێن کێ مەلایکەتی شەڕی خەڵقکردووەو کردوونی بە"مەقاشی دەستی بۆ کاری خراپەی مرۆڤ"!؟

١٠/ ئەم ئایەتە ئەوەندە پێشتر نووسراوەتەوە، ئیتر شایەنی ئەوەنیە هیچی لەسەر بنووسرێت: ( هەر خۆیەسی لەم حەوایە ئاوێکی بۆداباراندن کە ئێوە لێی ڤەخۆن و ڕوەکیشی پێ شین دەبێ و لەو ڕوەکە، وڵساتەکانوو دەچەڕن.)

١١/ ئایەتی١١ هێماکردنە بۆ سوودی باران لە رواندنی چاندەمەنی، زەیتون و رەز و دارەخورما...

١٢/ ئایەتی ١٢دووبارەکردنەوەیە و چەندین جار بە دووروودرێژی باسم کردووە: (شەوو ڕۆژی بۆڕام کردن، هەیڤ و خۆرو گش هەسارەش مل کەچی فەرمانی ئەون. لەمەشدا زۆر نیشانە هەن بۆ کەسانێ کە تێدەگەن.)

هەر بۆ نموونە دەقێك لە ئاینی هندۆسییەکان دەهێنمەوە وەك بەراوردکردن لە گەڵ ئەم ئایەتە و ئایەتەکانی تری ئەم سوورەتە: ( خۆی بەتەنهایی و زۆر لە دووریدا دەژێ..لە بێ کۆتاییدا...لەوێ کە ئاسمان زۆر دڵگیرە، سەیرو مەزنە. ....وەك بڵێی لەناخیەوە لەو کاتەی بە تێڕوانینی دووریەوە، دەنگێگی بەرز دەڵێ: ((من لە ئاسمان بەهێزترم و لە زەمین مەزنتر. لە هەموو ئەستێرەکانی دەوروبەرم، بەرزترم. من لەهەموو ئەوانە، بەرزترم. من گشتم لەناو گشت. ئەوەی بمەوێت دەیکەم. ئەوەی بە مێشکمدا بێ، دەیئافرێنم. من کاکڵەی ئەم جیهانە تاکانە و گشتییەم. نە نێرم و نە مێ، بەڵکو ڕۆحێکی دیارینەکراوم لە خەسلەتەکانی. هەموو شتێکم تێدایە و لەناو هەموو شتێکم. هەستەکان ئیدراکم ناکەن، چونکە من راستی هەموو راستییەکانم. من...براهمام.)–سەرچاوە: **قصة الديانات، صفحة٨٠)**

هەر بۆ ئینسافبوون، شێوەی ئەم نووسینە بۆ پێناسەکردنی"خودا"، زۆر چڕوپڕتر، جوانترو کامڵترە لە دەربڕینەکانی قورئان، تەورات و ئەنجیل. شایانی باسە کە زەرادەشتیش لەوەڵامی پرسیاری تیۆلۆگەگان: (مەبەستت ئەوەیە، خواوەندەکانی رۆژ، ئاور، چیا و ئەستێرەکانمان، خواوەندی درۆزنانەن؟) دەڵێ: (نەخێر...خواوەندی درۆزنانە نین...چونکە هەرگیز خواوەند نین.....راستییەکەی ئەمەیە..رۆژ و خۆر و چیاکان خواوەند نین...بەڵکو خاڵقی بەهێز خەڵقی کردوون...)–

تیولۆگێکی تر پرسیاری لێ کرد: ئەو خاڵقە کێیە؟

زەرادەشت گوتی: ئەوە ئەهورا مزدایە، خواوەندی حیکمەت و دادوەری بەرزی جیهان..

حەکیمێکی تر پرسیاری لێ کرد: دەڵێی ئەو هەموو شتەی لە جیهان ئەفراندووە؟!

زەردەشت گوتی: هەموو شتێکی چاك لە جیهان ئەفراندووە، چونکە خودا چاکەیە..)–هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٩٧–.

١٣/ ئایەتی ١٣هیچ ناگەیەنێ: (لەم زەمینەش گەلێ شتی ڕەنگاوڕەنگی بۆ ئێوە وەدی هێناوە، لەمەدا نیشانە هەیە بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.)

١٤/ ئایەتی چواردە: (هەر ئەویشە زەریای خستووەتە بەردەستوو کە گۆشتی تازەی لێ بخۆن، خشڵیشی لێی بێننەدەرێ و بەخۆتانیەوە هەڵواسن. ئەوا دەبینی کە گەمیەش سنگی دەریا دەقلێشن، تا چاکەی ئەوتان دەس کەوێ و بەشکوکرانە بژێرین.)

لەم ئایەتەشدا لە دەرگای هیچ بابەتێکی نوێ نەدراوە، وەك هەموو سورەتەکانی پێشوو، دووبارەی ئەوە دەکرێتەوە کە خوا هەموو شتێکی خەڵقکردووە. لەم ئایەتە ناوی بەشێك لەو شتانە دەهێنێ.

١٥/ ئایەتی١٥: (کێوەهەڵەمۆتەکانی لەم زەمینە کردەلەنگەر، هەتا ئێوە نەلەرزێنێ و چۆم و ڕێبازیشی شاندان، تا ئێوە ڕێو بدۆزنەوە.)

مرۆڤ خۆی رێگاوبانی هاتوچوو دیاریدەکات و هەندێ جاریش ڕێگاکانی لێ وون دەبێ، بەتایبەتی لە بیابانەکان!...

١٦/ ئایەتی ١٦: (نیشانەگەل دیگەش هەن و بە ئەستێرەش ڕێ دەردەکەن.)

هێماکردن بۆ ریێ دەکردن بە ئەستێرە، زۆر کۆنترە لە قورئان، تەنانەت ئاینە سرووشتییە کۆنەکان لەناو گەلانی میس، ئێران، بابلی و یۆنانییەکان، ئەستیرەشیان پەرەستووە.

١٧/ ئایەتی ١٧دووبارەی چەندین ئایەتی پێشتر.

١٨/ ئایەتی١٨دووبارەکردنەوەیە!

١٩/ ئایەتی ١٩ دووبارەکرنەوەیە: (هەر شتێکی وەیشێرن و هەرچی ئاشکراشی بکەن، خوا دەیزانێ.)

٢٠/ دووبارەکردنەوەیە!

٢١/ ئایەتی ٢١،٢٢دووبارەکردنەوەن. بۆ دڵنیابوون: (خودای ئێوە هەر یەکێکە. ئەو کەسانەی بڕوایان بەدواڕۆژنیە، دڵەکانیان دژباوەڕن و خۆشیان هەر بە زل دەزانن.)

٢٣/ئایەتی٢٣دووبارەکردنەوەی ئایەتی١٩ودەیان ئایەتی پێشتر: (خودا دەزانێ چی لە خودا دەشارنەوەو چی دەردەخەن. خودا لە خۆبەزلزانان خۆشی نایە.)

٢٤/ ئایەتی ٢٤دووبارەکردنەوەیە، بەلاَم سەرەنجڕاکێشە: (هەرگایەکی لیاَن پرسی: پەروەرێنتان کام مەبەستی ناردۆتەخوار؟ئێژن: چیرۆکی پێشینان.)

ئەوە راستییەکی بەڵگە نەویستە کە زۆر لە دەقەکانی قورئان لە ئاین و ئەفسانەکانی تر هاتووەو پیاوانی ئاینی جوو، مەسیحی یا ئاینەکانی ترو شارەزایانی ئەو سەردەمە لە دەق و ئەفسانەکانی سۆمەر و بابل لە کاتی محەمەد بەو چیرۆك و گێڕانەوانەیان زانیوە.

٢٥/ ئایەتی٢٥ هەڕەشەی رۆژی قیامەتە!

٢٧/ ئایەتی ٢٧باسی رۆژی قیامەتە و چۆن ئابرووی بێ باوەڕان دەچێ!

٢٨/ ئایەتی٢٨:دووبارەکرنەوەیە و پێشتر باسمکردووە: (سا لە دەرگای دۆژەهەوە بچنە ئەودیو، تاهەتاهەتایە هەر لەویٚ بن. ئای کە جێی بادی هەوایان ناهەموارە.)

٢٩/ ئایەتی٣٠و٣١و و٣٣و٣٢و٣٤و٣٥باسی دۆزەخ وبەهەشت و جۆبارەکانیەتی!!

٣٠/ ئایەتی٣٦و ٦٣هەمان شتن و دووبارەکرنەوەیەکی ساویلکانەیە: (بۆ ناو هەر کۆمەڵەیەك پێغەمبەرێکمان بەڕیٚ کرد، کە خودا بپەرستن و لە شەیتان دوورەپەرێزبن....)

٣١/ ئایەتی ٤٠: (مە هەرچی یەك بمانەویٚ پەیدا ببیٚ، ەر هێندەیە کە پێی بێژین: ببە، دەبیٚ) دووبارەکرنەوەیەکی بیٚ مانا!

٣٢/ ئایەتی ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٣، ٥٤، ٦٤، ٦٥(ئاوی لەو حەوایەوە داباراند...)دووبارەن و لە سورەتەکانی تر هاتوون!!

٣٣/ ئایەتی ٦٦، ٦٧گەڕانەوەیە بۆ باسی ولاٚخەکان و شیرەکانیانە!

٣٤/ ئایەتی٧٢دووبارەکرنەوەی درووستکردنی هەر جنسێك لە جووتە!لێرە بە بیٚ بڕواکان دەگوتریٚ: هیچ و پوچ!

٣٥/ ئایەتەکانی ٧٣، ٧٤، ٧٥دووبارەکرنەوەن!

٣٦/ ئایەتی٧٧بەدەیان جار نووسراوە، هیچ گەمژەیەك ئەوەندە ئەم رستەیە لە تۆی کتێبێکدا دووبارە ناکاتەوە: (هەر پێواریٚ لە ئەرزو ئاسماندایە- بۆ خودایە. هاتنی رۆژی سەلاٚیەش وەك چاوتروکاندان وایە، یا نزیکتر. خودا هێزی بە سەر هەموو شتێك دەشکیٚ.

٣٧/ ئایەتی٨٠دووبارەکردنەوەی سوودی پێستی ئاژەڵەکانەو گوایە( خودا خانووی بۆ چیٚ کردوون کە تێدا بسێنەوە.)!!

٣٨/ ئایەتی ٩٠: (خوا بەعەداڵەت و چاکە و بەخشین بە خزم و کەس و کار، فەرمان دەدا و ڕیٚ نادا بە ئاکاری پیس و خراپە و دەستدرێژی. ئامۆژگاریتان لێدەکا بەشکوو پەندی لیٚ وەرگرن.)

لە هەموو ئاین و ئەفسانەکاندا هەمان ئەم جۆرە بانگەوازانە بە بەرفراوانتریش لە عەداڵەت وچاکە و بەخشین بە خزم و کار، لە پێش قورئانیش، کراوە.

ئاخر ئەم ئایەتە چییە لە ئاستی بۆچوونە رەوشتییەکانی بوزا، زەردەشت و کۆنفوشیوس، سوبییەکان و ئاینەکانی میسر؟

چەند نموونەیەك:

بوزا:...

- بڕوا بە حەق... بڕواهێنان بەوەی کە حەقیقەت رێپیشاندەری مرۆڤە.
- بڕیاری حەق..مرۆڤ دەبیٚ هەمیشە هێمن بیٚ و هیچ ئازارێك بە هیچ مەخلوقێك نەگەیەنیٚ.
- پەیڤینی حەق..دوورکەوتن لە درۆ، بوختان و دەربڕینی زبر.

- رفتاری حەق.. دزی نەکەن و نەگۆڕن و کارێك بکەن لەدواییدا لەسەری پەژیوان بن یا شەرمتان لێ بێ..
- کاری حەق...دوورکەوتن لە کاری خراپە، وەك تەزییفکردن، بەکارهێنانی شمەکی دزراو، وزەوتکردنی ئەوەی هی تۆ نییە.
- ڕەنجی حەق.. هەمیشە هەوڵبدرێ بۆ چاکە و دوورکەوتن لەوەی شەڕە.
- تێڕامانی حەق..هەمیشە هێمن بە و خۆت بۆ خۆشی و خەم نەدیتەدەستەوە.
- تتێرکردنی حەق..ئەمەش نابێ، تەناها بە پەیڕوکردنی ڕێساکانی سەرەوە و گەیشتن بە قۆناغی ئاشتی کامڵێ....)

کۆنفوشیوس:

...خۆشەویستی ئاشتی بەدیدەهێنێ..... و هەزاران بۆچوونی ئەخلاقی زۆر باڵا.

زەردەشت:

لە ئاڤێستا هاتووە: (دزی، ڕاورووتکردن، وێرانکردن و تێکدان ناکەم و تۆڵەش ناسێنمەوە...دان دەنێم بەوەی ئاهورا مەزدای تاقە خواوەند دەپەرەستم و بڕوام بە ئاینی زرادەشت هەیە...و دانی پێدا دەنێم کە من گوێڕایەڵی بیرکردنەوە بم لە چاکە و گوتاری باش و کاری چاکە.)

٣٩/ ئایەتی ٩٣دووڕووی"خودا"و هیچ وپوچی و ناکۆکی قورئان پێشان دەدا: (ئەگەر خودا کەیفی لێ با، گش دەیکردن بە هاوئاین، بەڵام کەسێ خۆی حەزبکا، گومڕای دەکا و لەکێش حەزکا، دەیخاتە سەر ڕاستەڕێیە....) ئاخر ئەم ئایەتە ناکۆك نییە لە گەڵ ئایەتی ٩؟ لەم ئایەتە نووسراوە: (خودا هەر هێندەی لەسەرە ڕێگەی ڕاست دەست نیشان بکا. ڕێگەی خێچ و خواریش هەیە، ئەگەر بۆخۆی بیویستبا، هەمووتانی دەخستە سەر ڕاستەڕێیە.)

٤٠/ ئایەتی٩٧دووبارەکرنەوەیە!

٤١/ ئایەتی١٢٥: (بەکارزانی و ئامۆژگاری پەسەند، مەردم بەرەو ڕێگەی پەروەرندەت گازی بکە و بەچاکترین شێوە لەگەڵیاندا بدوێ....)

ئەگەر بەراوردی ئەم ئایەتە درووستە لە گەڵ ئایەتەکانی ئەنفال و مانگا و ئەوانی تر بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو بڕوایەش کە قورئان بەڕاستی کیسەی ئاجبایەتییە!

٢٠٠٣/١/٣١

# سورەتی ئیسرا چی دەڵێ؟و هاوڕێ لینین و ئاین!

ڕەنگە هەندێ دۆست نەزانن، چەند ئازار دەکێشم بەدەست خوێندنی قورئان، بۆیە دەڵێم، چەند لەم کتێبە ورد دەبمەوە، ئەوەندە لە مرۆڤبوونم کەمدەکاتەوە، شەرم دەکەم لەوەی ئەم ئاینە(ئاینەکان بەگشتی)، بەشێوەیەکی وا ترسناك لەناو شادەمارەکانی کۆمەڵگاکەم کارتێکردنی خۆی

دەكا. كاتێ دەست بەخوێندنی قورئان دەكەم و ئەم كاتە زێڕینانەی بۆ تەرخان دەكەم، هەست بەنامۆبوونێكی زیاتر دەكەم، بە بێ هودەیی و نەگبەتی، و شەرمەزاری دامدەگرێ، بەلاَم دەشزانم هیچ مەفەڕێكی ترم نییە بۆ قوتاربوون و دەبێ ئەم مەینەتی و ئازاردانە تا رۆژی خەتمكردنی، بچێژم.

ئاخر من چ بكەم بە ئایەتگەلێك، لە سورەتی مانگادا دەنووسرێت و پەیتا پەیتا لە سورەتەكانی تر دووبارە دەكرێنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ لەناوەڕۆكی سورەتەكە بگۆڕێ یا گەشەیان پێبدا؟ من چ بكەم بە خیتابی ئاینی كە رەنگدانەوەی كۆمەڵگای مەكە و یسرب(مەدینە)ی پێش١٤٠٠ساڵە؟من چ بكەم بە شێوەكانی تەحقیركردنی ژنان؟ بە ئەقڵی خێڵەكی، تۆڵە، ترساندن و گفتی بە ژیانی پاش مردن لەناو بەهەشت؟و دەیان پرسیاری تر.

١/ لە ئایەتی ١٦ی ئەم سورەتەدا،"خودا" <u>ویستی قڕكردنی هەیە</u> و بەخۆی <u>فەرمان دەدا</u> بۆ <u>بەدفەڕی و خراپەكاری</u> و لە پاشاندا هەر بەخۆی هەموو شارەكە ئەنفال دەكا: (*هەر كەویستمان شارێك قڕكەین، دەوڵەمەنە خۆشگوزەرانەكانی وان، دنە دەدەین بۆ بەدفەڕی و خراپكاری و لە ئاكاما ئازاریان بۆ واجۆدەبێ، ئەوساكە تێكی دەهارین. زۆر بەرەشمان لەپاش نوح لەناوبردوە. بۆ تۆ ئەوەندە بەسە كە پەروەرندەت لە گوناحانی عەبدانی ئاگادارە و دەیانبینێ.*) بە عەرەبییەكەی: ( واڎا أردنا أن نهلك قريه أمرنا مترفيها ففسقوا فيها، فحق عليها القول، فدمرنها تدميرا.). نووسەرەكەمان لەبیریكردووە كە لە ئایەتی٩ی‌سورەتی نەحل بەم شێوەیە باسی خودا دەكا: (<u>خودا هەر هێندەی</u> لەسەرە <u>ڕێگەی ڕاست</u> دەست نیشان بكا. ڕێگەی خێچ و خواریش هەیە. ئەگەر بۆ خۆی بیوستبا، هەمووتانی دەخستە سەر ڕاستەڕێ یە.). قورئان بەخۆی هۆی سەرخستن و سەرنەخستنی مرۆڤ بۆ بڕواهێنانی بەرنامەڕیزی كردووە، ئەوەتە لە ئایەتی٢١هاتووە: (دەبڕوانە چۆن بازێكمان لەچاوبازێك سەرخستوە، دیارە كە لەدوارۆژیشدا پلەوپایەو سەرخستن لەمە زۆرترە.)!!

٢/ ئایەتی ٣٦، ئایەتی ٣ی سوورەتی مانگا پوچەڵ دەكاتەوە:

ئایەتی ٣٦ی ئیسرا: (مەكەوە شوێن شتێكی وا كە نازانی چیە و چۆنە، چونكە گوێچكە و چاوو دڵیش، گشتیان پرسیاریان لەسەرە.)

ئایەتی٣ی مانگا: (...ئەم كتێبە بۆ ئەو كەسانەی بڕوایان <u>بە نەدیارە...)</u>

٣/ ئایەتی ٢٢و٢٣و٣٩بەڵگەیەكە لەسەر ئەوەی كە قورئان لە خاوەن ئەقڵی بالاَوە"دانەبەزیوە": (دەگەڵ خودا هیچ شتێ تر مەپەرستە...پەروەرێنت فەرمانی دا كە غەیرەز وی مەپەرستن...وێرای خودا پەرستووی تر مەپەرستە...). ئەم سێ ئایەتە مەگەر شێتێك نووسیبێتی، نەك هێزی رەها و دروستكەری گەردوون، چونكە ١/بەدەیان جار دووبارەبوونەتەوە.٢/ ئایەتی٢٢و٢٣لەتەنیشت یەكیشەوە نووسراون!

٤/ قورئان سوكایەتی بە هەموو مرۆڤ دەكا و جوێنی ناشیرینی پێدەدا. ئایەتی٤٧: (...مرۆ زۆر ئەمەك نەناسە.)، ئایەتی ١٠٠: (...مرۆ چكوس و قڕنیسە.)!

**٥/ ئایەتی٦٠، ٦٢،٦١، ٦٣، ٦٤و٦٥سێبارەکردنەوەی گفتوگۆکردنەکەی خودایە دەگەڵ ئەبلیس و سوژدەنەبردنەکەی ئەمەی دووایی بۆ ئادەم(بڕوانە نووسینەکانی تر)!!. سەیر ئەوەیە، لێرەشدا ئەو دیالۆکە بەشێوەیەکی تر دارێژراوە!!منیش بۆم هەیە پرسیار بکەم، کامەیان، دیلۆکە راستەقینەکەیە؟ پاشان چۆن"مەلایکەتی خوا"یەك بابەت بە سێ شێوەی جیاجیا بۆ محەمەد دەگێڕێتەوە؟ بۆ بەراوردکرن، بڕوانە ئایەتەکانی٢٨-٣٢ی سورەتی حیجرو ئایەتەکانی ١١-١٨ سورەتی ئەعراف!**

**٦/ ئایەتی٨بەڕاشکاوییەوە تایبەتمەندییەکی مرۆڤ دووپات دەکاتەوە: (بەشکوو پەروەرندەی خۆتان بتانخاتە بەر بەزەیی. *ئەگەریش تێ هەڵچنەوە، ئێمەش تێ هەڵدەچینەوەو*، دووژەهیشمان کردە زیندان بۆ گرۆی خودانەناسان.) هەر چۆن لە چەندین ئایەتدا، ئەندامەکانی بوونی خودا رێك ئەندامی جەستەی مرۆڤە، ئاوا لەم ئایەتەش رفتارەکانیش هەر رەفتاری مرۆڤە(تەماشای نووسینەکانی پێشووتریش بکە). لە دەقێکی تەوراتدا زۆر بە کورت و پوخت رەفتاری خودا پێشچاو دەکەوێ: (...ساکنی ئاسمان پێدەکەنێ. خودا گاڵتەیان پێدەکا و لەو کاتە بە توڕەییەوە قسەیان پێدەڵێ... پەرەگرافی دووهەمی ئەم ئایەتەش پیشانمان دەدا کە"خودای دلۆڤان و هیهرەبان" نەك هەر دۆزەخی هەیە، بەڵکو(هەیئە خاصە و ئەبوغرێب)یشی هەیە!**

**٧/ بەپێی بۆچوونی بڕواداران، هەموو کتێبەکانی"خودا"پیرۆزن، بەڵام لە ئایەتی٩دا رووبەڕووی ناکۆکی ناو خودی قورئان دەبینەوە، بەبێ ئەوەی پێویستیمان بە تێڕامان و لێکدانەوەیەکی تایبەت هەبێ. لەم ئایەتە هاتووە: (بێ گومان ئەم قورئانە رێگایەکی پیشان دەدا لەگش ڕیان سەرڕاسترە.)**

**ئایا پلەی سەرڕاستی تەورات و ئەنجیل و زەبور چەندە؟ خودا چ ئایەتێك، بۆچوونێك، فەرمانێك یا...هتد نادرووستی"دابەزاندووە"؟**

**٨/ ئایەتی ١٢دووباری کردنەوەی ئایەتی١٢ی سورەتی نەحل و چەندین ئایەتی تر!**

**٩/ بەدرێژایی لاپەڕەکانی قورئان، ئایەتگەلێك"دادەبەزێت"کە وەك ناوەڕۆك تەنها دووبارەکردنەوەی ئایەتی٩ و١٠یە: (بێ گومان ئەم قورئانە رێگایەکی پیشان دەدا لە گش ڕیان سەرڕاسترە. بەو بڕوادارانەش کەوا ئاکار چاکن، موژدەدەدا: پاداشتێکی گەورەیان هەس. ئەو کەسانەش کە بڕوا بە دوارۆژناکەن، ئازارێکی زۆر بەژانمان بۆ سازکردوون.)**

**١٠/ ئایەتی٤٦ی ئەم سورەتە پێمان دەڵێ: (سەرپۆشگەلێکی وامان نایە بان دڵیان کە تێی نەگەن، گوهەکانیشیان کپ دەبن....). بەڵام دەمێکە ئەم فێڵە"شەیتانییەی خودا"بۆ پیشاندانی رێگای خێچ و خوار بە مرۆڤ لە ئایەتی٧ی سورەتی مانگا هێمای بۆ کراوە:(لە خوداوە دڵ و گوێ یان مۆر کراوەو پەردەیەکیش بە بەر چاویاندا کشاوەو بەشیان ئازاری بەژانە.)**

**١١/ لەم سورەتە چەندین بانگەوازی"ئەخلاقی" هاتووەتە پێش وەك:**

- **ئایەتی٣٢: (تخوونی زیناح مەکەون، داوێن پیسی ئاکاری زۆر نالەبارەو رێبازێکی ناهەموارە.)**

- ئایەتی٣١: (زارۆی خۆتان لە ترسی لەبرسان مردن لەناو مەبەن. ئێمەین ڕۆژی ئەوانیش و ئێوەش دەدەین. کوشتنی وان، هەڵەکاریەکی مەزنە.)
- ئایەتی ٣٣: (بنیادەمێ کە کوشتنی بەناڕەوا زاندراوە، مەکوژن مەگین لەسەر هەق. هەر کەسێکی بەناهەقی بێتەکوشتن، دەسەڵاتمان داوەتەدەس خوێنگرەکەی، ناشێ لەتۆڵەساندنا هەڵەڕۆبێ و لەوبارەوە ئاریکاری بۆکراوە.)
- ئایەتی٣٧: (بەفیزەوە هەنگاو بەسەر هەردا مەنێ، تۆ ناتانی ئەم زەمینە بقەڵێشی و لەدرێژیشدا هەرگیز ناگەیە بەندەنان.)

بێ گومان بانگەوازی تخوون نەکەوتن لە زیناح کارێکی باشە، بەڵام ئایا بەم بانگەوازە، تاوانی زینا لەناو کۆمەڵگا-بە کۆمەڵگای ئەوسای سەردەمی محەمەد لە مەدینە و مەکەیشەوە- کۆتایی پێ دێ؟ ئایا مەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ کۆتاییپێهێنان بەزینا جێبەجێ بوو؟ ئایا دەقەکانی قورئان ئەو هێزو توانایەی هەیە بۆ کۆتاییی پێهێنان بە زیناح؟ هەرگیز نەخێر. ئەوە بنەمای ماددی، هێز، دەسەڵات، پەروەردەی بیروبۆچوونێکی ترە، دەتوانێ کۆتایی بە زیناکاری بهێنێ، نەك قورئان. محەمەد زەواجی(متعە)ی حەڵاڵکردووە-سەرچاوە: مجتمع یپرب، خلیل عبدالکریم،صفحە٣٧- ئەمەش جۆرێکە لە زینا. جیاوازییەکەی نێوان زینای موتعە و زنای ناو کەلەچیخانەکان ئەوەیە، یەکەمەکەیان بەناوی خودا و قورئان و لەبەردەم ئاخون بازرگانی بە ژن دەکرێ، دووهەمەکەشیان پێویستی بەوە نییە، گەوادێکی"شارستانی"سەرپەرشتی بازرگانی بە ژن دەکا. ئەم جۆرە ئەزدواجە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب قەدەغەکرا.(هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی٣٨) زەواجی موتعە شێوەیەکە لە شێوەکانی زیناکاری. خۆ ئەگەر بمانەوێ شێوەکانی تری زیناکاری دەستنیشان بکەین، ئەوا فرەژنیش زیناکارییە، کەنیزەکانی ناو ماڵی ئەسحابە و بڕوادارەکانیش هەروا....

کوشتنی بنیادەم بەناڕوایی لە هەموو کتێب و یاسا کۆن و تازەکان هاتووە، پەرەگرافی دووهەمی ئایەتەکە مەبەست لە(مەگین لە سەر هەق)دیاری ناکات. هەر ئەم هەقەیە بەهەزار شێوە لێکدەدرێتەوە! قورئان چونکە زادەی بیری خێڵ و عەشرەتە، لە حاڵەتێ کەسێك بەناهەقی بەدەست یەکێکەوە بێتە کوشتن، دەسەڵاتی داوەتە دەستی خوێنگرەکەی، نەك دەسەڵاتی محەمەد و ئیسلام. دەقە یاساییەکانی ئەمرۆ زۆر زیرەکانەتر و بەلۆژیکترەوە چارەسەری ئەم کێشەیە دەکا. بۆیە تێگەیشتنی ئەمرۆ لە ناکۆکییدایە لەگەڵ ئەو دەقە"پیرۆزە"!...

١٢/ئەوەی بییەوێ باسی"بلیمەتی"قورئان بکا، دەبێ"شانازی"بەچەندین جار دووبارەکردنەوەی ئەم ئایەتانەش بکات و لە هەمان کاتیشدا ڕوونکردنەویەکی هەبێ بۆی تا نەخۆی و نەخەڵکیش هەڵخەڵەتێنرێت. ئاخر بۆچی ئەم ئایەتانە بە دەیان جار"هاتووەتە خوارەوە"؟

ئەمەش نموونەکانن:

- ئایەتی٢، ٣، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١٢، ١٥، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٣٩، ٤١، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٥٣، ٥٥، ٥٤، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٦٦، ٩٧، ٩٩، ١٠١، ١٠٣، ١٠٥، ١١١.

ئەمەش ئایەتەکانە

أ- ئایەتی دوو:(کتێبێشمان داوە موساو کردمانە ڕێنوێنییک بۆ بەرەو هۆزی ئیسرائیل، کە: غەیرەز من با بریکارێکتان نەبیٚ.)

ب- ئایەتی٣: ئەی تۆرمەی ئەوانەی کە دەگەڵ نووحا هەڵمان گرتن!بەڕاستی ئەو عەبدیٚ شوکرانە بژێر بوو.)

ت- ئایەتی٦: (لەپاشان کاریٚ وامان کرد، ئێوە لەوان بەهێزتر بن، هەژماریشتان فرەتربیٚ و بەدارایی و زاروزیچیش یارمەتیمان پیٚ گەیاندن.

پ- ئایەتی٧: (ئەگەر ئێوە چاکە بکەن، چاکەی دەگەڵ خۆتان دەکەن، ئەگەریش خراپەتان کرد، لەخۆتانە.)

ج- ئایەتی٩: (بیٚ گومانە ئەم قورئانە ڕێگایەکی پیشان دەدا لەگش ریان سەرڕاسترە. بەو بڕوادارانەش کەوا ئاکار چاکن، موژدەدەدا، پاداشتێکی گەورەیان هەس.)

ح- ئایەتی١٠: (ئەو کەسانەش کە باوەڕ بەدوارۆژ ناکەن، ئازارێکی زۆر بەژانمان بۆ سازکردوون.) ...هتد

## هەڵویستی هاوڕیٚ لینین لە بارەی ئاین

... ئاین یەکێکە لە جۆرەکانی ستەمکاری ڕۆحی و لە هەموو شوێن و قوژبنێکدا کە هەمیشە کار بۆ غەیرە دەکریٚ، بە هۆی دەستکورتی و تەنهاییەوە، دەبێتە بار بەسەر جەماوەری چەوساوەکان. بیٚ دەسەلاٚتی چینی چەوساوە لە خەباتیاندا لە دژی چەوسێنەران، بەهەمان شێوەو بە ناچاری دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی باوەڕ بە ژیانێکی باشتر لە پاش مردن، وەك چۆن بیٚ دەسەلاٚتی مرۆڤە سەرەتاییەکان لە بەرامبەر سرووشت، بڕواهێنان بە خواوەندەکان، شەیتان و ڕووداوی عاجباتی...هتد بەرهەمهێنا. ئەوانەی هەموو ژیانیان کاردەکەن و بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن، ئاین فێریان دەکا کە تا ئەو ڕۆژەی لەسەر زەمیندان، ملکەچ بن و سەبووریان هەبیٚ و دڵنەواییان دەکا بە هیوای جوونە ناو بەهەشتی ئاسمان. لیٚ ئەوانەی بە ڕێگای کارکردنی کەسانی تر دەژێن، ئاین فێریان دەکا، کە تا ئەو ڕۆژەی لە سەر زەمیندا دەژین، کاری چاکە بکەن، بەم بیانووە، هەموو بوونی چەوسێنەرانەیان ئاوا پیشانیان دەداو بە نرخێکی زۆر هەرزان، بلیتی چوونە ژوورەوەی بەهەشتیان پێدەفرۆشرێت. ئاین ترياقی گەلە. ئاین جۆرە ئاڕەقێکی خراپە کە تێدا کویلەکانی سەرمایە تەسەوری مرۆیی و خواستەکانیان لە نیوەچڵی ڕێگای بەرەو ژیانی شایستە بە مرۆڤ، سەرخۆش دەکا.

بەڵام کویلەیەك لە کویلەیاتی خۆی هوشیار بووەوەو بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی خۆی، راپەڕی، لە نیوەی کویلایەتییەکەی رزگار دەبێ. کرێکاری هوشیاری هاوچەرخ کە لەناو فابریکی پیشەسازی گەورە پەروەردە بێ و لەناو ژیانی شاردا چاوی بکرێتەوە، بە بێزاندنەوە، بڕوا بە ئاین، فڕێدەدا و بەهەشت بۆ قەشە و ئەو بۆرژواییانە کە بەساختە ئایندارییان پیشاندەدەن، بەجێدەهێڵێ و بۆ ژیانێکی باشتر، لێرە، لە سەررووی زەمین خەبات دەکا. پرۆلیتاریای هاوچەرخ لایەنگیری سۆسیالیزم دەکا کە زانست لە خزمەت خەبات دژی تەمی ئاین دادەنێ و کرێکاران لە بڕواکردن بە ژیانی پاش مردن، رزگارو لە پێناوی ژیانێکی باشتر لە سەررووی زەمین یەکگرتوویان دەکا.

راگەیاندنی ئاین وەك مەسەلەیەکی تایبەت–بەگشتی، بەم ووشانەوە هەڵوێستی سۆسیالیستەکان لەبارەی ئاین دەردەبڕێت–. بەلآم دەبێ مانای ئەم ووشانە بە وردی پێناسە بکرێ تا هیچ جۆرە بەهەڵەتێگەیشتنێك پێشمان نەگرێ. ئێمە داوا دەکەین، ئاین لە بەرامبەر دەولەت، شتێکی تایبەت. بەلآم تا ئەو شوێنە پەیوەندی بە حزبی ئێمەوە هەیە، ناتوانین ئاین بە مەسەلەیەکی تایبەت دابنێین. دەولەت نابێ کاری بە ئاینەوە هەبێ و کۆمەڵە ئاینییەکانیش بۆیان نییە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندییان بە دەسەلآتەوە هەبێ. دەبێ هەموو کەسێك ئەوپەڕی ئازادی هەبێ لە بڕواهێنان بەو ئاینەی دەیەوێ یا بڕوانەهێنان بە هیچ ئاینێك– واتە ئەتائیست بوون– کە هەر سۆسیالیستێك، وەك دەستوور وایە. هەموو جیاوازییەکی یاسایی لە نێوان هاولآتیان بە گوێرەی بڕوای ئاینیان ئەوپەڕی نامەشرووعییەتە. تەنانەت دەبێ ناوهێنانی ئاینی هاووەلآتیان لە دیکومێنتەکانی دەولەت بە بێ قەیدوشەرەت، لابرێن. نابێ هیچ جۆرە یارمەتییەك یا مافێکی تایبەت بە کلێسای رەسمی یا کۆمەڵە ئاینییەکان بدرێ. ئەمانە دەبێ بەوپەڕی ئازادییەوە، کۆبوونەوەی هاوبیری سەربەخۆی خۆیان دوور لە دەسەلآتی دەولەت، بکەن....(سەرچاوە: لینین، بەرگی۱۰، بە ئەلمانی، وتاری سۆسیالیزم و ئاین، لاپەڕەی ۷۰–۷۵، لە۱۹۰۵/۱۲/۳بلآوکراوەتەوە. لە ماوەی داهاتوو، هەموو ووتارەکە بۆ کوردی وەردەگێڕم)

بەداخەوە ئەم دەقە، بۆخاتری "برا موسڵمانەکان"نە بۆ عەرەبی و نەیش بۆ کوردی وەرگێڕدراوە!!

سەلام عەبدوڵلآ dwaroj@yahoo.de

۲۰۰۳/۲/۱۰

## تێبینی: ئەم بابەتانە لەم سایتانەی خوارەوە بلآوکراونەتەوە:

www.dengekan.com
www.hemid.com
www.mahabad.com
www.kurdistansite.com

# Der Koran: ein blutruenstiges Plagiat

## Eine kommunistische Position zu den Religionen

**Salam abdula Ibrahim**
**18.2.2003**
**Germany**